# خۆرهەڵاتو خۆرئاوا

## "بیر ،عەقلانیەت، شوناس"

## "وتارو لێكۆڵینەوە"

وەرگێڕانی

## ئاسۆ جەلال

**چاپی یەكەم**
**هەولێر ٢٠٠٤**



لەبلاَوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٣٤)

سەرپەرشتیكردنی پرۆژەی(١٥) كتێب
ئیسماعیل كوردە_ ڕێبین ڕەسوڵ _ جەمال پیرە

ناوی كتێب : خۆرهەڵاتو خۆرئاوا
وەرگێر ::ئاسۆ جەلال
بابەت : وتارو لێكۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد ڕەسوڵ
دیزاینو بەرگ: ئیسماعیل كوردە
تیراژ: ١٠٠٠
نرخی (٢٠٠٠) دینارە
چاپی یەكەم: هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

## نێوەرۆك

⋆پێشەکی........................................................۳

⋆سەرەتایەك بۆ: قوتابخانەی فرانکفۆرت و"تیۆری رەخنەیی"................ پیتەر هۆڤمایستەر...................... ٥

⋆مۆدێرنێتە: هۆشیاری بۆ زەمانو پێویستی بۆدۆزینەوەی گرانتیکە نێوخۆییەکان............ یورگن هابرماس..................۱۹

⋆دیالیکتیکی عەقلانییەت لای لاکان....... ...............
.........................................د. عەدنان حب الله.............٤۳

⋆ رۆشنبیریی و ناسنامە............یتین بلیبەر....................٧٤

⋆کاتێك زەوی بەد بەختو بێچارە دەبێت ئاسمان گەشەدەکات
...................................محەمەد باییز..............۱۰۹



## پێشەکی:

ئەگەر کارکردن بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی رەخنەگرانە ئامانجو ویستی زۆرینەی بیرمەندان بێو تاکە رێچکەی نوێکردنەوەی گوتاری زاڵیش بێ، بێگومان خۆی لەخۆیدا جێهێشتنی ئەرکێکی گرانیشە بۆ ئێمەی چاودێر تاوەکو بتوانین بچینە نێویەوە، ئەوەی گرنگە لێرەدا دەبێ هەموو لایەکمان بیزانێ کە لە وەها بارودۆخێکی هزریی ئاڵۆزدا گەڕانەوە بۆ ئاکتیڤکردنەوەی عەقل بەمەرجێ لەسەر حسابی فەرامۆشکردنی فەزاکەی تری مرۆڤ نەبێ کە خەیاڵە،کارێکی ئاسان نییە، وەختێ زۆرینەی کێشەکانی مرۆڤ لە نێو بۆتەی ئایدیۆلۆژیادا کورتدەبنەوە،وەختێ هەموومان پێویستیمان بە فەزایەکی گۆڕانئامێز دەبێ،حەتمەن بۆ رزگاربوون لەم قەیرانە دەبێ بەردەوام بە دوای نوێترین تێڕوانینەکاندا بگەڕێین، سروشتی هەموو ئایدیۆلۆژیایەکیش وایە کە بەر لە هەر شتێ تەوژمێکی مۆنۆپۆلکەر بێ، لە راستیدا ئەوەی کە کەوتۆتە سەر شانی ئێمە خوێندنەوەیەکی سەردەمییانەیە نەك تەنها بۆ دەقە ئایینیەکان بەڵکو بۆ ئەو دەقە فیکرییانەیش کە لە سەردەمێکدا تەنها شێوازی بەرەنگاربوونەوەی رەخنەییانە بوون، مادام لێرەدا بەردەوام ئیرادەی دوور لە مرۆڤبوون هەیە دەبێ بەردەوامیش هەوڵی جیددی رەخنەییانە هەبێ، ئەوەی راستی بێ دەکرێ جگە لە رەخنە لە ژێر کاریگەری هیچ رۆحیەتێك نەبینو سەرجەم هەوڵەکانی ئێمەیش لە پێناو ئەوەن کە کۆمەڵ لەو زیندانە ئازاد بکەین کە وەك بۆ ماوەیەك ماوەتەوە.

جەمال پیرە

# سەرەتایەك بۆ:
# قوتابخانەی فرانكفۆرت و"تیۆری رەخنەیی"

پیتەر هۆڤمایستەر

"پەیمانگای لێتوێژینەوە كۆمەڵایەتییەكان" لەفرانكفۆرت دامەزارو، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٤دا،دوابەدوای گفتوگۆیەكی زۆر كە پانزە ساڵ درێژەی كێشا ئاهەنگی كردنەوەی سازدرا.پلانەكە بەو شێوەیە بوو كە ئەم پەیمانگایە تەنها ژینگەیەكی زانستی نەبێ بۆ ئەو بڵاوكراوەیەی كە ناوی"دۆسێی مێژووی سۆسیالیزمو، بزوتنەوەیكرێكاری"بوو، ساڵی ١٩١٠یەكەمین ژمارەی لێدەرچوو، بەڵكو ببێـە بنكەیەك_ وەكودواتر بوو_ بۆ چەندین نەوە لەمێژوونووسانی فەلسەفەی ئەڵمانی خاوەن بۆچوونە كۆمەڵایەتیەكان.كارەكەش هەر بەم شێوەیە بوو، لەو پەیمانگایەدا فەیلەسوفە هەرە بەناوبانگو گەورە زانایانی لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی كاریان كردو پێگەیشتن، هەر لە ئەدۆرنۆ و، هۆركهایمەرەوە، تاوەكو ماركۆزەو بلوخ.ئەم پایمانگایە لەوەتەی دەوڵەتی قەیسەری ئەڵمانیەوە تا دەوڵەتی یەكگرتووی هاوچەرخ چەندین ماوەی بەرزبوونەوەو داڕوخانی بەخۆوەبینیوە، هەڵكشایەنێو ململانێی تیۆری و پراكتیكی تایبەت بە مێژووی ئابووری و رەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی. وێرای ئاستەنگە سیاسیەكانو، ململانێی





میزاجی تاكەكان، كە شان بەشانی مێژووی دوورو درێژی پەیمانگاكە بوونی هەبوو، بەڵام ئەوانەی لەو پەیمانگایەدا كاریان دەكرد ئامانجی یەكەمی خۆیان ون نەكرد كە دامەزرێنەرانی پەیمانگاكە دیاریان كردبوو: گەیشتن بە هاووڵاتییەكی هۆشیار و لیبراڵ لە میانەی تێڕوانینێكی دیالیكتیكی رەخنەیی بەعەقڵانی كراوەوە ، دامەزراندنی ئەم پەیمانگایە لە(وەقف)*ێكی بەخشراوەوە هاتو، كەسایەتیەكانی وەكو تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، ماكس هۆركهایمەر لەرووی زانستییەوە بوون بە بەرچاوترین كارمەندی مێژووی پەیمانگاكە، لە جیهانی فیكریو سیاسیانەی كۆماری ڤایمارداو دواتریش تاسەردەمی هاوچەرخ.ئەو زانایانەی زانستی كۆمەڵایەتی، بەهاوكاریش لەگەڵ كەسانی وەك ئیریك فرۆمو فریدریك پۆلۆكو ، لیۆ فنشتاینو، والتەر بنیامین، ئامانجیان لێتوێژینەوەی بزوتنەوەی كرێكاری بوو لە رەوەتە كۆمەڵایەتیە تایبەتەكەیدا.ساڵی ١٩٣٠ ماكس هۆركهایمەر بووە بەرێوەبەری پەیمانگاكەو،سەنتەری بازنەی ئەو لێكۆڵەرەوانە، كە( تیۆری ماركیسزم)یان بە باشترین رێنیشاندەر دەزانی بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخی ئەو سەردەمەی تێیدا بوون. پەیڕەوكەرانی "تیۆری رەخنەیی" سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژووی هزری ماتریالیزمی مێژووییان گرتە ئەستۆ. لەساڵی ١٩٣٧یشدا هوركهایمەر وتارە بەناوبانگەكەی بەنێوی "تێڕوانینی باوو، تیۆری رەخنەیی" بڵاوكردەوە، كەلەلایەكەوە بووە دەلیلێكی تیۆری بۆ قوتابخانەی فرانكفۆرتو بۆچوونە نوێیەكانیو لەلایەكی دیكەشەوە زاراوەیەك بوو بۆ شاردنەوەی بنەمای ماركسیانەی قوتابخانەكە" رەخنەیی لەبڕی ماركسی". بەڵام لە بنەڕەتدا تەنها ماركسی بوو.

گۆڤاری پەیمانگاش كەناونرا" گۆڤاری لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتییەكان" لە ساڵەكانی دوای دامەزراندنی پەیمانگاكەدا بوارێك بوو بۆ بڵاوكردنەوەی

گرنگترین توێژینەوەکانی کارمەندانی پەیمانگا. وێرای جیاوازی تیۆری نێوان ئەندامەکان، کە لەئاکامی جوداوازی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەلایەكو ، جوداوازی میزاجی تاکەکان لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام "قوتابخانەکە " توانی ناوی خۆی " قوتابخانەی فرانکفۆرت" و بۆچوونی تیۆری "تیۆری رەخنەیی" بپارێزێت.

ساڵی ١٩٣٣ کە نازیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، سەردەمی بێنەوایی و تاراوگە بۆ زۆربەی کارمەندانو خوێنەرانی پەیمانگای فرانکفۆرت دەستی پێکرد. سەرەتا هەندێکیان چوونە فەرەنساو، دواتریش رووەو وڵاتە یەکگرتووەکان وەرچەخان، کەلەوێدا دووبارە دەست بەکاربوونەوە بۆ پەرەپێدانی "تیۆری رەخنەیی" . لەساڵەکانی ١٩٤٩-١٩٥٠دا تەنیا سێکەس لەو کۆچکردوانە گەڕانەوە یەکێتی ئەڵمانیا: ئەدۆرنۆ، هورکهایمەرو، پۆلۆك و،تەنها ئەدۆرنۆ درێژەی بەکاری زانستیانەی قوتابخانەکەداو، چەندین ساڵ کۆڕی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەهیگل سازدەداو، چەندین کاری زانستی رەخنەگرانەی لەبواری جیاجیادا بڵاوکردەوە.لەکۆتایی پەنجاکاندا یۆرگن هابرماس گرنگترین ئەندامی نەوەی دووەمی قوتابخانەکەو، جان بیاجێ هاتنەریزی یارمەتی دەرانی ئەدۆرنۆوە. گومان لەوەدا نییە کە هابرماسو بیاجێ رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لەچەکەرە پێکردنی سروشتی تایبەتی قوتابخانەکەو، ناساندنیو، ناساندنی ئەو تێڕوانینە رەخنەییانە کە خۆی لە زانستی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە لە فرانکفۆرت.

چوار دەیەی یەکەم لە مێژووی قوتابخانەکە بەسەرکردایەتی هۆرکهایمەر، تێڕوانینێکی مارکسی فرۆیدی لە خۆگرتبوو، خاوەن بۆچوونێکی رەخنەیی رادیکاڵ بوو،بەڵام ناکرێ بگوترێ کە ئەم تێڕوانینە بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بەسەر هەموو کارمەندانی قوتابخانەکەدا





سەپێندرابوو:بەجۆرێك کە هەموو لێکۆڵینەوەکان لەوێوە سەرچاوەیان گرتبێ، رەنگە ئەم"فرەهەندییە" رێژەییەش لەنێو قوتابخانەکەدا بۆ جوداوازی نێوان دامەزرێنەرەکان هورکهایمەرو ئەدۆرنۆ بگەرێتەوە. هورکهایمەر لە نوێنەری رەوتێکی کۆمەڵایەتی زانستی پێشکەوتن خوازەوە بووە رەخنەگرێکی رادیکاڵ بۆ ئەو رژێمە لیبرالیانە کە بیرۆکراتیەت باری گرانتر کردبوونو، لە ژێر ئاڵای سەرمایەداریدا رووەو شکستێکی شارستانی زەبەلاح دەچوون . بەهۆی ئەم تێروانینە فەلسەفیە خاوەن ئاسۆ بەرفراوانەوە بۆ پەرەسەندنە فیکری و سیاسیەکان، پێویست بوو لەسەر هۆرکهایمەر کە خۆی بخاتە نێو رێچکەی فەلسەفەی عەقڵانی سەدەکانی رابردووەوەو، ئەو فەیلەسوفانە بەچاوێلکە بابەتیانە رەخنەییەکەی بخوێنێتەوە. بەڵام ئەدۆرنۆ لەو جێگایەوە دەستی پێکرد کە هۆرکهایمەر کۆتایی پێهێنا. ئەو لەفەلسەفەی مێژووییەوە دەستی پێکرد بۆ بەرچاو خستنی شکستی شارستانیی رۆژئاوا، کە ئاکامەکانی دیاردەی وەك" دژایەتی کردنی سامییەت" بوو، تاگەیشتە پرسیارە سروشتی و بونگەراییەکان،دەربارەی "دیاری نەکراو" و "بێناسنامە". ئەم تێروانینە پڕ وردەکاریە سروشت موژدەکارە(تبشیری) بەرچاوە لەکەسانی وەك" ئەرنست بلوخ، والتەر بیامین"ەوە نزیکی خستنەوەو، بووە هۆی ئەوەی چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگ بڵاوبکاتەوە، وەك"دیالیکتیکی سلب" و"تیۆرێك لە ستاتیکا"و، بابەتی کتێبە ستاتیکیەکەی- وەك کتێبەکانی دواتری ! چۆن دەکرێ یاخود ئایا دەکرێ "راستیەکی بابەتیانە" لەسایەی "بابەتی بوونی کوێرانە" یاخود "خۆهەڵەکردن" بدۆزرێتەوە، ئەمەش لەبواری کارە هونەرییەکاندا؟ لەواقیعیشدائەم پرسیارە نەخرابووە روو کاتێك ئەدۆرنۆ دەستی کرد بەقسەکردن لەسەری. کە تێروانینی والتەر بنیامین بەشێوەیەکی

"واقیعیانە" لەسایەی تیۆری مارکیسزمو تێڕوانیە هونەرییەکاندا پراکتیزەکرا، لەو کاتدا لەگەڵ بۆچوونە باوەکانی فەلسەفەی ماتریالیدا یەکیان دەگرتەوە. ئەو گومانەش کە خرابووەروو سەبارەت بەو پێگەیەبوو کە عەقڵی نوێ بۆخۆی ئیدیعای دەکرد.واپێ دەچێ کە کارەکە لای ئەدۆرنۆو لە نووسینەکانی لەتاراوگەی ئەمریکیدا بەو شێوەیە نەبێ. لەوێدا کتێبە ناسراوەکەی:"دیالیکتیکی راپەڕین یا رۆشنگەری" هاتە چاپکردن. لەونووسراوەیدا ئەدۆرنۆ بەهاوبەشی لەگەڵ هورکهایمەر هەوڵیان دا کە سیماو تایبەتمەندییەکانی بە عەقڵانیبوونی نوێ و هاوچەرخ دیاری بکەن.لەنێو بابەتەکانی ئەو کتێبەش بابەتی چارەنووسی نووسەرەکان بۆشاڵاوبردنە سەر ئەو بابەتە سەرەتاییە کە رۆژئاوای رۆشنگەرو ئەڵمانیای نارۆشنگەرا دەخاتە بەرامبەر یەکدی. ئەم"شیکردنەوە"یە بۆ پەیوەندییەکانی ناوەوەی شارستانی رۆژئاوا راستگۆییەکی بۆخۆی دۆزییەوە لەسەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بەسەر وڵاتانی میحوەردا، ئەو رووداوە سەرکەوتنی عەقڵانی بوونو رۆشنگەرایی و پێشگکەوتنخوازیی پیشاندا بەسەر هێزەکانی"خورافەو شەڕو ناماقوڵ" هێزەکانی رابردووی دوور! جۆرج لۆکاش پەرەسەندنی رۆشنبیریی ئەڵمانیای وەك پەرەسەندنێکی "بەردەوام" رووەو خراپتر نیشاندابوو، چونکە لەقۆناغی رۆمانسیەوە تا رۆز نبۆرگ، لە ئەڵمانیادا"ئەعەقڵ بەشێوەیەکی تەدریجی لە نێو دەبرا" هەندێ نوسەری فەرەنسایی وەك ئەرمۆند فرمیل ، هەوڵیاندا ئەم پەرەسەندنە پێچەوانەیەی ئەڵمانیا بۆ سەردەمی لۆتەر و چاکسازی ئایینی بگەرێننەوە. بەم شێوەیە بنیامین و هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ لەکاتێکی زوترداو بەشێوەیەکی زۆرباشتر لەهاوچەرخەکانیان توانیان دەرك بە دیالیکیتکی پەرەسەندی رۆشنبیریی رۆژئاوا بکەن، یەکێك لە خۆشبەختیەکانی ئەڵمانیەکان ئەوەبوو لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە چوونە نێو رۆشنگەرییەوە چونکە





چیتر کانتو هیگل دوژمنایەتی رۆشنگەراییان نەکردو بەئاراستەیەکی پێچەوانەوە کاریان نەدەکرد، بەڵکو بەدوایدا چوونو پەرەیان پێدا. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە زاراوەی "دیالیکتیك" بەواتا هیگلیەکەی تێنەگەیشن، بەڵکو هەردوو نووسەر مەبەستیان لەبەکارهێنانی سەرنج راکێشان بوو بۆ لایەنە کەمورزۆرییەکانی بەعەقڵانی کردنو رۆشنگەراییوپێشکەوتن لەسەردەمی نوێدا. هەردوو نووسەر بەروونی لەوەتێگەیشتن کە پێشتر ماکس فیبەر سەبارەت بەپرۆسەی (البقرطة) لە کۆمەڵگا بەعەقڵانی کراوە نوێیەکانی هەڵێنجابوو، چ جای رژێمە سیاسیە باوەکەی فاشی یاخود لیبراڵ و یاخود سوسیالیستی بووبێ.

بەعەقڵانی کردن و پێشکەوتن، بوون بە هیوای گەورەی بۆرژوای ئازادکراو، هەروەك ئەمرۆ هیوای چینی کرێکارە، ئەم پرۆسەی رۆشنگەراییە واتا ئازادکردنی مرۆڤ لەو کۆیلایەتی و یاخود منداڵێتیە کە خۆی بەسەر خۆیدا هێنای.ئەمەش بەو واتایەی کەمرۆڤ لەهەموو هەنگاوەکانیدا عەقڵ دەکاتە رێنیشاندەر ، لەم رێگایەشەوە توانرا زانستە سروشتیەکان پێشبخرێن و ، ئەو تەکنەلۆژیایەش سەرهەڵبدا کە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخی گرتۆتەوە. بەڵام هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ زێدەرۆیی دەکەن کاتێك کە عەقڵ بە عەقڵێکی کەرستەیی یان عەمەلیی دیاری دەکەن. لەلایەکی تریشەوە هەردووکیان بەشێوە شیکردنەوەیەکی نوێ شێوازە جیاجیکانی "کۆنترۆڵ"کردن بەیەکەوە گرێدەدەن.

کۆنترۆڵ کردنی خودوکۆنترۆڵکردنی خەڵکی و، کۆنترۆڵکردنی سروشت، هەموو پرۆسەی پێکەوە گرێدراون،زیاترکردنی توانستو ئیمکاناتی کۆنترۆڵکردنی سروشت- وەك بۆی دەچن- بەندە بەلاواز بوونی گرنگیدانی مرۆڤ بەناخی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا دواجار ئەو هاندەرە سەرەکییە

دەمێنێتەوە کە هەموو کردەوەکانی تاك سەرچاوەی لێوە دەگرن: هاندەری پاراستنی خود. بەڵام ئەمەش دیالیکتیکی نوێگەارییە ،خود لێرەدا بەواتا تەواو بایۆلۆژییەکەی وەردەگێرێ!. ئەوەی کەناویان لێناوە"رەخنەی دژ بەعەقڵانی کردن" رێگەی بۆ بەرتەسك بوونەوە، بەڵکو نەهێشتنی"ئامانجی شۆڕشگێڕی" خۆشکرد لە تێروانینی فیکرییدا، زانراویشە کە ئەم "شۆڕشگێری"یە مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ هەنگاونان لەچوارچێوەی سیستمە ئایدیۆلۆژیو سیاسیەگشتگیرییەکانی وەك فاشیزمو شوعیەت و سەرمایەداری مۆنۆپۆلکار. هەریەك لە هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ هەوڵیاندا لە چارەنووسەکانی بەعەقڵانی کردنو توانستەکانی بۆ رزگاربوون بکۆڵنەوە، ئەمەش وێرای کێشە گەورەکانیان بەراگرتنیان لەبەردەم "دادگای"عەقڵ( کانت)دا. دەکرێ لە میانەی دوو مەسەلەوە حوکمەکانیان بناسینەوە: گوتن بەوەی کە ئەفسانە لەسەردەمی خۆیدا _عەقڵە. هەروەك عەقڵی سەردەم یاخود رۆشنگەرایی هاوچەرخ بەو ئاراستەیەیە کە سەرلەنوێ ببێتە ئەفسانە. سەبارەت بەمەسەلەی ئەفسانە(کە مەسەلەی یەکەمیانە) ئەوا روونیان کردۆتەوە کە کۆمەڵە مرۆییەکان لە پێش مێژوودا هەوڵی خورزگار کردنیان لە کۆنترۆڵی ئەو سروشت و بارودۆخە سروشتیە کە لەدەوروبەرییەتی ، یاخود قەرەبوو کردنەوەی ئەمەیان داوە، لەرێگەی" زیندانی" کردنی ئەو رووداوانەی کە هەرەشەیان لێدەکات لە نێو زاراوە و وتەزاکاندا. ئەمەش بووە هۆی نەمانی ئەو یەکێتییە دیدارییەی لەنێوان وێنەی بەرچاوو زاراوە گوزارشت لێکەرەکەیدا هەیە. هاوکات، مرۆڤی سەرەتایی کە توانایی "زاراوەلێنان" یاخۆد"گوزارشت"ی هەبووە سروشتی وەك بابەتێك وەرگرتووە کە کردوویەتی بەکەرەستەیێك یاخود ئامرازێك بۆکاروبارەکانی : لە ئەفسانەدا دووبارە سروشتی بەو شێوەیە پێکەوە ناوە کە مرۆڤ دەیبینێ. ئالێرەدایە کە





هەردوو نووسەر ئەو مەسەلەیان دیاریکردووە کە لەمرۆڤی سەرەتایی و ئەفسانەکەیدا بەعەقڵانی کردن یان رۆشنگەرایی ژماردوویانە. کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە عەقڵی رۆشنگەرا بەجۆرێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم ئەفسانە دامەزراێنراوە لەسەر کۆنترۆڵ و ملکەچکردنە کردووە کە لەخۆی گرتووە، یاخود لێی تێر بووە لەجیاتی ئەوەی تێیرامێنێ و شیبکاتەوەو دواتر لەبەرامبەریدا هۆشیار بێ. بەم شێوەیە سروشت تا ئێستاش وەك هەڕەشەیەك رووبەرووی عەقڵ و عەقڵانیبوون دەبێتەوە. عەقڵێش لەرێگای بەرەو پێشەوە چوون لە پرۆسەی بەعەقڵانی کردنی هەموو بوارەکانی ژیانەوە رووبەرووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە، هەردوو ئەم هزرمەندە لەوەدا لەگەڵ فرۆید کۆك بوون کەدەڵێ کێشەو ئاستەنگە نەفی کراوەکان، یاخود کۆنترۆڵ کراوەکان کۆدەبنەوە تاوەکو دواتر وەك تەقینەوەیەکی بەهێز سەرهەڵبدەنەوە."دیالیکتیکەکانی رۆشنگەرایی و بەعەقڵانی بوون" پرۆسەیەکی پێشکەوتنی مرۆیی وەك توانستێکی زێدەتر حسێب دەکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنو خۆسەپاندنو بەرزەفت ئەوییش بەبەکارهێنی" عەقڵی کەرەستەیی" و ئەوەش کەرووبەرووی دەبێتەوە لە مل پێکەچکردنی سروشت، بەجۆرێك کە کێشەکان قوڵترو ئاڵۆزتردەبن، بەمەش بەعاقڵ بوونی رۆشنگەرایی ئەفسانەیی دەبێ. لێرەدا دەبێ دووپاتی بکەینەوە کە ناکرێ لەمیانەی هەوڵی تاك یا کۆمەڵەوە لەم"دیالیکتیکی بەعاقڵ بوون"ە دەربچین. لێرەشدا هەردوو هزرمەند دوبارە لەگەڵ فرۆید و هربت مارکۆزەدا یەکدەگرنەوە. کە چارەسەر لە "دەرباز بوون لەعەقڵ"دا یاخود هەڵوەشاندنەوەیدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە"عەقڵ بە عەقڵانیبوونی عەقڵی خۆی " یاخود رۆشنگەرییەکەی خۆی بێ.

هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ"پەیوەندی" نێوان تیۆرو ئەزموون ، نێوان وێنەو زاراوە یان دۆزیەوە لەو رەخنە ئایدیۆلۆژیەی کە کاردانەوەی کارل مارکس بوو لەسەر کۆتایی فەلسەفەی هیگلی.لەم رەخنەیەدا مارکس هەوڵی‌دا لەرێگەی " نەفی‌دیاریکراو"ەوە گومان لە(سەرەیان) و گشتگیریی پرەنسیپە عەقڵییەکانی هیگل بکات، ئەوەش بەگرێدانی ئەودۆخە لەنکاوانەی کە دەچنە نێو ئەو پرەنسیپانەوە بۆ بەرژەوەندی و رووداوە کۆمەلایەتییەکان. لەم" بواری نێگەرانی"یەش دا لەنێوان بەعەقڵانی‌بوونی رەهاو ، بەعەقڵانی‌بوونی تایبەت ئەو" تیۆری هونەری"یە لە قوتابخانەی فرانکفۆرتی رەخنەیی سەری هەڵدا کە بەماتریال دەژمێردرێ.

سەرچاوەی تیۆرەییەکە دەسپێکی یاخود پێشکەوتنی هەستەکانە بەسەر عەقڵدا، بێئەوەش کە ئەمە واتای ون بوونی ساتی دیالیکتیك بێ لەبیرکردنەوەی فەلسەفی عەقڵانی بووی ئەم پرۆسانە. تێڕوانینی هربرت مارکۆزە لەم بوارەدا بەنوێنەری قوتابخانەی فرانکفۆرت دەژمێردرێت لە بواری تیۆری هونەرییداو،هەروەها گرێدانی لەنێوان فرۆیدو مارکس لەم بوارەدا بەشێوازێکی ستاتیکی.

بەپێچەوانەی مارکۆزە ، ئەدۆرنۆ بەمارکسی لاو سەرسام نەبوو، بەڵام لەو گوتارەیدا کە لە ساڵی ١٩٣٢ بەناونیشانی "لەبارەی پێگەی کۆمەڵایەتی مۆسیقاوە" کەلە گوتاری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی‌دا بڵاو بووەوە هیچی لە بەردەم نەماەیەوە تەنیا ئەوەنەبێ کەبڕیاریدا مرۆی لێتوێژەرەوە لەسیستمی سەرمایەداریدا هەردەبێ رووبەرووی دیوارێکی شوشەی لوس ببێتەوە کە لەتوانادا نییە ببەزێنرێ. لۆکاش بەم گوتەیە گوزارشتی لەم "دەرك" پێکردنە کرد:"ژیان زیندوو نییە". ئەم گوزارشتو تێروانینانە روونی دەکاتەوە کە





تاچەند کاریگەری مارکسیزم بەسەر ئەم لێتوێژەرەوە لاوانەوە بوو لە بیستەکان‌و سییەکاندا.

ئەم کاریگەریەش هەڵقوڵاوی هەستو هەستیارییەکی قوڵە بەرامبەر بەو زۆردارییە کۆمەڵایەتیەکە چینە بەشخوراوو زۆرلێکراوەکان بەدەستیەوە دەیانناڵاند. ئەمەش بووە شتێك لەشێوەی ویژدانێکی کۆمەڵایەتی کە دەهاتە دروستبوون و پرسیارکردن. ئەمەش هەمووانی هاندا بۆ بەردەوامبوون لە لێکۆڵینەوە و تێڕامان لە پێناو تەواوکردنی تیۆرێکی سەراپاگیری بۆ کۆمەڵ لە قۆناغە نوێیەکەیدا. بەم شێوەیە "دیالێکتیەکانی عەقڵبوون یا رۆشنگەرایی" یەکەم بەرهەم بوو لە بەرهەمەکانی ئەم خەونە پابەندبووەدا، ئەم کتێبەش سروتێکی پڕ پچڕی هەیە، بۆیە تا ئەمڕۆش تێگەیشتنی زەحمەتە، هەروا لە پێناو لادانێکی ناسەقامگیر لەژێر شاڵی" تیۆری مێژوو"ی مارکسی بێئەوەی بەئاشکرا گوزارشت لەم کارە بکرێ. ئەمەش لەلایەن ئەو دوو هزرمەندەوە جۆرێك گوزارشتکردن بوو لە دڵساردیان سەبارەت بەو پەرەسەندنانە کە لەسایەی مارکسیەتی ستالیندا هاتنەدی، هەروا بۆ روخانی دیموکراتی ئەڵمانی ساڵی ١٩٣٣. ئەم دوو دیاردەیە هزرمەندانی قوتابخانەکەیان هاندا کە چاو بە تیۆری مێژوویی مارکیسزمدا بگێڕنەوەو لایەنە تاریك و ناهاوسەنگەکانی پرۆسەی پێشکەوتن و عەقڵانی‌بوون بەسەربکەنەوە.

هەریەك لە هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ وای بۆچوون کە پرۆسەی دروستبوونی "تاکی سەربەخۆ" پرۆسەیەکی مێژوویی پێشکەوتنخوازانەیەو لەتوانادا نییە دەستی لێ هەڵگیرێ یاخود نەفی‌بکرێ. بەڵام سەرهەڵدانی "تاکی هاوچەرخ" لەلایەکی دیکەوە واتای بەرزبوبونەوەی ئاستی مۆنۆپۆلکاری‌و گەیشتنە لوتکەی کۆمەڵگای ئیمپریالی هاوچەرخ و ، خود وێرانکاریی رۆشنبیری‌و، سەرلەنوێ سەپاندنەوەی وەسیەتکاری بوو بەسەر خودی سەربەخۆدا.

سەردەمە نوێیەکان بووە هۆی سەروەربوونی"عەقڵی کەرستەیی" بەهەموو واتاکانییەوە لەبەرهەم هێنانی بەکۆمەڵ و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ. ئەم تێگەیشتنە رەشبینە بۆ پرۆسەی پێشکەوتن هەریەك لە ئەدۆرنۆو هۆرکهایمەرو بنیامینی بەرەو دەستەهەڵگرتن لە زاراوەی "پێشکەوتن"رەپێشدا بۆ بەژەوەندی زاراوەی رزگاربوون.

بەڵام هربرت مارکۆزە سەرلەنوێ هیوایەکی کەوتە دڵو، گەیشتە فەلسەفەیەکی پۆزەتیڤانە بۆ مێژوو ئەویش لە میانەی چاوەدێری و بەدواداچوونی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەمو، یاخی بوونی لاوانی پایتەختە گەورەکانی. لەلایەکی دیکەشەوە مارکۆزە تێبینی کردکە" بارودۆخیبابەتی هێزو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، رێگە بەکورت کردنەوەی ماوەکانی کارکردنو، رێگە بەدەستهەڵگرتنی مرۆ لە ئەنجامدانی کارە جەستەییە پڕ زەحمەتەکان دەدەن، بە جۆرێك کە کۆتایی بەو گوتەیەی فرۆید دێنێ کە دەڵی ئەستەمە هەردوو پرەنسیپی واقیعیەتو چێژ وەرگرتن پێکەوە کۆبکرێنەوە. لانی کەم لەتوانادا دەبێ فاکتەرو ئامرازەکانی فشار، ئەوانەی کە پێویست نین نەهێڵرێن. بەڵام هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ نەیانتوانیو نەشیانویست لەو گەشبینیە مێژووییەدا بەدوای مارکۆزەدا بڕۆن. بەپێچەوانەوە مارکۆزە لەوان نزیك کەوتەوە. تەنها لە هونەردا مارکۆزە تێبینی شوێنەوارەکانو، مانەوەی یادگارییەکی زیندووی مرۆڤی کرد بۆئازادبوون.دواجار ئەو دەرکەوتەیە دەمێنێتەوە کە رەخنەگرتنی رادیکاڵ لە عەقڵ و بەعەقڵانی، کەلای ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەردا واپێ دەچێ سەر بە "گشتگیریی گومانبێ سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا "لای نیچە، زۆرتر لەوەی سەربە رژێمی ئایدیۆلۆژی بێ لای مارکس.لەچەند ساڵی رابردووشدا چەندین پەرەسەندنی فیکری هەن کە پاڵپشتی ئەم مەزەندەیە دەکەن. مێشێل فۆکۆ





کە یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی بواری بونیادگەری و، سنورێکی جیاکەرەوەی لە نێوان فیکری خۆیی و فیکری قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دانا، نەیتوانی نکۆڵی لە بوونی لێکچوونێك بکات لەخستنەرووی مەسەلە سەرەکیەکە. ئەویش وەکو ئەوانەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی رەخنەیی، تێبینی پێکەوە گرێدانێك دەکا لە نێوان بەعەقڵانی بوون و کۆنترۆڵ یاخود دەسەڵاتدا. ئەو( واتە فۆکۆ) تیۆرییەکەی ناو دەنێ" رەخنەگرتنێکی عەقڵانی بۆ بەعەقڵانیکردن" واپێ دەچێ ئەمەش لەو گوتەیەی ئەدۆرنۆ بچێ کە ساڵی ١٩٦٢ رایگەیاند:" پیشە یاخود ئەرکی فەلسەفە پێدا چوونەوەیەکی عەقڵانی کراوە لەرووبەروبوونەوەی بەعەقڵانی بوون".

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تیۆر  هەروەکو ئاسۆیەکی بەرزو بەرفراوان مایەوە ، بەڵام لە واقیعدا هزرو شیکردنەوەکان زۆر و لێك جیان و سروشتێکی ناتەواویان هەیەو پێویستیان بە پەرپێدان و راستکردنەوەو تەواوکردن هەیە. جا هاوبەشییەکانی نێوان ئەوانەی سەر بەقوتابخانەی فرانکفۆرتن یاخود ئەوانەی بەشێوەیەکی کاتی تێیدا کاریان کردووە، لەکوێدایە؟

یەکەم نەوە لە نەوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت زۆربەی هەرە زۆریان جولەکە بون. نازیزمی ئەڵمانیلەساڵی ١٩٣٣دا بەبیانیو خیانەتکار لە قەڵەمی دان، بەلام لە نێوان سالانی ١٩١٨ و ١٩٣٣دا هەمیشە رووبەرووی مەترسی ئەوەبوون کە کۆمەڵگای ئەڵمانی لە مافی ئەندامێتی نیشتیمانیو نەتەوەیی بێبەشیان بکات. هەستیاری ئەوان زیادیکرد بەرامبەر بە غوربەت و، ئەو (هەست) انەی کەلەو ساتانەدا سەرهەڵدەدەنو، بوونیان لە دەرەوەی کۆمەڵگاو، تێبینی کردنیان بۆ وێکچوونی هەڵوێستیان و پیگەیان بە بەراورد لەگەڵ پێگەی کرێکاران یاخود چینی کرێکاران لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بێئەوەی ئەمە واتای ئەوە بێ کە پێویستە هاوپشتی لە نێوان هەردوولادا هەبێ بەڵام

هەردوولا خۆیان لەهەڵوێستێکی نزیك و چوون یەکدا دەبینیەوە بەرامبەر رەخنەی رادیکاڵ و بەرهەڵستکاریی کۆمەڵگا یاخود چینە باڵاکانی. هیچ خوێندنەوەیەکی رەخنەیی قوڵ و گشتگیریش لەئارادا نییە بۆ مێژووی قوتابخانەکەو، ململانێ نێوخۆییەکانیو تێڕوانینی بۆ پێگەی زانستیو کۆمەڵایەتی سیاسی خۆی لە رابردوو ئێستایدا. بەڵام گومانیش لەوەدا نییە کە تیۆری مارکیسزم تاهەنووکەش رۆڵێکی کاریگەری تێدا دەگێرێ، مارکیسیزم بەو جۆرەی کە هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ دەیخوێننەوەو تێی دەگەن. بێگومان زمانی مارکسی تا ئێستا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بەسەر لایەنگرانی قوتابخانەکەو قەتابیانی ،کارمەندانی قوتابخانەکە لە قوتابی و مامۆستاکانی زانکۆو، ئەوانەشی کە لە توێژینەوە جیاوازەکاندا گرنگی بە قوتابخانەکە دەدەن. ئەم زمانە کە قوتابخانەکە بەردرێژایی دوونەوە بۆخۆی دروستی کرد، جیهانێکی بەرپاکرد پڕ لە گوزارشت و تێڕوانین و هەڵوێست سەبارەت بەو بابەتانەی کە هەندێکیان هاوچەرخن، وەك هەوڵێستیان بەرامبەر بە"دیموکراسی" و واتای دژایەتیکردنی دیموکراسیو، هەڵوێست لە دەستوورو، ناکۆکی بوون، لەگەڵی لە کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوودا.لەمرۆدا زۆرێك پێیانوایە کە"تیۆری رەخنەیی" تەجاوزکراوە، قوتابخانەکەش کاروانێکی ئاڵۆزی پەرەسەندنە فیکریی وسیاسیەکانی دەست پێکرد لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا، کە لەراستیدا ئاڵۆزییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی خۆیەتی لەرووی پەیوەندییەوە بەهزرو هەر لەوەکاتەشدا بەکۆمەڵگای سیاسیەوە. لەپەنجاکانی ئەم سەدەیەدا قوتابخانەکە لەرێگای نووسینی قەڵەمە ناسراوەکانیەوە لە تاراوگەی ئەمریکاییدا دووبارە لە نێو رۆشنبیراندا و لەشەستەکانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە.بەڵام پەرەسەندنی لەجیهانی دوای جەنگدا زۆرتر تیۆری و دوور لە ژیاریو کاری رۆژانەبوو، ئەوەش پاڵی بە بزوتنەوەی قوتابیانەوەنا کە بگەرێنەوە بۆ نووسینەکانی ساڵانی سی قوتابخانەکە.ئەوانیش ئەو نووسینانەن کە هۆرکهایمەر دەستی لێهەڵگرتبوون و، بە قۆناغێکی بەسەرچوو حسێبی دەکردن. بێگومان نوێ





کردنەوەی قەتابخانەکە، کە هەوڵێکیتر بوو لە رێگای شیکردنەوەی دەروونی پشت ئەستوور بە گونجاندنی نێوان (ویلهلیەم رایش) و مارکۆزە، بەرێڕەوێکی لاوەکی دەژمێردرێ. بەڵام ئەم رێڕەوەش پێگەیەکی بۆخۆی دیتەوە لەقوتابخانەکەدا بەهۆی فاکتەرە سایکۆلۆژییەکانەوە سەبارەت بە تێڕوانینی فاشیزم بۆ کۆمەڵگاو مێژوو. بەم شێوەیەش گومانی خوێنەر لە ئاکامی تێڕوانینی قوتابخانەکەو، تیۆرییەکانی لە مەعریفەو ناکۆکی هزرمەندانی بگاتە هەر ئاستێك، کەچی هەندێ نووسینو بۆچوونەکانی بایی ئەوەیان تێدایە کە لێیەوە فێربین وکەڵکی لێوەرگرین، هەوڵە بەردەوامەکانیش بۆ نوێ کردنەوەو رەخنەو راستکردنەوە لەنێو قوتابخانەکەدا، نیشانەیەکە بۆ هەوڵەکانی پەیڕەوکەرانی بۆ گەیشتن بە مەعریفەیەکی وردتر، هەروەك نیشانەیەکە بۆنیگەرانی نێوان تیۆرو واقیع.وێرای زۆری بنەماکانو هەڵوەشانەوەیان، دروست بوونی برادەرێتیوناکۆکی، تێروانینە جیاجیاکانیش لەنێو قوتابخانەکەدا، بەڵام رێککەوتنێکی گشتی هەبوو لە نێوان ئەندامەکانو لایەنگرانی قوتابخانەکە بۆ گەیشتن بە تیۆرێکی گشتگیری بۆ کۆمەڵگاو لەبارەی کۆمەڵگاوە.ئەویش تیۆرەییەکە ئامانجی_ لەرێگای رەخنەی رادیکاڵ وشێوازەکانی غەوارەبوون (ئیغتراب)لە کۆمەڵگاو واقیعدا_ گەیشتن بەجیهانێکی هۆشیارو ئازاد ،بەڵام ئەو گفتوگۆ تیۆرییانەی کە لە نێو قوتابخانەکەداو بەهەموو پاشکۆ کۆمەڵایەتیو سیاسیەلێك جوداو ئامانجە جیاوازەکانیەوە سەری هەڵدا جگە لەگوزارشتکردنی لەئاڵۆزییەکانی واقیع شتێکی تر نەبوو. ئەم جوداوازییانەش هیچ لەورەی کەم نەکردنەوە بۆ بەردەوام بوون لە کاری فیکری و مەعریفی، هەروەك هەستی بەرەوا بوونی خۆیانو ئینتیمایان بۆ ئەو ناونیشانە گەورەو فراوانە کەم نەکردەوە کەناونرا: قوتابخانەی فرانکفۆرتی رەخنەیی.

سەرچاوە: گۆڤاری( فکروفن)

# مۆدێرنێتە:
# هۆشیاری بۆ زەمانو پێویستی بۆدۆزینەوەی گرانتیکە نێوخۆییەکان

یورگن هابرماس

ماکس ڤیبەر لە پێشەکییە بەناوبانگەکەی بۆ کۆمەڵە توێژینەوەیەك لەسۆسیۆلۆژیای ئاییندا، "ئەو مەسەلەیە دەخاتەڕوو کەسەر بەمێژووی گشتییە"و تەواوی کاری زانستی ژیانیشی لەپێناودا تەرخانکردووە: بۆچی گەشەسەندنی زانستی، هونەری، سیاسی، ئابووری تەنیا لەئەوروپادا بەئاراستەو ئاقارەکانی بەئەقڵانی کردنی تایبەت بەرۆژئاوادا رۆیشت؟ کەواتە بوونی پەیوەندییەکی نێو خۆیی- کەناتوانێ تەنها پاسپۆرتێك بێت- لەنێوان نوێگەراییو ئەوەی کە عەقڵانییەتی رۆژئاوا بانگەشەی بۆدەکات، کارێکی بەکۆتایی گەیشتووبوو.

هەڵوەشاندنەوەی سیحر-وەك وەسفی دەکات- کە هەڵوەشاندنەوەی واتاگەراییە ئایینییەکانی بەدواداهات، رۆشنبیرییەکی نائاینی لەئەوروپادا خوڵقاند کەپرۆسەیەکی (عەقڵانی) بوو. ئیتر زانستە ئەزموونگەراییە نوێیەکانو، هونەرەکان سەربەخۆبوونو، ئەو تیۆرییە مۆڕاڵی (ئەخلاقی)و





تەشریعییانەی کەلەسەر ئەم پرەنسیپانە داڕێژراون، چەند بازنەیەکی بەهای رۆشنبیری بوون کە زەمینە خۆشکەرێك بوون بۆ ئەو زانستەی بەپێی حاڵەت، ملکەچی داڕشتنە نێوخۆییەکانی گیروگازی تیۆریو ستاتیکی یاخود زانستی-موراڵییەکان دەبێت.

ئەوەی کە ماکس ڤیبەر لەگۆشەنیگای بەعەقڵانی کردنەوە باسی دەکات، تەنیا بەزانستی کردنی رۆشنبیریی رۆژئاوا ناگرێتەوە، بەڵکو بەر لەهەر شتێك نمای کۆمەڵە نوێیەکان دەگرێتەوە. ئەم ژێرخانە کۆمەڵایەتییە نوێیانەش بەجیاکردنەوەی پیشەوە کۆبوونەتەوەو، بریتین لە پرۆژەی سەرمایەدارییو دەزگای بیرۆکراتی دەوڵەت، ئەمە ئەو سەیروورەیەیە کە ماکس ڤیبەر وەك دامەزراندنی دۆخ لە چوار چێوەی دەزگاکانی instiutionalisation) گۆڕینی کاریگەرییەکانی عەقڵانییەت بە تێڕوانین بۆ ئامانجەکانی کاریگەریی ئابووری، کاریگەریی ئیداریی، تێیدەگا.

بەو ئەندازەیەش کە ئەم بەعەقڵانی کردنە رۆشنبیرییە، کۆمەڵایەتییە ژیانی رۆژانەی داگیرکرد، هەر بەو ئەندازەیەش "شێوازەکانی ژیانی باو"-کەلەسەرەتاکانی قۆناغی نوێگەریداو بەرلەهەر شتێك جیاوازی لەنێوانیاندا بەپێی سیستەمی رێکخراوە سەندیکاییو پیشەییەکان دەکرا- لەلایەن خۆیەوە هەڵدەوەشێتەوە.

دەمێنێتەوە کە نوێکردنەوەی جیهانی ژیاو ملکەچ نییە بۆبنەمای عەقڵانی ئامانجو مەبەست دیاریکراو. ئەگەر لەوەندەش بڕێتەوە کە دورکهایم (durkheim)و مید (G.MEAD) فێریان کردین ئەوا جیهانە زیندووە بەعەقڵانی کراوەکان لەو کاتەوە بەو پەیوەندییە هزرییە جیادەکرێنەوە، کە عەفەوییەتە سروشتییەکەی لەدەست داوە، لەلایەکەوە بەهۆی گشتگیری کردنی پێوەرەکانی کارو بلاوکردنەوەی بەها ئازادکراوەکانو،

لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی تێکەڵەیەکی بەرفراوانی هەڵبژاردەکانو دواجاریش، ئەم جیهانە ژیاوانە بەچەندین نموونەی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێ کە هەوڵی دامەزراندنی ناسنامە کەسێتیە (ئەبستراکتەکان) دەداتو هەرزەکارەکان رووەو تاکگەرایی پاڵپێوەدەنێ. ئەمە وێنەی نوێگەراییە وەك کلاسیکیەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی هێڵەپانەکانی دیار دەکەن.

ئەو کێشانەی کە ماکس ڤیبەر خستنیەڕوو ئەمڕۆ لەبەر رۆشناییەکی نوێدا پێشکەش دەکرێنەوە. ئەم گۆڕانەش بۆکاری موریدەکانیو، هەروەك بۆ کاری رەخنەگرانیشی دەگرێتەوە، وتەزای (نوێکردنەوە) لەپەنجاکاندا سەری هەڵدا، لەو کاتەشەوە تا، ئەولێکۆڵینەوە تیۆرییەی سەر لەنوێ لەو مەسەلانە دەکۆڵێتەوە کە ماکس ڤیبەر خستنیە ڕوو، بەڵام بە کەرەستەی "پیشەیی سۆسیۆلۆژیانە،" زانستی کۆمەڵایەتی پیشەیی (علم الاجتماع الوظيفي) وەڵامی دانەوە.

چەمکی نوێگەرایی ئاماژە بە کۆمەڵێك لەو سەیرووره کەڵەکە بووانە دەکات کە هەر یەکەیان ئەوی دیکە رادەکێشی. ئەو واتا نوێکردنەوەی داهاتەکانو گۆڕینیان بۆ سەرمایەو، نەشونماکردنی هێزە بەرهەم هێنەرەکانو، زیادکردنی بەرهەمەکانی کار، هەروەها ئاماژە بەدامەزراندنی دەسەڵاتەکانی سیاسەتی ناوەندیو دروست بوونی ناسنامە نەتەوەییەکانو، ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی مافەکانی پشکداری سیاسیو، شێوازەکانی ژیانی مەدەنیانەو فێرکردنی گشتیش دەکات، دواجاریش ئاماژە بە بەزانستی کردنی بەهاو پێوەرەکان،....تاد دەکات. تیۆری نوێکردنەوە سەبارەت بە چەمکی نوێگەرایی لای ڤیبەر، پەنا دەباتە بەر تەجریدێکی بارگرانکراو بەئاکامەکان، چونکە نوێگەرایی لەرەگەزەکانی-ئەوروپای سەدە نوێیەکان-جیادەکاتەوەو،





وەك نموونەیەکی گشتی رێچکە ئاساییەکانی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتی دەیخاتەڕوو، نموونەیەکی بێ لایەن ئەو چوار چێوە شوێنکاتییە پشت گوێ دەخات کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت. لەوەش زیاتر، ئەو پەیوەندییە نێو خۆییە دەپچڕێنێ کە نوێگەراییو بەردەوام بوونی عەقلانییەتی مێژوویی رۆژئاوا پێکەوە گرێدەدات، بەشێوەیەك ناکرێ وا لە پرۆسەی نوێکردنەوە تێبگەین کە پرۆسەی بەعەقلانی کردنە، واتا بە مێژووی بابەتییانەی بنەما عەقلیەکانی تێبگەین. ئەم سەیرووره سروشتییە وەك جێمس کۆڵمان ( J. COLMAN) بۆی دەچێ ئەو چەمکی نوێکردنەوەیەیە کە تیۆرێکی پەرەسەندگەرای سەراپاگیر، لەبیرۆکەی نوێگەرایی رزگار دەکات، واتا لەحاڵێکی ئامانگەرایدایە، کە بەزەرورەت پەرەسەندنەکانی "دوای نوێگەری" بەدوا دێن.

لەڕاستیدا توێژینەوە لەبارەی نوێکدرنەوە، وەك لەپەنجاکانو شەستەکاندا پەرەی سەند، مەرجە گونجاوەکانی بڵاوبوونەوەی وتەزای " دوای-نوێگەریی" لەنێوان کۆمەڵناسەکاندا هێنایە ئاراوە. قسەشی تێدا نییە کە لەبەرامبەر نوێکدرنەوەی سەربەخۆ لە پەرەسەندن-و نیمچە ئامێری- زانای کۆمەڵناسی خۆی لە بارێکی گونجاودا دەبینێتەوە بۆ وەلانانی ئاسۆی چەمکەکانی عەقلانیەتی رۆژئاوا کە نوێگەرایی لێیەوە سەریهەڵداوە. ئەگەر پەیوەندییە نێو خۆییەکانی نێوان چەمکی نوێگەراییو شێوازی تێگەیشتنی خودی ئەم نوێگەراییە لە ئاسۆکانی عەقڵی رۆژئاوادا پچڕان، لەتوانادا دەبێت کە رێچکە سروشتیەکانی نوێکردنەوە بکرێنە رێژەییو بەشێوەیەکی نیمچە ئامێر ئاسا بەدوای یەکدا بێنو تێڕوانینێکی دوور بۆ توێژەرەوەی پۆست مۆدێرن (پاش نوێگەری) بونیاد بنێن. ئارنۆڵد جیهڵن (A. GEHLEN) بەداڕشتنێکی زۆرجوان گوزارشتی لەم دۆخە کردووە: پێشەکییە رۆشنگەراییەکان گیانیان

لەدەستداوە، تەنیا ئاکامەکانیش کاریگەرێتیان بەردەوام دەبێت. نوێکردنەوەی "کۆمەڵایەتی" لەم روانگەیەوە، کە خۆی بە شێوەیەکی چڕ چاودێری خودی خۆی دەکات، لەهێزە بزوێنەرەکانی نوێگەراییەکی (رۆشنبیری) رزگاری بووە کە وەك پێدەچێ تەجاوزکراوە، ئەو نوێکردنەوە "کۆمەڵایەتییە" بەبزواندنی یاسا پیشەییەکانی ئابووری‌و دەوڵەت، تەکنیك‌و زانست دەیبرێتەوە، لەکاتێکدا کە بانگەشەی ئەوەی بۆدەکەن گوایە لەئێستا بەدواوە سیستمێکی بەهێزی وا پێك دەهێنێ، دەستی هیچ کاریگەرییەك وێی ناگات. لەو کاتەشدا ئەو خێرابوونە کۆمەڵایەتییە کە بەرگەی ناگیرێ وەکو دیوی دووەمی رۆشنبیرییەکی لەپەلوپۆکەوتوو کە دووچاری چەکەرە کردن بۆتەوە بەرچاو دەکەوێت، جیهلن باس لەوە دەکات کە رۆشنبیریی نوێ بەبارتەقای ئەو توانستانە پێشکەوتووە کە بە تێرۆتەسەلی لەنێو خۆیدا هەڵیگرتوون. هەروەك توانستە دژەکانیش ئاشکراکراون‌و بەشێوەیەك پێکەوە گرێدراون کە لەتوانادا نییە ئاڵوگۆڕی وا بێنەدی کەکار لە پێشەکییەکان بکەن..ئەگەر ئەم بیرۆکەیەتان پەسند کرد ئەوا دەزانین کە گەلاڵەکردن دەستی گەیشتۆتە بوارێك کە زیندوویێتی‌و، هەمەڕەنگێتیەکەی جێی سەرسوڕمانە، وەك بواری هونەری نیگارکێشی نوێ. بەداخستنی مێژووی هزرەکان، لەتوانای جیهاندا دەبێت تێبینی بکات کە "ئیتر چووینە قۆناغی دوای-مێژوو"ەوە. بەم شێوەیەش ئەم ئامۆژگارییە پێشکەش دەکات کە (گۆتفرید بێن "G.BEEN ") پێشکەشی کرد (سەرمایەکانت بەشێوەیەکی باش بەرێوە ببە) ئەم شێوازە پارێزگارە نوێیە لە لابردنی نوێگەرایی، رووەو دینامیکیەتی نالێهاتووی نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی ناچێ بەڵکو بەرەو توێکڵی خاو بۆ پێشبینی کردنی رۆشنبیریانەی نوێگەرایی دەچێ کەواپێدەچێ تەجاوزکراوبن".





لەبەرامبەردا، دەبینین بیرۆکەی پاش نوێگەرایی، لای ئەو تیۆریستانەی کە لێکجودا بوونەوەیەکیان لەنێوان نویچگەرایی‌و عەقلانیەتدا نەبینیوە، قالبێکی سیاسی تەواو جیاواز بەخۆوە دەگرێ- قالبێکی فەوزەوی. هەروەها ئەوان بانگەشە بۆ کۆتایی رۆشنگەراکان دەکەن‌و ئەو ئاسۆیانەی لاسایی کردنەوەی عەقڵ تەجاوزدەکەن کە نوێگەرایی ئەوروپا ئینتیمای خۆی بۆ رادەگەیەنێ: هەروا ئەوانیش پێ دەخەنە نێو قۆناغی دوای مێژووەوە. بەڵام فەوزەوییەت، بەپێچەوانەی ئەو شێوازەی کە رەوتی نوێی پارێزگار نوێگەرایی پێ وەلاوەنا، سەرلەبەری نوێگەرایی دەگرێتەوە. لەوکاتەشدا کە ئەم کێشەوەرە لەو تەزایانەی عەقلانیەتی رۆژئاوا کە بەپێی دەلالەتەکانی ڤیبەر دامەزراوە بەتاڵ دەبێت، عەقڵ دەمامك لەسەر ڕووی راستەقینەی خۆی لادەدا، بەواتایەکی دیکە دەمامکی لەسەر لادەبرێ بەو پێیەی کەکەسێتی "خودێتی" دوور خەرەوەو دوورخراوەیەو، چون ئیرادەیەکی کەرەستەیی کۆنترۆڵ کردنە. هێزی یاخیبوون بۆ رەخنەگرتنێك لەنموونەی رەخنەی هایدگەرو باتایل کە پەردە لەسەر عەقڵ لادەبات بۆئەوەی رووی ئیرادەیی هێز بەگومانی بێگەردییەوە وەدەرخات، دەبێ لەهەمان کاتدا ئەو قەفەزی پۆڵاییینە بهەژێنێ کە لایەنی کۆمەڵایەتی روحی نوێگەرایی تێیدا جێگیرە.

لەم ڕوانگەیەوە نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆی ناکرێ، دوای ئەوەی ئەو نوێگەراییە رۆشنبیرییەی کە لێوەی هاتەبوون کۆتایی هات، بمێنەتەوە. پێشناچێ لەتوانای دابێ بەرگەی ئەو فەوزا (قوڵ)ە بگرێ کە نوێگەرایی لێیەوە دەستی پێکرد.

جیاوازی نێوان ئەم دوو وەرگێڕانە بۆ تیۆری پاش-نوێگەرایی هەرچەندە یەکیش بێتن ئەوا هەردووك لەئاسۆکانی ئەو وتەزایەوە (gategorial)

جیادەبنەوە کە لەوێدا ئەو بیرۆکەیە سەری هەڵداوە، کە نوێگەرایی ئەوروپایی خۆی تێیدا دەبینێتەوە.

هەردوو تیۆرییەکە ئیدیعای ئەوە دەکەن لەبارەی پاش نوێگەراییەوە کە ئەم ئاسۆیانەی تێپەڕاندووە، جێهێشتووە، بەو پێیەی کە ئاسۆکانی قۆناغێکن سەردەمیان بەسەرچوە. هیگل یەکەمین فەیلەسووف بوو کە بەوپەڕی ڕوونییەوە چەمکێکی بۆ نوێگەرایی چەکەرە پێکرد. لەبەر ئەوەشە کە بۆ تێگەیشتن لە دەلالەتی پەیوەندی نێوخۆیی نێوان نوێگەرایی‌و عەقڵانییەت، ئەو دەلالەتەی تاهاتنی ماکس ڤیبەر بێ گیروگاز بوو، وئەمڕۆش جێی پرسیارە، بۆ تێگەیشتن لەو دەلالەتە دەبێ بۆ هیگل بگەڕێینەوە. چاو بە چەمکی نوێگەرایی لای هیگل بخشێنینەوە تاوەکو ئاستی شەرعییەتی ئیدعاکانی ئەوانە بزانین کە لێکۆڵینەوەکانیان لەژێر سەردێری دیکەدا ریز دەکەن. بەهەر حاڵ لەتواناماندا نییە پێشوەخت بەدووری بزانین کە هزری پاش نوێبوونەوە تەنها ئاستێکی بەرزی داگیرکردووە، بەڵام پەیوەندی بەو پێشینە سەرەتاییانە ماوەتەوە کە بیرۆکەی نوێگەرایی لەبارەی خودی خۆیەوە پیشانی دەدات، ئەوانەی هیگل تیشکی خستبووە سەر. لەتواناماندا نییە کە یەك تەکان ئەوە بەدوور بزانین کە مەیلی پارێزگارکاری نوێ‌و، فەوزەوییەتی حسی (ESTHTISANT) بە ئیدیعای هەریەکەیان بۆ وەلانانی نوێگەرایی تەنها جارێکی دیکە لەو نوێگەراییە یاخیبوون. لەراستیشدا رەنگە ئەوەندەیان لابەس بێت کە شاڵی پاش رۆشنگەرایی بکەنەبەر مەیلی خۆیان بۆکاردنەوە دژی رۆشنگەرایی.

## 2

هیگل بەرێرەوێکی مێژوویی دەست بەبەکارهێنانی چەمکی نوێگەرایی دەکا تاوەکو ئاماژە بەچەرخی: "زەمەنە تازەکان" یاخود "زەمەنە نوێیەکان"





بکات کە بەئینگلیزی‌و فەرەنسایی (نزیکەی ساڵی ١٨٠٠) وتەزای "MODERN" یاخود "TEMPS MODERNE" بەرامبەریان دێ‌و ئاماژە بەسێ سەدەی ڕابردوو دەکات. ئاشکرا بوونی "جیهانی تازە"و سەردەمی ڕێنیسانس‌و، چاکسازی. ئەم سێ ڕووداوە گرنگە کە دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ روویاندا-دەروازەی مێژوویی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست‌و سەردەمە نوێیەکان پێك دەهێنێ. لەوانەکانیدا لەبارەی فەلسەفەی مێژوودا، هیگل هەمان ئەم وتەزایانەی بەکاردەهێنا تاوەکو جیهانی مەسیحی- ئەڵمانی پێناسە بکات کە لەسەردەمە یۆنانیە رۆمانییەکاندا سەریان هەڵداوە. ئەو دابەشکردنەی کەتا ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێ (بۆدیاری کردنی بەشەکانی مێژوو بۆنموونە) بۆ سەردەمە نوێیەکان‌و سەردەمەکانی ناوەڕاست‌و، سەردەمەکانی کۆن (یاخود مێژووی هاوچەرخ‌و مێژووی ناوەڕاست‌و، مێژووی کۆن) لەتوانایدا نەبوو شێوەیەك لەخۆ بگرێ، تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە وتەزای وەك "زەمەنە نوێیەکان" یا "زەمەنە هاوچەرخەکان" (جیهانی تازە یا جیهانی نوێ) دەلالەتە زەمەنییەکانیان لەدەستداو بوونە دەلالەت بۆ سەردەمێکی لەبنەڕەتەوە (نوێ) سەبارەت بەو سەردەمەی پێش خۆی. "سەردەمە تازەکان" لەرۆژئاوای مەسیحیدا بەواتای، سەردەمێکە کەدێ، تا ئێستا نەهاتووەو هەتا دوای رۆژی حەشریش دەست پێ ناکا-تاکو سەرهەڵدانی فەلسەفەی شیلینجیش لەبارەی "سەردەمەکانی جیهان" هەر بەم شێوەیە مایەوە، بەڵام چەمکی نائایینی زەمەنە نوێیەکان گوزارشت لەبڕوایەك دەکا بەدەست پێکردنی ئایندە: ئاماژە بە سەردەمێك دەکا کە بەتێڕوانین بۆ ئەوە کەدێ‌و، کرانەوەی لەسەر ئەو نوێیەی کەدێ، دەژی. ئەوکات ئەو دابڕانە دوا دەخا کە ئاماژە بەنوێکردنەوە لەڕابردوودا دەکات- دیاریکراو، لەسەردەمی زەمەنە نوێیەکان. لەراستیشدا ئەو دەروازە مێژووییەی کە دەکەوێتە نزیکەی

١٥٠٠ تا سەدەی هەژدەیەم نەچووبووە تازەگەرییەوە. ر. کۆسلك (R. KOSELLECK) هەر بۆ تاقیکردنەوە ئەم پرسیارە دەخاتەڕوو: چ کاتێك ئەو زەمەنەی کە تێیدا دەژین (NOVUM AEVUM) بە "زەمەنە نوێیەکان" (NOVA AETAS) گشتگیر کران؟

کۆسێلك روونی دەکاتەوە چۆن هۆشیاری مێژوویی کە بەچەمکی (زەمەنە نوێیەکان) یاخود (زەمەنە تازەکان) گوزارشتی لێ دەکرێ، یەکەمین پرسیاری پێکهێنەر بوو بۆ تێڕوانینێکی ئاراستەکراو رووەو فەلسەفەی مێژوو بە شێوەیەکی تەفکیریی (REFLEXIF) بۆ ئامادەگی شوێن لەو جێگایەوە کە لێی راوەستاوین بەسەر چاوەگرتن لە تەواوی مێژووەوە، ئەو تاکی کۆیەش کە لەفزی (مێژوو) دەینوێنێ- کە لەوەتای هیگلەوە یەکلانەبۆتەوە- لەداهێنانی سەدەی هەژدەیەمەوە: "زەمەنە نوێیەکان" وێنەی مێژوویی گشتی بەسەر تەواوی ڕابردوودا رەنگ رێژ دەکا.. دیاریکردنی زەمەنە نوێیەکانو، شیکردنەوەی چەرخەکانی ڕابردوو وەڵامدەری یەکترنو لەبەرامبەر ئەم تاقیکردنەوە نوێیەی پێشکەوتنو خێرابوونی ڕووداوە مێژووییەکانن هەروەك ئاشکرا بوونی پێکەوەلکانی زەمەنە ئەو پەرەسەندنانەی کەلەڕووی مێژووییەوە لێك دوورن لەبەرامبەر هەردووکیانە.

روانین بۆ مێژوو وەك (سەیرووڕەیەکی) پێکەوە گرێدراوی بەهەمهێنەر بۆ کێشەکان بۆ ئەم چەرخە دەگەڕێتەوە. هەر لەو کاتەشەوە، زەمان، بۆڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کێشانەی خراونەتەڕوو، وا دەژێنرا وەك ئەوەی "کالآیەکی دەگمەن" بێ، بەواتایەکی تر، وەها تێیدا دەژیان کە زەمانێکە پەلەمان لێدەکات. "رۆحی چەرخ" (ZEITGEIST) یەکێکە لەو گوزارشتە نوێیانەی کە ئیلهامبەخشی هیگل بوو-ئێستا بەوە وەسف دەکا کە زەمەنی





پەڕینەوەیە لە هۆشیاریی پەلەکردنو لەچاوەڕوانی ئایندەیەکی جیاوازدا لەنێو دەچێ.

هیگل لەپێشەکی فینۆمینیۆلۆژیای روحدا دەنووسێ: "زەحمەت نیە درك بەوە بکەین کە زەمەنی ئێمە زەمەنی لەدایك بوونو زەمەنی گواستنەوەیە بۆ چەرخێکی نوێ. رۆح لەوە جیابووەوە کە جیهان تاکو ئەو ساتەش لەسەری بوو، جیهانی بوونو وێناکانی خۆی، ئەو لەسەر لێواری نغرۆکردنی هەموو ئەمانەیە لەڕابردوودا، بە وێناگەرایی خۆی کاردەکات(....)".

ئەو گوێ پێنەدانو بێزارییەی هەموو ئەو شتانە دەگرنەوە کە ماونەتەوە، هەست پێکردنێکی نارۆشن بەنەزانراوێك (نادیارێك)، هەموویان ئاماژەی پێش وەختەن بەشتێکی دیکە کە ئامادە دەکرێ. هەڵهاتنی ئەو خۆرەش کە بونیادی جیهانی تازە بەخێرایی درەوشانەوەی بروسکەیەك وێنا دەکا ئەم پەرشو بڵاوییە رادەگرێ.

ئەوەندەی کە ئەم جیهانە تازەیە، ئەم جیهانە نوێیە، لەم جیهانە کۆنە جیاوازە، بەکرانەوەی بەسەر ئایندەدا سەرلەنوێ سەردەمێکی مێژوویی دەست پێدەکات کە لە هەموو ساتێك لەساتەکانی ئێستای تازەدا بەردەوام دەبێ، بۆیە هۆشیاریی مێژوویی نوێگەرایی دیاری کردنێك لەنێوان زەمەنە تازەکانو "زەمەنی ئێستا" لەخۆ دەگرێ (NEUESTEZEIT)" زەمەنی هاوچەرخ بەو پێیە کە مێژووی زەمەنی ئێستایە شوێنێکی بەرچاوی دەبێ لەئاسۆکانی زەمەنە نوێیەکاندا. وەك هیگل بۆی دەچێ "زەمەنی ئێمە" "زەمەنی هەنووکە"یەو، زەمەنە هاوچەرخەکەیشی لەگەڵ رۆشنگەری شۆڕشی فەرەنساییدا دەست پێدەکات، واتە ئەو زەمەنەی خەڵکێك تێیدا ژیان کە توانستی لێکجیاکردنەوەی خۆیان سەلماند، بەو پێیەی کە زەمەنی جیابوونەوەیە لە کۆتایی سەدەی هەژدەو، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم.

هەروەها هیگلی کۆن دەنووسێ " ئەم گزنگە جوانە" لە "دوایین قۆناغی مێژوو، لە جیهانێك کە جیهانی ئێمەیە" نزیکمان دەخاتەوە: ئەو ئێستایەکە کە بەم زەمەنە تێیدەگەین، ئەمەش بەسەرچاوە گرتن لە ئاسۆکانی زەمەنە تازەکانو، دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دابڕان لە نێوان زەمەنە تازەکانو ڕابردوودا دەخوازێ.

وێڕای وتەزاکانی " زەمەنە نوێیەکان"و "زەمەنە تازەکان" سەدەی هەژدەیەم هەندێ چەمك بەو دەلالەتانە دادەڕێژێتەوە کە لای خۆی هەڵیگرتوون وەك چەمکەکانی شۆڕش، پێشکەوتن، ئازادبوون، قەیران، ڕۆحی چەرخ...تاد مەبەستیشی توندکردنەوەی بزوتنەوەکەیە. ئەم وتەزایانە، بوونەتە کلیلەکانی فەلسەفەی هیگل: ئەگەر دووبارە لە مێژووی چەمکەکاندا داماننانەوە، ئەوا دەست دەخەینە سەر ئەو کێشەیە کە هۆشیاری مێژوویی نوێ دەیخاتەڕوو- وەك ئەوەی کە لەمیانەی چەمکێکی جیا لە "زەمەنە نوێیەکان" خۆی دەنوێنێ بەو پێیەی کە تایبەتە بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییەوە: لە تواناو ئارەزووی نوێگەریدا نییە ئەو پێوەرانە بخوازێتەوە کە لە چەرخێکی دیکەیدا دەیکاتە ڕێنوێنی خۆی، ئەو ناچارە لە خودی خۆیەوە پێوەرەکانی هەڵهێنجێ. نوێگەرایی لە توانایدا نییە پشت بەجیا لە خودی خۆی ببەستێ، ئەمەش ئەو توڕەییەی ڕاڤەدەکا کاتێك کە مەسەلەکە پەیوەندی بەبۆچوونییەوە هەبێ لەبارەی خودی خۆیەوە. هەروەك دینامیکیەتی هەوڵەکانی ڕاڤەدەکات لەپێناو ئەوەی کە "جێگیر" بێو هەڵوێستی لەمەڕ خودی خۆیو جیهان دیاری بکات، ئەمەش ئەو مەسەلەیە کە تا ئەمڕۆش هەر بەدوایدا دەچێ. تەنها چەند ساڵێك لەمەوبەر هانز بلۆمنبرگ (H. BLUMENBELG) ناچار بوو پابەندی بەرگری کردن لەشەرعییەتی زەمەنە نوێیەکان ببێ، بەواتایەکی تر ناچار بوو بەرگری لە





سەربەخۆییان بکات بەرامیەر بەو تێکەڵە تیۆرییانە کە قەرزداریی نوێگەرایی بە مەسیحییەتو چەرخە کۆنەکان بەرچاو دەخەن-پشت بەستوو بەهانایەکی مێژوویی دەوڵەمەند: "ڕووبەڕوو بوونەوەی چەرخێك بۆ شەرعییەتی مێژوویی کارێك نییە بە کۆتایی گەیشتبێ، هەروەك ئەوەش یەکلانەبۆتەوە کە خودی چەرخێك تێبگا کە ئەو چییە هەروەها ئەم مەسەلەیە، سەبارەت بە زەمەنە نوێیەکان، ئامادەگیەکی (نائاخنی) هەیە لە هیواو ئاواتەکان بۆ وەدیهێنانی دابڕانێکی بنەڕەتی لەگەڵ کلتووردا- ئەم وەدیهێنانەش لەتوانای دابێ- هەروەك ئامادەگی هەیە لە ناهاوسەنگی نێوان هیواو ئاواتەکانو واقیعی مێژوودا کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە، دەست پێکردنەوەیەك هەموو شتێك سەروبن بکات. بۆ سەلماندنی ئەمە بلۆمنبرگ پەنا دەباتە بەر دەقی هیگلی لاو: "ئەگەر هەندێ لە هەوڵەکانی پێشوومان پشتگوێ خست مافی داواکردنی مرۆڤ- لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە- بۆ ئەو گەنجینانە کە زێدەڕۆیی زۆریان کردبوو بۆ بەخشینی ئەو مافانە بە ئاسمان، بۆ چەرخی ئێمە دەگەڕێتەوە. بەڵام کامەیە ئەو زەمەنەی هێزی پێویستی تێدایە بۆ بەرچاو خستنی ئەم مافەو موڵکدارێتی ئەم خێرو بێرانە؟

هۆشیاری ئەو مەسەلەیە کەنوێگەری ڕووبەڕووی دەبێتەوە: مەسەلەی دامەزراندنی خودی خۆی بە ئامرازەکانی خۆی، لەرەخنەی ئیستاتیکییەوە دەستی پێکرد. لەگەڵ دووبارە دامەزراندنەوەی مێژووی وتەزای "نوێ" بەڕوونی دەرك بەمەدەکەین. دابڕان لەگەڵ نموونەی هونەری کۆن، سەرەتای سەدەی هەژدەم لەو ناکۆکییە بەناوبانگەوە دەستپێکرد کە لەنێوان کۆنەکان نوێگەرەکاندا ڕوویدا. لایەنە نوێگەرەکان لەو بیرۆکەیە یاخی بوون کە کلاسیکی فەڕەنسایی لەبارەی خودی خۆیەوە بەرهەمی هێنا ئەمەش بەخستنە ناوەوەی چەمکی کامڵ بوونی ئەرستۆتالی بۆ چەمکی پێشکەوتن

وەك زانستی نوێ بۆی دەچێ: "نوێگەرەكان" دووبارە چاو دەخشێننەوە بەواتای گێڕانەوەی نموونە كۆنەكان بەپشت بەستن بە بەڵگە مێژووییە رەخنەییەكان، لەڕووبەڕوو بوونەوەی پێوەرەكانی جوانیەكی رەها، كە وەك پێدەچێ تەجاوزی زەمەنی كردووە، پێوەرەكانی بیرۆكەی نوێگەرایی فەرەنسایی گوزارشت لە خودی خۆی دەكات، بیرۆكەی نواندنی سەرەتای چەرخی نوێ، سەرەڕای ئەوەی "نوێگەرایی" (MODERNITAS) وەكو (ناو) لە درەنگانێكی سەدەی كۆندا بەواتا زەمەنیەكەی بەكارهێنرا، ئەوا سیفەتی "نوێ" لەزمانە ئەوروپاییە نوێیەكانیشدا لە زەمەنێكی زۆر درەنگدا-دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم-و لەبواری هونەرە جوانەكاندا شێوەی ناوی بەخۆوە گرت. ئەمەش روونی دەكاتەوە كە هۆی چییە هەردوو وتەزای "نوێ"و "نوێگەرایی" تا ئەمڕۆش ناوەڕۆكی دەلالەتێكی ستاتیكاییان لەخۆدا هەڵگرتووە سیمای ئەو بیرۆكەیەی هەیە كەهونەری پێشەنگ لەبارەی خودی خۆیەوە دروستی كردووە:

بۆدلێر بڕوای وایە كە ئەزموونی ستاتیكی، تێكەڵ بە ئەزموونی مێژوویی نوێگەرایی دەبێ. لەناوەوەی ئەزموونی سەرەكی نوێگەرایی ستاتیكی، كێشەی خود دامەزراندنەوە شێوازێكی توندتر بەخۆوە دەگرێ بەو بارتەقایە كە ئاسۆكانی ئەزموونی زەمانی بۆ ئاسۆكانی خودی ناجێگیر (DECENTRC) دەگەڕێتەوە كە لە بابەتەكانی ژیانی رۆژانەیی دوور دەكەوێتەوە، لەبەر ئەوەشە كە كاری هونەریی نوێ، لای بۆدلێر جێگایەكی دەگمەنی هەیە لەدووڕیانیی ئێستاو ئەزەلدا: "نوێگەرایی ئینتیقالی، تێپەڕبوو، دەبێ (الجائز)و نیوەی هونەر پێك دێنێو نیوەكەی دیكەشی ئەزەلیی نەگۆڕاوە. لەو كاتەشەوە نوێگەرایی بۆ ئێستایەك لەچەند دەیەیەكدا درێژەی هەیەو لەنێو جەرگەی زەمەنە نوێیەكاندا دروست بووە. لەتوانای نوێگەراییدا نییە،





بەرهەڵستی لەگەڵ زەمەنێك دابكات كە تەجاوز كراوو رەتكراوەتەوە، لەگەڵ وێنەیەكی ڕابردوودا، درك بەخۆی بكات. زەمەنیی هەنووكە تەنها بە یەكتر بڕینی زەمەنو ئەزەل لەتوانایدایە دروست ببێ. لەم لێكدانەوە راستەوخۆیەوە لەنێوان ئێستاو ئەزەلدا نوێگەرایی لەتوانایدا نابێ خۆی لەو فشۆڵییە رزگار بكات، بەڵام خۆی لەپووچی لادەدات: "بەبۆچوونی بۆدلێر، نوێگەرایی مەرامی وایە بەشێوەیەك هەڵسوكەوت بكات كە تێیدا دان بە ساتی ئینتیقالی دابنێ بەو پێیەی ڕابردوویەكی راستەقینەیە بۆ داهاتوویەكی هاتوو. نوێگەرایی هەوڵ دەدات خۆی بسەلمێنێ بەو پێیەی كە رۆژگارێك چ كلاسیكێك دەبێ. لەو ساتەشەوە كە كلاسیك دەبێ" درەوشانەوەی بروسك "جیهانێكی نوێ سەرهەڵدەدات چونكە لەساتی هاتنە سەر شانۆیەوە هیچ دەیمومەیەك نییە ئاوابوونی دووپات بكاتەوە. ئەم وێناگەرییە بۆ زەمان، كە رەگی لە سوریالییەت دایە، پەیوەندی نزیكایەتی لە نێوان "نوێگەراییو مۆدە" رەنگرێژ دەكات.

بۆدلێر لە ئاكامە بەناوبانگەكانی "ناكۆكی كۆنەكانو نوێگەراكان"ەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام پەیوەندی نێوان ستاتیكای رەهاو ستاتیكای رێژەیی بەشێوەیەكی جەوهەری دەگۆڕێ: "ستاتیكا لە توخمێكی ئەزەلی، كەناگۆڕێو، لەتوخمێكی رێژەیی هەنووكەیی بریتین لە چەرخ، مۆدە، رەوشتو هەڵچوون، پێكدێت. ئەگەر ئەم توخمەی دووەمیش نەبێت كەوەكو بەرگێكی تام خۆشكەر وایەو، ئیشتیها وروژێنەرە، بۆ شیرنەمەنی ئیلاهی، توخمی یەكەم، بەزەحمەت هەرس دەكرێ، نەگونجاوو نەشیاو دەبێ بۆ سروشتی مرۆیی". بۆدلێر وەكو رەخنەگرێكی هونەریی تێڕوانینی نوێ توندتر دەكا بەلایەنی ستاتیكای راگوزەری، لەنێو چوو بۆژیانی ئێستا، ئەویش ئەو سیمایەیە كە خوێنەر رێی پێداوین ناوی لێبنێین "نوێگەرایی". بۆدلێر وتەزای نوێگەرایی

بەشێوەیەکی لار دەنووسی، چونکە درك بە بەکارهێنانی نوێو، ناسکی ئەم لەفزە دەکا لەڕووی وتەزاییەوە. کارپێکردنی رەسەن بەم واتایە، لەرەچەڵەکەوە بە ساتێکی زەمەنییەوە بەندەو، لەبەر ئەوەشی لە ئێستادا لەنێو دەچێ لەتوانایدایە شەپۆڵە بەیەکدی کێشانەکانی پووچی رابگرێو، ئەوەش وێران بکا کە پێی دەگوترێ ئاساییو ئەو ئارەزووە نەمرەش تێر دەکات بۆ جوانیی ساتی یەکگرتن (FUSION)ی راگوزەر لە نێوان٠ هەنووکەی) لەنێوچووی ئەزەل.

ستاتیکای ئەزەلی تەنیا خۆپۆشتەکردوو بەجلو بەرگی هاوچەرخ خۆ ئاشکرا دەکات، ئەمەش ئەوەیە کە (بنیامین) بەچەمکی وێنەی دیالیکتیکی ئاماژەی بۆ دەکات، چونکە کاری هونەریی نوێ دەخرێتە ژێر فەرمانی یەکگرتنی نێوان جەوهەرو گوزەر: سیمای هەنووکە پەیوەندیی نزیکایەتی نێوان "مۆدە"و، تازە دادەمەزرێنێ، گۆشەنیگای جەفەنگکارو عەبقەری، یاخود مندالێ ئەوانەی هیچ بەرگریەکیان نییە بەرامبەر بەهەر وروژاندنێك کە شێوازەکانی درك پێکردنی ئاساییو پرۆتۆکۆڵیی دایدەمەزرێنێو، جێهێڵراوەکان بێ هیچ بەرگرییەك لەبەردەم شاڵاوی ئەو ستاتیکاو وروژێنەرە لووت بەرزانەی خۆیان لەنێو ڕووە واقیعییە هەر پێکەوە لکاوەکانی رۆژانەیی حەشاردراوە.

رۆڵی (داندی)* ئەو کات لە دیمەنی ئەو مرۆیەدا دەبێ کە هەموو وەهمەکانی لەدەست دەداو شێوازێکی شاڵاو بەرانەش دەداتە ئەم نموونە نائاساییەی کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا خۆی دەردەخات. پیاوی رێکپۆش. گەمەو تام لێکردنی مۆدە، لەگەڵ ئەو چێژە کۆدەکاتەوە کە لەمیانەی سەرسوڕمانی ئەوانی تر هەستی پێدەکات، بەڵام بۆخۆی هیچ کات سەری سوڕنامێنێ. ئەو پسپۆڕی تامکردنی ساتی راگوزەرە کاتێك کە تازە





سەرهەڵدەدات: "ئەو بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێ کە بەنوێگەرایی نێوی دەبەن، چونکە وشەیەکی باشتر شك نابەین بۆ گوزارشت کردن لەبیرۆکەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە. دەشیەوێ لە مۆدەدا ئەو شاعیرییەتە هەڵێنجێ کە دەکرێ لە مێژوودا هەبێو، لەئەزەلیشدا ئینتیقالی هەڵێنجێنێ".

بنیامین دووبارە دەگەڕێتەوە سەر ئەم بابەتە تاوەکو، وێڕای هەموو شتێك، چارەسەرێك بۆ کێشەی ئەو جیاکارییەی بەندە بە پێویستی هەڵێنجانی پێوەرە تایبەتییەکانەوە لە پەساپۆرتی نوێگەرییەوە کاتێك کە بەشێوەیەکی رەها بۆتە ئینتیقالی، بدۆزێتەوە. ئەگەرچی بۆدلێر لەو بۆچوونەی دڵنیا بووبوو، کە پێکەوە لکانی زەمانو ئەزەل لەکاری هونەری رەسەندا دێتەدی. بەڵام بنیامین هەوڵی دووبارە وەرگێڕانەوەی ئەم ئەزموونە سەرەکییە لەسەر ئاستی ستاتیکا دەداتەوە بە پەیوەندیی لەسەر ئاستی مێژوویی. ئەو هەڵدەستێ بە داڕشتنەوەی چەمکی "لەئێستادا" (A. PRCSENT) کە درزەکانی زەمانێك دڕیان پێداوە مزگێنی مەسیحێکی فریادرەس یاخود زەمانی بەکۆتایی گەیشتوو دەدات، ئەویش لەڕێگای بابەتی گێڕانەوە (MIMESIS) کە ئەگەر شیاوبێ بڵێین، تەنك بووەو دەکرێ لە دەرهاویشتەکانی مۆدەدا دەرکی پێبکرێ: "ئەگەر شۆڕشی فەڕەنسا وا لەخۆی دەگات کە رۆمایەکی دووبارە وەدەست هاتووە، ئەوا رۆما وەها دێتە یاد وەك ئەوەی مۆدە بەرگێکی ڕابردوو یادبکاتەوە. مۆدە بەگەڕان لە نێو جەنگەڵی زەمەنی ڕابردوودا بۆنی هەنووکە دەکات. ئەو بازدانی پڵنگیە بەرەو ڕابردوو(....)، هەمان ئەو بازدانەیە، لەکەشو هەوای سروشتیدا روویداوە، بارێکی دیالیکتیکیە، شۆرشە وەك مارکس بۆی دەچێ. ئەوەی بنیامین رەتی دەکاتەوە بەتەنها پێوەرکارییەك نییە (LA NORMATIVITE) لەو تێگەیشتنەوە بۆ مێژوو خوازرابێ کە بەلاسایی کردنەوەی نموونەکان بەندە

بەڵکو دژایەتی ئەو دوو تێڕوانینەش دەکا کە ڕووبەڕوو بوونەوەی دەرهاویشتەی تازە بەشێوەیەکی ڕەهاو چاوەڕواننەکراو دەهێنێتە ئاراوە.

وێڕای راوەستانیشی لەبواری مێژووی نوێدا، کەچی نارِەزایەتی دەردەبڕێ بەرامبەر بەبیرۆکەی زەمانێکی گونجاوو کاڵ (هەمەجۆرو خاوی) پڕاوپڕ لە (بڕوایەکی کەللە شەق بە پێشکەوتن) کە مەزهەبی پەرەسەندنو فەلسەفەی مێژوو ڕەنگ ڕێژ دەکات، هەروەها نارِەزایەتی بەرامبەر بەم بێلایەنییە بۆ هەموو ئەو پێوەرانەی کە مێژووگەرایی ئەنجامی دەدات، ( HISTORICISME) کاتێك مێژوو لە مۆزەخانە بەند دەکرێو هەر خەریکی "ژماردنی بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکانە وەك ئەو خواپەرستەی کە خەریکی دەنکەکانی تەسبیحەکەیەتی" نموونەش ڕۆبسپێرە کە بەباسکردنی ڕۆمانی کۆن، دەقێکی پڕ لەهەنووکەیی‌و دەوڵەمەند بە وەلآمدەرەکان پێشکەش دەکات.

## لەبارەی کێشەکانی فەلسەفەی مێژوو لای ڤالتەر بنیامین

دیاریکردنی پێگەی هەستکردن بەزەمەن کە لە "کێشەکانی فەلسەفەی مێژوو" گوزارشتی لێدەکرێ، کارێکی ئاسان نییە. چەمکی "ئەوەی کە ئێستایە" وەك پێدەچێ، لەتێکەڵەیەکی دەگمەن لە ئەزموونە سوریالی‌و، بابەتەکانی تەسەوفی یەهودی پێکدێت. ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ ساتی ڕەسەن، ئێستایەکی خۆ نوێکەرەوەو بەردەوامی مێژوویی رادەگرێ. بەم ڕێگەیەش لە جەرەیانە گونجاوەکەی دوور دەکەوێتەوە- لەهەردوو ئەم سەرچاوانە ئیلهام وەردەگرێ. ڕۆشنگەری نائایینی شۆك (صدمە)کە، وەك یەکگرتنی سۆفیانە لەگەڵ سەرهەڵدانی مەسیحییەتدا، راوەستانێك دەسەپێنێ چەکەرە بەوە دەکات کە لەساتدا ڕوودەدات. بنیامین لێرەدا مەبەستی تەنها تازەبوونەوەی بنەڕەتی هۆشیارییەك نییە کە "هەموو چرکەیەك ئەو دەزگا تەنگەبەرە بوو





کە مەسیح دەیتوانی لێوەی تێپەڕێ، (ESE X III B, ESSAIS ’’THE 2,207) بەڵکو لەڕاستیدا، بنیامین تاسنووری نەشتەرگەری دڵ لەدەوروبەری تەوەری ئێستا دەچێ، کە بۆچوونی سەرەکییە رووەو ئایندە-کەزەمەنە نوێیەکانی بەشێوەیەکی گشتی پێ دەناسرێتەوە- بەڕادەیەك کەدەبێتە تێڕوانینێکی ریشەیی تر ڕووەو ڕابردوو. چاوەڕوان کردنی ئەو نوێییەی کەدێ تەنیا لەڕێگەی بیرەوەری لەتاخی ڕابردوویەکی سەرکوتکراوەوە دەبێ. بنیامین دروشمی راوەستان کە رزگارکەری ڕێرۆیشتنەوەیە، بەو پێیە شیدەکاتەوە کە "هەلێکی شۆڕشگێرانەی تێکۆشانە لەپێناو ڕابردوویەکی سەرکوتکراو". (XV III D,206) لەچوار چێوەی توێژینەوەکانی سەبارەت بەمێژووی چەمکەکان، کۆسیلك هۆشیاری نوێی زەمەن بەشێوەیەکی تایبەت، واوەسف دەکات کەئەومەودا جیاکەرەوەیە کە لەنێوان "تەختایی ئەزموون"و"ئاسۆکانی چاوەڕوانی"دا نەشونما دەکات: "مەودا لەنێوان ئەزموونو چاوەڕوانی لە گریمانەی مندا لەزەمەنە نوێیەکاندا بەردەوام لە فراوان بووندایە، بەواتایەکی دیکە، ناکرێ وا لە زەمەنە نوێیەکان تێبگەین کە زەمەنێکی تازەیە تەنیا لەو ساتەوە کە چاودێری بەشێوەیەکی بەردەوام لەتەواوی ئەو تاقیکردنەوانە دوور دەکەوێتەوە کە تا ئەو کات ڕوویانداوە" ئاراستەی چۆنێتی زەمەنە نوێیەکان ڕووەو ئایندە تەنیا بەو ئەندازەیە پێکدێت کە نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی پانتاییەك دڕ پێدەدات، بۆ ئەزموونە تایبەتەکەی لە ئەوروپای دێرین- پێکهاتوو لەو جیهانە ژیاوانەی کەشێوە ژیانی لادێی‌و پیشەیی تێیدا باوە- بەو ئەندازەیەی دەیبزوێنێو کە لەبەهای ئەو بۆچوونانەی کەم دەکاتەوە کە ئاسۆکانی چاودێری کۆنترۆڵ دەکات.

ئەزموونی پێشکەوتن کەبەسەر ئاسۆکانی تاقیکردنەوەکەدا زاڵەو، بەشێوەیەکی پتەو ڕەگی لەڕابردوودا داکوتاوە. شوێنی ئەو ئەزموونانە

دەگرێتەوە کە نەوەکانی ڕابردوو گواستویانەتەوە، خەسڵەتێکی نوێ لەڕووی مێژووییەوە بەسەر ئاسۆکانی ئەو ئەزموونەدا زاڵ دەکات، ئەمەش وادەکات کە تۆباوییەت بەردەوام لەتوانای دابێ زێدەتر بخاتە سەری.

کۆسیلك بیری دەچێتەوە کە چەمکی پێشکەوتن تەنیا لەبەرجەستە کردنی ئاواتەکانی کۆتایی دژ بە جیهان (eschatdogiuque) لەزەمانی زەوینی‌و کردنەوەی ئاسۆکانی چاودێری بەواتا تۆباوییەکەی چڕبۆتەوە.

ئەم چەمکە بەڕام کردنی مێژوو لەمیانەی دامەزراندنە مەبەستدارەکانەوە، جارێکی تریش وەکو سەرچاوەیەك بۆنیگەرانی، داهاتووشی شاردۆتەوە. کاتێك بنیامین دژ بە یەکسانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی ماتریالیزمی مێژوویی گفتوگۆ دەکا، ئەوا ئامانجی شیتەڵ کردنەوەی هۆشیاریی نوێی زەمەنە، کە بەسەرداهاتوودا کراوەیە.

کاتێك پێشکەوتن وەکو پێوەرێکی مێژوویی جێگیر دەکا، سیفەتی تازە، شێوەزاری دەسپێکردنی چاوەڕوان نەکراو، لە پەیوەندی نێوان ئێستاو ڕابردوودا هەڵدەوەشێتەوە. لەم گۆشە نیگایەوە مێژووگەرایی، بەپێی بۆچوونی (بنیامین) تەنیا هاوداشتێکی پیشەییە بۆ فەلسەفەی مێژوو. مێژوونووسی ئاگادار کە لە هەموو شتێك دەگا چەند بارەی ڕووداوەکان کۆدەکاتەوە، بەواتایەکی دیکە، ڕێڕەوی ئەو شتەی کە کراوە بە بابەتێك لە پێکەوە لکانێکی نموونەیی دەبینێ، تاوەکو پڕ بکرێ لە "زەمانی کاڵو گونجاو" بەم جۆرە، پەیوەندی ئێستا بە ئایندەوە لەهەموو دەلالەتێك بۆ تێگەیشتنی لە ڕابردوو هەڵوەشێنێتەوە: "ئەوەی بڕوای بە ماتریالیزمی مێژوویی هەبێ، ناتوانێ دەسبەرداری ئەو بیرۆکەیە بێ کە ئێستا ڕێڕەوە، بەڵکو ئێستا بێ هیچ بزاوتێك لەدەروازەی زەمان راوەستاوە. ئەم بیرۆکەیە ڕێك ئەو ئێستایە دیاری دەکات کە مێژوو لەنێو خۆیداو لەپێناو کەسی خۆیدا





دەنووسێتەوە. نوێنەری مەزهەبی مێژووگەرایی ئەم ڕابردووە دەکاتە ئەزموونێکی کەم وێنە (the,s xvi, essais, p.205).

دەشبینین کە هۆشیاری نوێ بۆ زەمان، بەو ئاستەی کە لەبەڵگەنامە ئەدەبیەکاندا تۆمار دەکرێ، لەخاوبوونەوە نەکەوتووە. زیندوێتیەکەشی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەلایەن هیگلە لاوەکانەوە تاوەکو هایدگەرو، تێپەڕ بە نیچەو یۆرك‌و فۆن فارتینبۆرگ. پێویستی بە تازە بوونەوەی بەردەوام کردووە لەڕێگای هزرێکی مێژووییەوە، ئەمە هەمان ئەو پاڵنەرەیە کە کێشەکانی بنیامین دەبزوێنێ، هەوڵی تازەکردنەوەی هۆشیاری نوێی زەمان دەدا. بەڵام بنیامین بە دووبارەکردنەوەی وێنەیەك لە وێنەکانی هزری مێژوویی، کە دەکرا وێنەی بنەڕەتی بێ راناوەستێ. دەتوانین هزری مێژوویی بنەڕەتی بە بیرۆکەی "کاری مێژوو" وەسف بکەین. وەك ئەمەش لەلای نیچەدا دەبینین کە ناوی ناوە (پێودانگی رەخنەیی لەمێژوو) لەلای مارکس لە 18ی پرۆمێر داو، لای هایدگەر لە"بوونو زەمان"دا کە شێوەیەکی ئەنتۆلۆژی لەخۆ دەگرێ. لانی کەم شتێك دەمێنێتەوە کە بە شێوەیەکی روون دیاریکردنی پێ قەبوڵە، تەنانەت ژێرخانی جێگیرکراویش لە مێژوویی بوونگەرایی: ئەوەی کە حوکمی دەرککردن بەڕابردوو دەدا ئاسۆیەکی چاوەڕوانکراوی والأیە لەسەر ئەو ئایندەیەی کە ئێستا دیاری دەکات. بەو ئەندازەیەی کە لەروانگەی ئایندەوە مولکدارێتی ئەزموونەکانی ڕابردوو دەکەین. ئەوا ئێستای رەسەن لەیەك کاتدا ئیمکانی بەردەوامبوونی لاسایی کردنەوەو تازە بوونەوە دووپات دەکاتەوە، بەو پێیە کە یەکێکیان بەبێ ئەویتریان ناکرێ‌و، هەردووکیشیان بابەتیانە لەرێڕەوی "کاری مێژوودا" تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

بەڵام چەند شێوازێك بۆ "كاری مێژوو" هەیە، ئەویش بەپێی ئەو بەردەوامبوونو داپچڕانەی كەدەبێ زامن بكرێ یاخود دابهێنرێ، بەم جۆرەش شێوازی محافزكار (گادامیرGADAMER)و، شێوازی محافزكار-شۆڕشگێڕ (فرێبێر FRAVAR)و شێوازی شۆڕشگێڕ (كورش KORSCHF) هەیە، بەڵام ئەو تێڕوانینە كەی ڕووەو ئایندەییە، هەمیشە، بەسەرچاوەگرتن لە ئێستاوە ڕووەو ڕابردوو دەچێ، بەو پێیەی كە بەبەڵگەوە پێش مێژووكەوتووە (پێش-مێژوو)؛ ڕووە ئێستامان، وەك ئەوەی زنجیرە چارەنووسێكی بەیەكەوە گرێدراو بێت، ئەو هۆشیاریەش لەدوو توخم پێكدێت: پەیوەندی سەیرورەیەكە بەردەوام بۆ كەلتوورێك كە كاریگەرێتی شۆڕشگێڕی دەخاتە چوارچێوەوە، پەیوەندییەك كە لەلایەكەوە سیمای "كاری مێژوو" لەخۆدەگرێو، لەلایەكی تریشەوە لەو ڕۆڵە باوەی ئاسۆكانی چاودێری پێكدێت، سەبارەت بە ئیمكانی ئەو ئەزموونە مێژووییانەی كە دەبێ بەموڵكایەتی بكرێن.

بنیامین بەئاشكرا گفتوگۆ لەسەر ئەم هۆشیارییەی "كاری مێژوو"دا ناكات، بەڵام لەدەقەكەیدا ئەوە هەڵدەهێنجرێ لەیەك كاتدا، لە گەنجینەیەكی ڕۆشنبیری كە ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە موڵكی ئێستاو، لەو پەیوەندییە ناهاوتایەی نێوان كاریگەرێتی بە موڵك كردنی ئێستایەكی ئاراستەكراو ڕووە ئایندەو ئەو شتانەش كە لەڕابردوودا وەدەستیهێناون بەئاگامان دەهێنێتەوە.

بۆ ئەمەش بنیامین پەنا دەباتە بەر پرۆسەی "سەراوبن كردنی بنەڕەتی" پەیوەندییەكانی نێوان ئاسۆكانی چاوەڕوانییو مەودای ئەزموون. ئاسۆكانی ئەو پێشبینانەی كە دەهێنرێنەدی بۆ هەموو سەردەمەكانی ڕابردوو دەگەڕێنێتەوەو، ئەركی ژیان لە یادكردنەوەی ڕابردوویەك كە هەموو جارێك ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دەخاتە ئەستۆی ئەو ئێستایەی كە ڕووە ئایندەیە،





بەجۆرێك كە پێشبینیەكانمان بەهۆی هێزە فریادڕەسە لاوازەكانمانەوە ڕازی بكەین. لە ئاكامی ئەم پرۆسەی "سەراوبن" كردنەش ئیمكانی هارمۆنی كردنی دوو بیرۆكە دەردەكەوێ: بیرۆكەی ئەو بۆچوونەی كە بەردەوامی كەلتووری گوازراوەی وەك ئەوەی پشت بە ڕۆشنبیری دەبەستێ، پشت بە هەمەجییەتیش دەبەستێ. ئەو بیرۆكەیەش كە دەڵێ نەوەی ئێستا نەك هەر تەنیا هەموو جارێ چارەنووسی نەوەكانی داهاتو لە ئەستۆ دەگرێ، بەڵكو لێپرسراوی ئەو چارەنووسەشە كە بەرائەتی نەوەكانی ڕابردوو خستوویانەتە بەردەستی. ئەم پێویستیە بۆ ڕزگاربوون كە تایبەتە بەسەدەكانی ڕابردوو، هەموو جارێك چاودێرییەكانی ڕوەو ئێمەیە، ئەو بیرۆكە باوەی تەسەوفی یەهودیو تەسەوفی پرۆتستانتیمان دێنێتەوە یاد، كە دەڵێ مرۆڤ لە چارەنووسی خواوەندێك بەرپرسیارە، كە لەئافراندندا، دەسبەرداری كەماڵی توانستی خۆی بووە، بۆ بەرژەوەندیی ئازادییەكی هاوداشت لای مرۆڤ. كەچی ئەم گریمانانە لەسەر ئاستی مێژووی هزرەكاندا تەنها شتێكی كەم ڕاڤە دەكات. ئەوەی بنیامین بیری لێدەكاتەوە (حدس)ی زۆر نائاگایی نییە كە شێوەكانی ئەو زۆرداریانەی دوێنێ ئەنجام دراونو بێ گومان ئەو ڕووداوانەن كە قەرەبووناكرێنەوە، بەگشتگیری مۆڕاڵییان دەسپێرێ. بەكردەوەش هاوپشتیەك لەنێوان ڕۆڵەو باپیرەكانداهەیە، هاوپشتی هەموو ئەوانەی ئازار بەجەستەو كەسێتییان گەیانراوە، ئەوەش لەئاكامی هەڵسوكەوتێكی مرۆییو، ئەم هاوپشتیەش تەنیا بەگەڕاندنەوەی بیرەوەری دێنەدی. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە كە لەوەتای هیگڵەوە تافرۆید ڕوودەدات، هێزی فریادڕەسی بیرەوەری لێرەدا ئیدیعای ڕزگاركردنی ئێستا ناكات لەكۆتو بەندەكانی ڕابردوو، بەڵكو بانگەشەی دانەوەی قەرزەكانی ڕابردوو دەكا لە ئێستادا.:" هەموو وێنەیەكی ڕابردوو هەڕەشەی ونبوون لەهەموو ساتێك دەكات كە وەك

ئامانجێك نەیناسیووە، بەمەش وێنەیەكە دووبارە ناكرێتەوە" ( THE,S V,ESSAIS 2).

ئەم بەرەو پێشچوونە كە لە درێژەی ئەم گوتارەدایە، هەوڵی ڕوونكردنەوەی ئەو شێوازە دەدا، كە بنیامین بۆ پێكەوە گرێدانی ئەو كێشانە پەیڕەوی دەكا كە لەبنەڕەتدا تا ئەوپەڕی جیاوازن، ئەمەش تاوەكو "دووبارە،" هۆشیاریی مێژوو" هۆشدار بكاتەوەو، بەم جیاكردنەوەیەش بۆ ئاسۆكانی چاودێری لە ئیمكانی ئەزموونە ڕاگوازراوەكان (لەڕابردوو)ەوە، لەتوانای زەمەنێكی تازەدا دەبێ كە بۆ خودی خۆی بژی، لەتوانایدا دەبێ بەڕووی ئەو چەرخانەی ڕابردوودا رابوەرستێ كە-وەك كوسیلك روونی دەكاتەوە- زەمەنە نوێیەكانی لێ جودابۆتەوە. هاوكات وێنەی پێكهاتەی نێوان ئێستا لەلایەكو، ڕابردوو و ئایندەش لەلایەكی دیكەوە گۆڕاوە. لەژێر فشاری ئەو كێشانەی كە لە ئایینەوە هەڵقوڵاونو، ئێستایەك كە بۆ كاركردنێكی بەرپرسانە لەڕووی مێژووییەوە بانگ كراوە، بەسەر ئەو ڕابردووەدا زاڵ دەبێ كە لەلایەكەوە دەبێ بۆ بەرژەوەندی خۆی بیكاتە موڵكیو، لەلایەكی تریشەوە ئێستایەك كە بۆتە راگوزەر بەشێوەیەكی رەها خۆی لەشوێنێكدا دەبینێتەوە كە داوای ڕێگە والأكردن دەكا لەبەردەم ئایندەدا سەبارەت بەو دەسپێشخەرییانەی كە ئەنجامیان دەداو لەیەك كاتدا ئەوانەش كە كەڵك لێوەرگرتنیان هەڵدەوەشێنێتەوە. بەو ئەندازەیەش كە(بنیامین) ئەم بەرپرسێتییەی ڕووەو ئایندەیە، بەرەو سەردەمەكانی ڕابردوو دەگەڕێنێتەوە، ئەوا وێنەی پێكهاتەكە جارێكی تر دەگۆڕێ، لەڕاستیدا، ئەو پەیوەندییە كە لەڕووی مەبدەئییەوە ڕووە هەڵبژێردراوەكان بەسەر ئایندەدا كێشراوە، ڕاستەوخۆ كاریگەریی لەپەیوەندی ڕابردوویەك دەكا كە لەسەر پێشبینیەكان دەژی. فشاری ئەو مەسەلانەی دەسپێك لە ئایندەوە سەرچاوە دەگرن، بەو





فشارەی كە لەئایندەی رابردووەوە سەرچاوە دەگرێ (لەواقیعدا نەهاتوونەتەدی) دووهێندە دەبێ. لەهەمان كاتدا ئەم گۆڕانە نەرجسیەتی شاراوەی هۆشیارییەكی كەڵكە لەدەوری "كاری مێژوو" راستدەكاتەوە. لەوكاتەشدا، لەتوانادا دەبێ ڕووەو هێزی فریادڕەسی لاواز لای نەوەی ئێستا، نەك تەنیا نەوەكانی داهاتوو بەڵكو نەوەكانی ڕابردووش بڕوانین.

قەرەبووكردنەوە بەهۆی یادكردنەوەی ڕابردوو بۆزۆرداریيەك كە توانای ئەوەی نییە هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام لانی كەم لەتوانایدایە كە دەستی ئاشتبوونەوەی بۆ درێژبكرێ. بەیادكردنەوەی بەهۆی یادكردنەوە ئێستا بەزنجیرەیەكی پەیوەندییەوە دەلكێندرێ بۆ هاوپشتییەكی مێژوویی سەراپاگیر، ئەم یادكردنەوەیە ئەو سەنگە هاوداشتە دەنوێنێ كە گردبوونەوەی بەرامبەر چڕبوونەوەیەكی جیاواز بۆ ئەو بەرپرسیارێتانە شیتاڵ دەكاتەوە كە لە هۆشیاری نوێی زەمان باركراوە، تەنها ڕووە ئایندە، چوارچێوەیەكی گیروگازییە، ئەگەر ڕێگە هەبێ بگوترێ پێكهێنەری گرێبەندی چیرۆكەكەیە.

تێبینی: ئەم وەرگێڕانە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەی خوارەوەیە.

سەرچاوە: القول الفلسفي للحداثة، یورگن هەبرماس، ترجمة: فاطمة الجیوشي.

**Dandy**، وشەیەكی ئینگلیزییە، بەواتا ئەو پیاوەكە زۆر بە جوان پۆشی خۆیەوە دەنازێ.

# دیالیکتیکی عەقڵانییەت لای لاکان

ن: د. عەدنان حب الله

مردن (لاکان)ی لەشانۆی فیکری دیالیکتیکی دانەبڕیوەو بۆ چەندین ساڵی داهاتووش داینابڕێ-زۆربەی بەرهەمە فیکرییەکانی تا ئێستاش بڵاودەکرێنەوە، واش چاوەڕوان دەکرێ تەواوی بەرهەمەکانی پێش دەساڵی داهاتوو بڵاوبکرێنەوە یان تەواو نەبێت. یەکێ لە ئاواتەکانی ئەوەبوو کە قەلە نەکرێ لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی-تاوەکو ڕێگا والاّ بی لەبەردەم شۆڕبونەوە هزرەکانی بۆ نێو زانستە مرۆییەکان‌و ڕێگا بۆ دوای خۆیان خۆش بکەن. هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە هزری خۆی کە مرۆڤ لەکاتی خوێندنەوەیدا وا دەزانێ تێگەیشتنیان قورسە، دوای چەند ساڵێك وەکو زانراوە ساکارەکانیان لێدێ‌و خەڵکی لەنێوان خۆیاندا کاری پێدەکەن، بەمەش خاوەن پسپۆرییەکان دەبەزێنێ.

لاکان، خودان شێوازێکی ئاڵۆزی نووسین بوو: وای دادەنا کە شێواز بۆ خۆی مرۆییە-ئەمەش تیۆرێکە هەڵقوڵاوی چەمکە زمانەوانییەکانیەتی، بەو پێیەی کە بەر لەهەر شتێك مرۆڤ بە گوفتار دەناسرێتەوە: بەو گوزارشتە





زمانەوانییە کە بەکاریان دەهێنێ- ئەوان گوزارشت لە مرۆڤ دەکەن، هەڵبژاردنیشی بۆ هاوداشت‌و وشەو دەستەواژەو ناوەکان‌و ریزبەنیدەکان بە ڕێککەوت نایەن، بەڵکو بونیادێکی دەروونی کاریان تێدەکا کە لەبنەڕەتدا پشت بەخودی شێواز دەبەستێ. بەگشتی لاکان: لاکان-ی شیکەرەوەی دەروونی، هزرمەند، نووسەرو وانەبێژ، یەکەیەکی هەڵقوڵاوە لەمیانەی یاسایەکەوە دەڕژێ کە بنەماکانی دیاری کردووە، تاوەکو لەسایەیەوە ڕوونی بکاتەوە کە زمان بۆخۆی دیاردەیەکی بونیادگەرایانەیە، ئەو نەستەش کە ئارەزووەکانمان دەبزوێنێ بۆخۆی خودی ئەم بونیادەیە. بانگەشەی بەردەوامی لاکان بۆ گەڕانەوە بەرەو فرۆید، خۆی لەخۆیدا بانگهێشتێکی راستکەرەوەیە، بە بنەماو لەناو قوڵایی چالاکییەکانی‌و فێرکردن دایدەنێ-بانگەشەی ئەوەی کە خوێندنەوە بۆ نووسینەکانی فرۆید بکرێ، بانگەشەیە بۆ راستکردنەوەی ئەوانەی کەقوتابیانی فرۆید بەهەڵە لێی تێگەیشتبوون، ئەو قوتابیانە شیکردنەوەی دەروونیان لە کاریگەرێتییە کودەتاییەکەی دابڕی، تاوەکو گرەو لەسەر ئەو چەمکە راستکراوو سادەکراوانە بکەن کە بەکەڵکی ئەوە دێن پشکداری لە زانستی سایکۆلۆژیای باودا بکەن-ئەمەش وەك خودی فرۆید پێشبینی دەکا، واتا داخستنی دەرگای نەست-دوای ئەوەی کە بەسەر پانتایی خۆیدا کردبوونیەوە.

"نەست وەکو بنەمای زمان بونیادنراوە" کەواتە نەست زەمینەو خاڵی سەرەکییە کە لاکان بۆ دەسپێکی هەوڵە هزرییەکانی سودی لێ وەردەگرێ. ئەگەر چی راگەیاندنی ئەم بیرۆکەیە ئاسان بووبێت، بەڵام قورسیەکەی لە سەلماندنەکەیدایە، چونکە ئەم کارە بەم ڕێبازەی کە هەیەتی تەواوی فیکری مرۆڤایەتی دەگرێتەوەو چاو بەژمارەیەکی زۆری بۆچوونەکاندا دەخشێنێتەوە، جا فەلسەفی یا زانستی بن. لاکان وای بۆدەچێ دۆزینەوەی

نەست لەلایەن فرۆید-ەوە، شتێکی تەواو جیاوازە لە چەمکەکانی رابردوو، ئەوەی فرۆید ئاشکرای کرد: رووداوێکی نوێیی هەڵگەڕانەوەیە لە چەمکەکانی مرۆڤایەتی، هیچ کەسێك پێشتر پێی نەگەیشتبوو. نەست، جیاواز لەوەی کە دەروونناسان پێشتر بۆی چووبوون: عەمبارێکی زۆرباش داخراوی ئارەزووە مرۆییەکان یان غەریزەکانە، کە بەرەو پێشچوونی مرۆڤ بووە هۆی پشت گوێ خستنو تەجریدکردنی لەو کاریگەرێتیەی کە هەیەتی، واتا مێژووی دێرینی مرۆڤایەتی بەهەموو هەمەجییەتو سەرەتایی بوونێکەوە، فرۆید هەرگیز وای نەوتووە، لاکان بەرەنگاری هەموو شیکەرەوەکان دەبێتەوە کە بگەرێنەوە سەر خوێندنەوەی سەرلەبەری کتێبەکانی فرۆید. تاوەکو لەوە دڵنیابن کە نەست بۆخۆی بونیادێکەو پێکهاتەیەکی وەکو پێکهاتەی زمانی هەیە. ئەگەرچی وەکو زمانێکی سەرەتایی دەچێ کە هەڵەکانی یەکەمین پیت چێن-مان یاد دەخاتەوە کە لەکەناری رووباری نیلدا سەرقاڵی کۆپی کردنی سەرەتاییەکانە: گواستنەوە لە زمانی وێنەوە بۆ زمانی هێمایی.

لە سەرەتاوە شیکارگەراکان لەو مەغزایە نەگەیشتن کە فرۆید بەنەستی بەخشی، سەرەڕای ئەوەی کە لە کتێبی (شیکردنەوەی خەونەکان)یدا، فرۆید لەسەرەتاوە تا کۆتاییەکەی زۆر هەوڵی سەلماندنی ئەوەی داوە کەنەست زمانە: خەون دەقێکە دەخوێندرێتەوە: دەقی دیار ئاماژە بەدەقی نادیار دەکا لەمیانەی هزرەکانی خودی خەونەکە خۆیەوە، ئەو وەکو مەتەڵێکە بۆ پێکهاتەیەکی وێنەیی لەشێوەی رۆبۆتدا، بەواتاو وێنەی جیاجیا لەگەڵ یەکدی بەستراونەتەوە، بەجۆرێك پەیوەست کردنیان بە رێکەوت دروست نابێ، بەڵکو ملکەچی یاسایەکە کە پێکهاتەکانی کۆنترۆڵ دەکا. ئەمەش ئەو شتەیە کە فرۆید ناوی لێنا پرۆسە سەرەتاییەکان: واتا چڕکردنەوەو گواستنەوە. ئەو لە دامەزراندنەوە تا دوایین دەق خەونەکە کۆنترۆڵ دەکا. چونکە گواستنەوە





خزمەتی غافڵ کردنی چاودێری دەکاو چڕکردنەوەیش بۆ گوزارشت کردنی دروستە لە ئارەزووی خەفەکراو- بەم شێوەیە دوای هەڵخەڵەتاندنی چاودێرو سزادەر، لە رێگای گۆڕینی بابەتێك بە بابەتێکی جیا، گواستنەوە لە هەستەکاندا ڕوودەدا، تاوەکو بە ئازادییەکی زۆرترەوە گوازراشت لە ناخی خۆی بکات. لاکان لەم خاڵەوە دەستی پێکرد تاوەکو رێبازێکی نوێ بۆ تێگەیشتن لەنەست ڕوون بکاتەوەو وەکو زمانێکی سەربەخۆ لە شێوەی ئەم زمانەی کە بەکاری دەهێنین-فرۆید کە پەنای نەبردۆتە بەر زمانەوانی، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە رۆژمێرەکەی لەپێشتر دابووە. بەم شێوەیەش ئەو توانستانەی بۆ نەرەخساون کە دواتر بۆ لاکان رەخسان. لاکان دەڵێ: وێکچوون لەنێوان پرۆسە سەرەتاییەکانو ئەو بنەمایانەی کەزمان پشتیان پێدەبەستێ ڕووی زۆری هەیە. چونکە زمان دیاردەیەکی بونیادگەرانەیە-ملکەچی ئەو بنەما دیاریکراوانەیە کە بەکارهێنانی دیاریدەکەن. لاکان لەم ڕووەوە چی دەڵێ: داڕشتنی خەونو داڕشتنی زمانەوانی پشت بەهەمان بنەماو هەمان شێواز دەبەستن: خوازە (لەبڕی چڕکردنەوە)و درکە (لەبڕی گواستنەوە). واتا پرۆسە سەرەتاییەکان لەپشت دامەزراندنی نەستەوەن، رەوانبێژیش لەوەدەچێت کە فرۆید ناوی ناوە پرۆسە لاوەکییەکانو لەپشتی داڕشتنەوەی (قسە)وەیە: لەوێوە کە هەر دەقێك واتای ئاشکراو واتای شاراوەی هەیە، واتا (دالو مەدلول)- هێڵێکی جیاکەرەوە جیایان دەکاتەوە کە پێش لەهەموو هەوڵەکانی تێگەیشتن دەگرێت- نەخاسما برینەوەی دوا واتا، واتا (مەدلول). واتاکان یەك لەدوای یەك لەدایك دەبن، ئەمەش لە ئاکامی گونجانێکی هاوتەریب لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، کە لەلایەنی خۆیانەوە جیاوازکارییەکان دوور دەخەنەوە، هەروەها ئەوانەشی کە دژیانن، یاخود هێنانەوەی ئەوانەی کەلەگەڵیاندا دەگونجێ، واتای پێویست دەبەخشێت. چونکە زمان واتایەکی

جیاواز لەوەی کە دەیڵێ بەدەستەوە دەدات، ئەگەر زۆر بەووردیو وشە وشە وەرمانگرت-باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو نوکتانەن کە لەمیانەی وشەو دێڕەکانەوە لێیان تێدەگەین. لەمەدا گواستنەوەی بۆ (درکەو خوازە) دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە کەسەربەخۆیی گوزارشت کاتێك لەواتای سادەی وشەکانیش تێدەپەڕێ، لەبنەڕەتدا بەو پرۆسەیەی دواییەوە بەندە. پیشەی درکە غافڵکردنی چاودێرییە،ئەمەش لەرێگای ئاڵوگۆڕ پێکردنی بابەتی سەرەکی بەبابەتێکی دیکە کە رەنگە لایەنێك بێت لەبابەتی یەکەم: واتا بەشێك لەبڕی گشت حسێب دەکرێت بۆ سەلماندنی ئەمە، لاکان پشت بەچەند نموونەیەك دەبەستێ، بۆنموونە: سێ کەشتیوانم بینی. کەشتیوان ئەو بەشەیە کە بەگشت حسێب دەکرێ، واتا کەشتییەکە بەگشت. یاخود دەڵێی پێکێکم خواردەوە. پێك، ئەو شتەیە کە بەبۆشی جێی دەهێڵێ کاتێك کە لەخواردنەوە دەبیتەوە. لاکان ئەنجامگیری ئەوە دەبێت کە درکە پرۆسەیەکی هاوتوخمی هێماگەرییە: لەم ڕووەوە کە هەموو بەهێماکردنێك لەسەرەتاوە گریمانەی لەدەست دانی مەبەست دەکات. درکە لەبنەڕەتی پیشەکەیدا: پێکهاتەیەك دێنێتە کایەوە بۆ ئابڕوبردنی ئەم بۆشاییە، ئەمەش لەو کاتەدا کە هەوڵی دۆزینەوەی ئەلتەناتیفێك دەدا کە ئارەزووی خەفەکراوی ئاراستە بکات. بەپێچەوانەی خوازەوە کە راستی واتا خەفەکراوەکان ئاشکرا دەکات، چڕی دەکاتەوە تاوەکو داڕشتنێکی نوێو کاریگەرتری پێ ببەخشرێ. لاکان ئەم دوو خواستنەوەیە وەکو نهێنییەکی شاراوە دادەنێ کە دوو ڕووی هەیە: یەکەمیان، درکەیە، کە وەرگێڕانی ئارەزوو، ئامادەنەبوونی مەبەستو گەڕانە بەدوای ئەلتەرناتیفدا. دووەمیان، خوازە: لەبوونەوە دێت تەنانەت ئەگەر ئەم بوونەش لەئاستی کەمو کورتییەوە بێت. لاکان لەسەلماندنی ئەم تیۆرەیدا پشتی بەزانستی زمانەوانی بەست کە تازە هاتبووە نێو زانستە مرۆییەکانەوە،





هەر لەناوی سۆسێر-ەوە بگرە کە یەکەمین هاوکێشەی لۆگاریتمی خستە نێو داپڵۆسینی نیشانەو کۆنترۆڵکردنی بۆ هەناردنی واتاکان.

نیشانە= ↓ وێنە دەنگی / بیرۆکە ↑

لەوێوە کە ئەو نیشانەیە لەنێوان شتو ناودا نییە بەڵکو لەنێوان واتاو ئەو وێنە دەنگییەدایە کە پێیەوە بەندە. ئەمەی دواییش واتا (وێنەی دەنگی) تەنیا گوزارشت لە دەنگ ناکات، هێندەی گوزارشت لە ئینتیباعی زەینی ئەم دەنگە دەکات-بەم پێیەش دی سوسێر، وێنەی دەنگی ناونا ئاماژەکەرو (دال)و بیرۆکەشی ناونا ئاماژەپێکراو(مەدلول) کە هاوکێشەکە بەم شێوەیەی لێ دێ:

نیشانە= ↓ ئاماژەکەر / ئاماژەپێکراو ↑ ناونانی بەهەمهێنەری واتا

ئەم یەکگرتنە زمانەوانییە بە داپڵۆسینی نیشانەوە بەندە کە خودان بەهایەکە سنووری واتای دیاریکراوی خۆی دەبەزێنێ لە بارەی پەیوەندی بە زمانو نیشانە دژەکانی. بەهای وشە تاڕادەیەکی زۆر بەو واتایەوە بەندە کە بونیادی وشەکان سەر بە سیستمێکی زمانەوانینو دەچنە نێو ریزی دروست کردنی رستەوە. لاکان، لەوەدا لەگەڵ زمانەوانەکان جیاوازی هەبوو، بەوەی لە بەرهەمهێنانی واتا پێشەنگێتیو داپڵۆسینێتی نیشانەی رەتکردەوەو وای دانا کە تەنیا پێشەنگێتی بۆ ئاماژەکەر دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی ئاوێتە بووی بەو زنجیرە دەلالەتانەوە هەیە کە خود پێکدێنن.

ئاماژەکەر مافی ئەوەی هەیە لە پێشەوەی ئاماژەپێکراو بێ: ئەو بەهێڵێك لێی جوداکراوەتەوە کە هیچ واتایەك ناتوانێ بیسەپێنێ: ئەمانە دوو ئامێرن کە ناکرێ یەکێکیان ئەوی دیکە داپۆشێ. ئاماژەکەر پێشڕەوێتی یاساکانی بونیادی خۆی، هەڵقولاْنی قسە بەڕێوەدەبات. بۆیە واتاکان بە ئاماژەکەرەوە بەندنین، چونکە لەرەسەنی دەنگدانەوەی ئاماژەکەر بۆ ئاماژەکەرێکی دیکەوە دەردەهێنرێ. بەم شێوەیە جیاوازی لەنێوان ئا١ (ئاماژەی یەکەم)و ئا٢ـە کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە. واتاکان بە گەیشتن بەدوا واتا کۆتایی نایەت، چونکە ئەمە راوەستانێکی زەمەنی بۆ بەردەوامبوونی زمان گریمانە دەکات-بۆیە لاکان دەڵێ: دوایین ئاماژە پێکراو لابراوەیە، چونکە لەکۆتاییدا پەیوەندی بەکایەیەکەوە دەکا کە ناپێورێ، ئەویش واقیعە. ئەم ئاماژەکەرەش لە پێشترەوەیە بۆ پێناسەکردنی خود: لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە ئاماژەکەرەدا دەجووڵێتەوە کە پێناسەی دەکاو ئاماژە بە شوێنی دەکات: چونکە خود بەپێی ئەو پێناسەی کە هەیەتی، واتای ئاماژەکەرە سەبارەت بە ئاماژەکەرێکی دیکە. گەیشتنی لاکان بەم دووڕێیانە وەرچەرخانێك بوو لەئازادکردنی شیکردنەوەی دەروونی لە پاشماوەکانی زانستی بایۆلۆژیو سایکۆلۆژی کە فرۆید تیایاندا نقووم ببوو. لەبەرئەوەی کاریگەریی زۆریان هەبوو لە بونیادنانی تیۆرییەکەی. نەخاسمە ئەو تیۆریەی تایبەت بوو بە وزەی لیبیدیو بەرهەمەکانی. تیۆری وزە لای لاکان لە چەمکی ئامێری تازە داهێنراوی سەردەمی خۆی جیاناکرێتەوە. لاکان دەڵێ: ئەم وزەیە لەسەردەمانی زووشدا نەزانراو نەبووە، بەلاْم کەس ئەوەی بەبیردا نەهاتووە کە هاوکێشەیەکی ژمێریاری لەنێوان بەرهەمی کۆلەکانو نرخی خۆراکەکەیاندا هەبێ. هەڵوێستێکی تەواو جیاواز بۆ پەیوەندی مرۆڤو ئامێر: بەو واتایە (مرۆڤ) تەنیا پێویستی بەتێرکردنی نییە، بەڵکو پێویستی پاراستنیشی هەیە، نەکا





بەزوویی تێك بچێ-ئامێر بەکاردەبرێ- هەروەها مرۆڤیش ئەگەر بخرێتە شوێنی ئامێرەوە: کۆیلە بەرهەم دەهێنێتو بەکاریدەبات، بۆخۆشی بەکاردەچێ، پیردەبێو بەمەرگ کۆتایی دێ. بەلاْم هەر زوو مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە بەپێچەوانەی جیهانی ئامێرەوە: پێکەوە دەژینو لەچوارچێوەی هاوسەنگییەکی بەردەوامدا یەکتر دەپارێزن.

ئامێر گوزارشت لە لوتکەی بەهێماکردن دەکا، لێرەشەوە لەو پرسیارە تێدەگەین کە فرۆید لەمیانەی تیۆرییەکەی سەبارەت بە وزەی مرۆیی خستییە ڕوو، تێیدا مەبەستی نەبوو پەنابەرێتەبەر زانستی بایۆلۆژی، تاوەکو مرۆڤ بخاتە هاوکێشەیەکەوە لەگەڵ ئامێردا. مەبەستی شتێکی ترو دوورتر لە سنووری مرۆڤایەتی بوو، چونکەهەڵسوکەوتی لەگەڵ وزەدا لەڕووی خوازەوە بوو، نەك لەڕووی بایۆلۆژییەوە، وەك پارێزەرێك کە دەکرێ بەوە ببەسترێتەوە کە لە هزری مرۆڤایەتی ڕووتدا. مەبەست لەم خوازە، مرۆڤایەتی مرۆڤە لەو ڕووەی کە لەدایکبووی کایەی هێماکانە. فرۆید لە چەمکی زانستییانەی باوی کۆئەندامی دەمار دەستی پێکردو هەمیشە هەوڵی گەڕانەوەی دەدا بۆ خاڵی هاوسەنگی، وەك هەر پزیشکێك کە سەرقاڵی توێژینەوەی بێ لە جەستەی مرۆڤ. بەپێی ئەم بنەمایەش فرۆید هەوڵی بونیادنانی تیۆرییەکی رێكو پێکی دا کە کۆئەندامی دەمارەکان بەڕێوەبباتو لەمێشك سەرچاوە بگرێ. ڕوونیشی کردەوە کە ئەندامێکە پیشەی گواستنەوەی پەیوەندی ڕێخۆشکەری نێوان مرۆڤو واقیعی دەرەوەیە. بەلاْم لاکان دەڵێ: فرۆید ئەوەی دۆزییەوە کە لەئارادا نەبوو، ئەمەش کاتێك بۆی ڕوون بۆوە کە ئەم مێشکە ئامێرێك نییە وەکو هەموو ئامێرەکان- مێشك ئامێری بەرهەمهێنانی خەونەکانە. ئەم ئامێرە ئەوەی دۆزییەوە کە ئامێرەکانیتر نەیاندۆزیوەتەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی ساکارترینی شتەکان

لەماددیەتیدا، لە خۆرسکێتیو، لەسەر ئاستی نەستدا واتاو قسە لەپێکهاتە بنەڕەتییەکەیدا کە لەبەردەمیدا ئاشکرا دەبێت. کتێبی شیکردنەوەی خەونەکان وەکو هەڵگەڕانەوەیەکی سەرەکی بوو کە فرۆید لەمیانەیدا لە جیهانی بایۆلۆژیو فسیۆلۆژییەوە چووە جیهانی هێماکانەوە: دۆزینەوەی هێما لە دیالیکتیکی، دەلالەتی، رارایی نەبزواندنی وشەکان، لەنوکتەکان، لە گوزارشت کردن لە ئارەزووەکاندا-هەموو ئەمانەی لەو ئامێری خەون بینینەدا دۆزییەوە-بۆیە دەبوو یا لێبگەڕێو یاخود هەڵیبگرێتەوە. فرۆید نەیزانی چی ڕوویداوە، تا دوای بیست ساڵ ئەزموون کردن، کاتێك کە قسەی کرد لەسەر پرەنسیبی چێژو غەریزەی مەرگ. لاکان بەقووڵی درکی بەم هەڵگەڕانەوە هزرییە کردو بەسەر ئەم هەڵەدا بازی نەدا، بەڵکو زۆر لەسەری راوەستاو قوڵتری کردەوەو پاڵپشتی لێکرد لە تیۆرییەکەی خۆیدا سەبارەت بە ئاماژەکەرو سەربەخۆیی هێما، پرۆسەی بەهێماکردن پرۆسەیەکی سەربەخۆیە لە واقیعداو، پێویستی بە هۆکاری سایکۆلۆژیو بایۆلۆژیو تەنانەت فسیۆلۆژیش نییە، تاوەکو سەرچاوە بگرێ. زنجیرەی هێمایی بۆخۆی پرەنسیبی میکانیزمی دووبارەبوونەوە کۆنترۆڵ دەکا، کە ئارەزوو بە سووربوونو عینادییەوە بەندبوو، بێ ئەوەی بکوژێتەوە دووبارە دەبێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە هێزە ژیارییەکاندا ڕوودەدا. ئەمەش گریمانەی ئەوە دەکا بونیادێکی هێمایی هەبێ کە لەسەری جێگیربێو لەشێوەی سیستەمو لەچوارچێوەی زنجیرەیەك ئاماژەکەردا چنرا بێت، کە لەمیانەی گواستنەوەیدا لە ئاماژەکەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گوزارشتی لێ دەکا.

پێناسەی ئاماژەکەر بەپێی ئەو بونیادەی کە پێکیهێناوە بە جیاوازی نێوان خۆیو ئاماژەکەرەکانی دیکە دەناسرێتەوە، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی





تریشەوە بەچوونی بۆناو یاسای پێکهێنانی رستەو قسەکانەوە، ملکەچی یاساکانی زمانو رەوانناسی دەبێت. بەڵام گرنگ پێکەوەلکانی ئاماژەکەر بە ئاماژەکەرێکی دیکەوەیە. بێ ئەوەی ئەمە بەسەر واتای ئاماژەکەرەکەشدا بسەپێ-چونکە هەر ئاماژەکەرێك بە زنجیرەیەك پەیوەندی بە ئاماژەکەرێکی دیکەوەیە، نەك بە ئاماژەپێکراو. واتای دەرهێنراو دەچێتە سەر واتایەکی دیکەوە، بەم شێوەیە دەلالەتەکان بێ ئەوەی واتاکان بسڕنەوە، یەك بەدوای یەك دادێن.

ئاماژەپێکراو لە شیکردنەوەی دەروونیدا بۆخۆی ئامانجێکە ئەو نەخۆشەی کە باس لە نەخۆشییەکانی دەکا، دەبێ ئێمە بزانین کەچی لێ شاردراوەتەوە-بەو پێیەی کە ئەم ئاماژەپێکراوە بەهۆی شاراوەییو پرسیار زۆرییەوە زانینێکی پێش وەختی لای گوێگرەکە مشتو ماڵ کردووە. ئەوەی ڕوویدا ئەوەیە ئەو بازنە ئاماژەکارانەی کە لەنەستەوە دەردەهێنرێن، دەچنە جیهانی ئاگاییەوەو دەبن بە زانیاری، بەڵام هەر لەوکاتەشدا لە چوارچێوەی تۆڕێکدا بەچەندین دەلالەتەوە گرێدەدرێن، ئاشکرای دەکەن کە ئاماژەپێکراو هێشتاش پێکهاتەیەکی نادیارە ئەگەرچی کە پێدەچێ لێی نزیك بووبینەوەو بەم شێوەیەش بۆ بازنەی دووەمو سێیەمو چوارەمو..تاد، دەگوازرێتەوە. هەرجارێکیش لە ئاماژەپێکراو نزیك دەبینەوە، ئاماژەکەرەکان بەچڕی بەدوای یەکدادێن، تاوەکو گوزارشتێکی نوێ لەسەر ئاماژەپێکراو بدوێ، بەڵام بێ ئەوەی بەیەکجاری پەردەی لەسەر لادا، چونکە بەپێی بوونی ئەو تەنیا درکەیەکە لە بازنەیەکی وندا، تەنیا لەرێگەی ئەو دەلالەتە نوێیانەدا دەدۆزرێتەوە کە لە رێگەی شیکردنەوەدا دێنە ئاراوە-مرۆڤ هەمیشە زۆرتر لەوە دەڵێ کە دەیزانێ-ئەمەش دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی: فرۆید ئاماژەی دەدا: بەسەرسوڕمانی شیکەرەوە کاتێك کە شتێکی سەرسوڕهێنەر دەدرکێنی

بە جۆرێك كە بڕوا بە گوێی خۆی ناكات: بۆیە چەندجار ئەوە دووبارە دەكاتەوە كە بەبیری دانەهاتووە، یاخود وای بۆنەدەچوو كە لەوانەیە ئاوا بیربكاتەوە. بەبۆچوونی لاكان ئاماژەپێكراو وەكو ئەو خەفەكراوە وایە كە هەمیشە سەرهەڵدەداتەوەو بوونی خۆی بەچەندین دەلالەت پاساودەداتەوە كە بازنەكانی زنجیرەیەك خواستنو خوازە پێك دەهێنن. بەم تیۆرییە لاكان توانی ئەوە تەواو بكات كە فرۆید دەستی پێكردبوو ئەویش بە پاككردنەوەی شیكردنەوە لەو گەردە بایۆلۆژیو فسیۆلۆژییانەی كە لەو كاتەدا خودان توانانو بەگواستنەوەشی بۆ كایەی فیكرو ئەو ئەگەرانەی كە پشتی بەستووە بە پرۆسەی بەهێماكردنو كایەی هێماكان، ئەویش لەمیانەی زنجیرەیەك لەو دەلالەتانەی كە پێكیان هێناوە. بۆ ئەوەش كە گرنگیو سەربەخۆیی ئاماژەكەر ڕوون بكاتەوە، بەو پێیە كە مرۆڤ تەنیا دركەیەكە لە بازنەیەكی ئاماژەكەر لەنێو ئەم زنجیرەیەدا، ئەو ئاماژەكەرە كە ڕۆڵو پیشەو پێگەی خود سەبارەت بەوانی تر دیاری دەكات. گرنگی ئەم ئاماژەكەرەشی لە بنیادی مرۆڤدا بەو گوتارە بەناوبانگە ڕوون كردەوە كە ناوی ((نامەی دزراو))ەو پێشەكی كتێبی ((نووسینەكان))ە. ئەم گوتارە هەڵگەڕانەوەیەك بوو كە گرنگی ئاماژەكەری لە بونیادی زمانەوانیو پێناسەكردنی خود چەسپاند-بەو پێیەی كە ئاماژەكەر نوێنەرایەتی خود دەكات سەبارەت بە ئاماژەكەرێكی دیكە.

شیكردنەوەی دەروونی پەیوەندییەكی پتەوی بەخودی قسەكەرەوە هەیە، بەو پێیەی كە ((ئاسیاوی قسە)) لە هەناوی قسەی گوزارشتكار لە خود بەشێوازی پەرەسەندوو، ڕاناوەستێ. ئەگەر بوونی گوێگرێك بۆ ئەم ناردنەی بەردەوامی هەبێ. ئەركو پیشەی شیكرەوە لە بنەڕەتدا ئەركو پیشەیەكی هزریی ئەبستراكتە- لەسەر ستراتیژی قسەكردن بنیادنراوە-بەتایبەت ئەگەر بۆمان ڕوون بۆوە كە ئەو نەستەی كاردەكەین بۆ ئاشكراكردنی، خۆی ئاشكرا





نەكا، تەنیا لەڕێگای ڕەوانیی زمانەوە، چونكە لەبنەڕەتدا پێكهاتەیەكی زمانەوانی هەیە. كاتێك لەتیۆریەكەیدا باس لە خەفەكردن دەكات، پەنا دەباتە بەر فرۆید كە لە دەرگای هەڵچوونە سۆزئامێزەكانی نەداوە-چونكە ئەمەیان هەمیشە لەڕێگای گواستنەوەوە ڕێگەیەك بۆ خۆساردكردنەوە دەدۆزێتەوە-بەڵام خەفەكردن بەپلەی یەكەم خۆی دەگەیەنێتە ناوی ڕاستەڤینەی ئەم هەڵچوونانە، واتا ئاماژەكەرێك كە ئاماژەی پێدەكا، پێناسەی دەكات. هەموو درامایەكەی شا ئۆدیب لەوەدابوو كە ناوی ڕاستەڤینەی ئەو ئافرەتەی كە لەگەڵیدا جووت ببوو، هەروەها ناوی ئەو مێردەشی كە كوشتبوویو بۆخۆی جێگاكەی گرتبۆوە نەدەزانی. لێرەدا هەڵچوونی سۆز خەفەنەكراوە، بەڵكو ڕێگایەكی بۆ هەناسەدان دۆزیوەتەوە، ئەویش لەڕێگای فێڵ كردن لە سانسۆرەوە، مەرگەساتی ئۆدیب لەو كاتەدا دەستی پێكرد كە ڕاستییەكان دەركەوتن، ئەو ئافرەتەی لەنێو جێگای نووستنەكەدایە، چیتر ئافرەتێكی ئاسایی نەبوو. ئەو پیاوەش كە كوشتی چیتر بە ڕووداوێكی ڕاگوزەر ناژمێردرێ-بەڵام ڕووداوەكان لە مێژووی ژیانیدا وێنابوون، هەرئەوەندە كە ناوەكان جێگای خۆیان دۆزییەوە لەو بازنە ونەی نێو زنجیرەی ئاماژەكەرەكان كە پێناسەی شتەكان دەكەن. خەفەكردن كە خۆی دەگەیەنێتە ئاماژەكەر وەكو نوێنەرێك بۆ ئاماژەپێكراو-ئەویش لەواتای دەرهێنراو جیاكراوەتەوە، چونكە واتا نوێیەكە كۆتایی بەگوزارشت كردن لە بوونی خۆی ناهێنێ، لەبەرئەوەی ئەمە پرۆسەیەكە بەردەوامدەبێ بە گواستنەوە لە ئاماژەكەرێكەوە بۆ ئاماژەكەرێكی دیكەو، بەم شێوەیە (ئا١، ئا٢، ئا٣...تاد) زنجیرەیەك ئاماژەكەر دروست دەكات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەچێتە نێو ڕایەڵی بونیادی نەستەوە كە زمانێكی چوون یەك بەو زمانەی ئێمە بەكاردەهێنێ. ئەو خواستنو دركە بەكاردەهێنێ، تاوەكو ئارەزوو

لەتوانایدا بێ خۆی لەسانسۆر دەرباز بکات. ئەم خواستنو درکەیەش زۆر جیاواز نییە لەوەی کە لە قسەکردنی گشتیدا بەکاردێت، چونکە نەست ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە پێویستی پێی هەیە، لەبەرئەوەی بۆخۆی ئەو کایە فیکرییەیە کە پرۆسەی بەهێماکردنی تێدا ڕوودەدات، بەرلەوەی ببێتە چەمکێکی گشتیو بەکاربهێنرێ. ئەم هێما دروست بووانەش لە دەوڵەمەندکردنی زمانو دامەزراندنی ڕێبازێکی زمانەوانی نوێ بەشداری دەکەن. هێما لە ڕێگای ڕێکەوتەوە دروست دەبێ-بەڵام هەرئەوەندەی بوو بە هێما ئیتر لەو ڕێکەوتە جیادەبێتەوەو لێی ئازاددەبێ، ئەمەش دوای ئەوەی کە جێگای خۆی دەگرێو دەچێتە نێو زنجیرەی ئەو هێمایانەوە کە ملکەچی یاسای زمانن، نەك ڕێکەوت. لاکان چیرۆکی نەوەکەی فرۆید بەنموونە دێنێتەوە لەگەمەکەی for-Daدا. فرۆید ئەم نموونەی بۆئەوە هێناوەتەوە، تاوەکو سەرەتای پرۆسەی بەهێماکردن ڕوون بکاتەوە، هەروەها بۆ ڕوون کردنەوەو چوونە ناوەوەی ئەو منداڵە بۆ جیهانی بەهێماکردن. هەرئەوەندە بازنەی یەکەم چنرا..ئیتر پرۆسەی سەربەخۆ بەدوای یەکدا دێن بۆ ئاشکراکردنی بازنەکانی دیکە. ئەم منداڵە، وەك فرۆید دەڵێ بەدەست ئامادەنەبوونی دایکییەوە گیرۆدەبوو، لە تەمەنێکیشدا نەبوو کە توانای قسەکردنی هەبێ. ئەو تەنیا هەندێ گیرەدەنگی دەزانی. جارێکیان دایکی بەسەریا هات بینی کە بەکرەیەك (داو) فڕێ دەداتە ژێر تەختەکەوەو دەڵێ For-Dar واتا دوور، دواتر بەکرەکە رادەکێشێو کە دەگاتە نزیکی خۆی دەڵێ Da واتا نزیك، منداڵەکە چەندین جار ئەم گەمەیەی دووبارە دەکردەوە، بێ ئەوەی بێزاربێو ئاگای لەهەموو شتەکانی تر بڕابوو بەتایبەتیش ئامادەنەبوونی دایکی. لاکان دەڵێ: منداڵەکە لەڕێگای ئەم یارییەوە کە بە ڕێکەوت دۆزییەوە، توانی دۆخێکی مەرگەساتبار کۆنترۆڵ بکا





کە بەهۆی ئامادەنەبوونی دایکیەوە بەدەستیەوە دەیناڵاند. بێ بەشکردنی ئەو لەدایکی بۆماوەی چەند ڕۆژێك شتێکە لەتوانایدا نییە، بەتایبەت کە چەمکی کاتو بەهێماکردنی هێشتا نەهاتوونەتە نێو ڕێبازی هێماکانی ئەم منداڵەوە، بۆیە دایکەکە دەتوانێ وازی لێ بێنێ، ئەویش واتا (منداڵەکە) بۆتە ملکەچی ئیرادەی دایکەکەو خۆسەپاندنی بەدۆزینەوەی بۆ ئەم یارییە توانی دۆخی مەرگەساتباری خۆی کۆنترۆڵ بکا، ئەویش لەڕێگای بەهێماکرنییەوە، توانی دایکی لەبیربەرێتەوەو بەکرەکە بکاتە نوێنەری وی، بەڵام ئەمجارە دۆخە نێگەتیڤەکەی بە پۆزەتیڤەکەی گۆڕی، ئەم جارە بۆخۆی گەمەکە کۆنترۆڵ دەکات بۆ خۆی ئامادەبوونو ئامادەنەبوون دیاری دەکات. لێرەدا دەپرسین چی ڕوویداوە، تاوەکو ئەم منداڵە لە توانایدابێ کە دۆخی کۆنترۆڵ بکات؟

لاکان لەوەڵامدا دەڵێ: ئەگەر ڕێکەوت وای کرد ئەو هێمایە بدۆزرێتەوە، هێماکە لە قۆناغێکی تردا سەربەخۆ دەبێو ملکەچی کۆنترۆڵی خود دەبێ. بەم پرۆسەیەی ڕێکەوتە منداڵەکە توانی بچێتە جیهانی هێماوە کە لەبنەڕەتدا هەستکردنە بە نوقستانی بوونێك. ئەم هەستەش بوو وای لێکرد بتوانێ ئەو ئاماژەکەرە بدۆزێتەوە کە گوزارشتی لێدەکات. مرۆڤیش هەر لەسەرەتاوە پرسیار لەبارەی بوونی خۆیەوە دەکات: ببێ یان نەبێ: to be or not to be چونکە بوون تەنیا لەسەر بنەمای بوون لەکوێوەهات؟ دادەمەزرێ، لەخاڵی سفری نەبوونەوە، لەخاڵی مەرگ-کە بەئاماژەکەری یەکەمەوە بەندە بەو پێیەی کەبەر لەوەی زیندووبێ مرد بوو. بەڵام لەو ساتەوە کە دێتە جیهانی بوونەوە، ئەم بوونە لە مێژوویکدا وێنا دەبێ کە بەر لەبوونی وی داڕێژراوەو، تاڕادەیەکیش چارەنووسی دیار دەکا. "نەیدەزانی کە ئەو مردوو بوو". ئەم پرسیارە کە لاکان لەبارەی "هانسی چکۆڵە"وە دەیکا کە فرۆید شیکردۆتەوە، بۆخۆی وەڵامی پرسیارێکی بێزارکەرە:"لەکوێوە

هات؟" و "لەکوێ بوو؟" بوون لەسەر نەبوون بنیادنرا-ئاماژەکەری یەکەمیش ئاماژەکەرێکە لەم کەموکورتییەوە سەرچاوەی گرتووە: ئەو بۆشاییەی کە لەکاتی جیابوونەوەی لەم جیهانەدا جێی دەهێڵێ. لەبنەڕەتیشدا بوونی لەسەر بۆشایی بنیادنراوە،نوقسانێك کە لەبەر لەدایك بوونی سیمای خۆی گرتووە، لەقسەکانی کەسو کار- لەئاواتەکانیان، لە ئارەزووەکانیان خودیش کە دروست دەبێت پشت بەم هاوکێشەیە دەبەستێ: ببی یان نەبی، واتا ئەم نەبوونە، بوونەکەی دادەمەزرێنێ- لەناواتاوە، واتا دەرکەوت-لەم گریمانەیەوە هێمای یەکەم سەرچاوەی گرت لەحاڵەتی نەوەکەی فرۆیددا کە گەمەی دەکرد: ئامادەنەبوونو ئامادەبوون ئەو شتە بوون کە پێویستی پێیان هەبوو بۆ بەهێماکردنی نوقسانییەکەی دایکی، بەمەش دەیتوانی لەرێگای قسەوە ئەم پەیوەندییە کۆنترۆڵ بکات لەبەرامبەر پابەند بوونی کۆتایانەی بەجیهانی زمانەوە، جیهانی هێما کە چووە ناویو بوو بەتەنیا شانۆیەك بۆ پێکهێنانی خودو گوزارشت کردن لێی. لەم یەکەوە کە نوقسان دەکا پرۆسەی یەکەمی بەهێماکردن دەست پێدەکا، بەو پێیەی کە کتێبێك ناتوانێ جێگای خۆی لە کتێبخانەیەکدا دیاری بکات، تەنیا لەرێگای ئەو بۆشاییەوە نەبێ کە لەکاتی ئامادەبوونیدا جێی دەهیلێ. منداڵ لەسەرەتای قسەکردنیدا ئامادە نەبوونی خۆی بەرامبەر بەناوی کەس کە بەکاری دەهێنێ گریمانە دەکا، ئەمەش سەرەتای ئەو گەمە هێماییە کە بۆهەر کەسێك، کەدەچێتە جیهانی زمانەوە، گریمانە دەکرێ، کە لەکەلێنێکی بوونی خۆیەوە دەسپێدەکات تاوەکو بتوانێ گوزارشتی لێبکات، ئەگە ر ئەم نوقسانە سەرەکییەش نەبووایە پێویستییەك بۆ بە هێماکردن نەدەبوو. زمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ هۆشیاری خودیی، مرۆڤ پێویستی بە ئامرازێکی پێوەندی هەیە لەنێوان خۆیو شتەکاندا، لەنێوان خۆیو جیهاندا، لەنێوان خۆیو خودی خۆیدا، زمان ناو لەشتەکان





دەنێ-هێماکردنی شت لەسەر مەرگی شتەکە، ئامادە نەبوونی، نوقسانی بنیادنراوە- کەواتە وشە لەیەك کاتدا واتای: لەدەستدانو بوونی شتەکەیە. نەوەکەی فرۆید توانی دایکی بنێژێ وەکو بوونێك کە لەگەڵیەتیو دیلی دەکا: ئەمەش هەڵێنجاندنی ئەو هێمایەیە کە گوزارشت لە نوقسانی خۆی دەکا بۆ دایکی، گوزارشت لە نوقسانی دایکی دەکا بۆ وی. ناوی سیمای شتەکان دیاریدەکاتو، رۆشنایی بە بەرێوەچوونی کاروبارەکانو رێکخستنیان لەچوارچێوەی سیستمێکی دیاریکراودا دەبەخشێ، هەر ئەوەیش حەرامو حەلاڵیان دەکا، ئەگەر ئەمە نەبووایە مەرگەساتی ئۆدیبی پادشا بوونی نەدەبوو، ناونانی ئافرەتانە کە حەلاڵو حەرامیان دیاری دەکا بەپێی نزیکی خزمایەتیو دوورییان. لەم دەرگایەشەوە منداڵەکە دەچێتە نێو تۆڕی ئۆدیبیەوە، ئەو مۆرەی پێوە دەنرێ کە بەدرێژایی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێ، لێرەشدا دەبێ منداڵەکە قەرزێك بداتەوە باوکی، بەرامبەر بە چەکێك کە پێشترو بەبێ ئاگاداری ئەو مۆرکراوە، ئەو بەتەنیا دەست لەدایکی وەکو ئامانجێکی سێکسی حەرامکراو هەڵناگرێ، بەڵکو دەست لەو خۆبادانە لولەییەش هەڵدەگرێ، کە لەخۆیدا دەبینیەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی دایکی، واتە دەست هەڵگرتن لەهەموو ئەو سەرابە خۆویستیەی کە لەو جێگایەدا کۆبۆتەوە- ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە دواجار ئۆدیب پێی گەیشت کاتێك کە پرسیاری کرد: ئایا ئێستا کەبووم بە: هیچ دەبێ بووبم بە مرۆڤ؟

کەواتە ئاماژەکەر لەپێشترە وەك لەئاماژە پێکراو-لەچوارچێوەی تۆڕێکی چنراو لە ئەندازەی بونیادی خوددا دەبزوێ-خود سەبارەت بە ئاماژەکەرێکی تر پێناسە دەکات. ئەو وەکو هێمایەك وایە"یەکەیەکی شاردراوە" لەچوار چێوەی زنجیرەیەك ئاماژەکەر دەجوولێتەوە، هەریەکە بەجیاوازییەك لەوی

دیکە دەناسرێتەوە، کە جیاوازیو دواتریش پێکەولکان نیشان دەدات-نەست لەو دەلالەتانە چنراوە کە وێناکردنی تیۆری دەخوازن لەمەشدا لەو زمانە دەچێ کەپێی دەدوێین. بۆ ئەوەش کە لاکان ئەم تیۆرەی بسەلمێنێ پەنای بردۆتە بەر چیرۆکەکەی "ئەدگار ئالان پۆ" لەبارەی نامە دزراوەکە. لەم چیرۆکە پۆلیسیەدا ئەو تەعبیرەی دۆزییەوە کە بەواتای وشە پیشەی ئاماژەکەر لە کۆنترۆڵکردنی کەسەکانو رۆڵەکانیان بەرجەستە دەکات. ئەو چیرۆکە نموونەیەکە کە لاکان لەمیانەیدا هەوڵیدا کاریگەرێتی ئاماژەکەر لەپێکهاتەی نەستدا دیار بکا، لەسەر بنەمای ئەوەشدا دیالیکتیکە لۆژیکییەکەی لە پێکهاتنی نەست بونیاد نا، بەو پێیەی کە خود هەر ئەوەندەی ملکەچی کۆنترۆڵی قسەکەربوو ئیتر بەسەرخۆیدا، دابەش دەبێت.

چیرۆکەکە بریتییە لە: شاژن لەکاتی خوێندنەوەی نامەیەکی گرنگدا لە پڕدا دەبینێ کە شاو وەزیرەکەی دێنە ژوورەوە، شاژن بۆ ئەوەی سەرنجی شا رانەکێشێ بۆ ناوەڕۆکی نامەکە: بەشێوەیەکی ئاساییو پشتگوێ خراو لەسەر مێزەکەی دادەنێت، بەمەش هەڵچوونی ناوەوەی خۆی دەشارێتەوەو، گوێ پێنەدان دەکاتە پەردەیەك کە گرنگی ڕووداوەکەی لەپشتدا دەشارێتەوە. وەزیر کە خاوەنی تێگەیشتنەو زۆر دەزانێ، هەست بەگرنگی مەسەلەکە دەکات، ئەویش وەکو شاژن بێ ئەوەی هیچ گرنگیەك نیشان بداتن نامەیەك لەشێوەی نامەکەی شاژن لەگیرفانی دەردەهێنێ، لەجێگای نامەی شاژنی دادەنێتو نامەکەی شاژن لەگیرفانی خۆی دەنێ. شاژن لەم ڕووداوە ئاگادارە بەڵام وای بە باشتزانی کە بێدەنگ بێت نەکا کارەکەی ئاشکرابێت.

شاژن رەشبین نییەو دەسبەرداری وەدەستهێنانەوەی نامەکەی نابێت: بە فەرمانێکی پۆلیسی هەڵمەتێکی پشکنین لەماڵی وەزیردا ئەنجام دەدەن، بەڵام بێ ئاکام بوو-لەو کاتەدا سەرۆکی پۆلیس ڕوو لە کەسێك دەکات کە ناوی





"دیبان"ە داوای یارمەتی دەکات بۆ وەدەست هێنانی نامەکە. دیبان دووجار سەردانی وەزیر دەکات: یەکەمیان بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی نامەکە، لە دووەمیشیاندا پلانەکەی جێبەجێ دەکات، بەرێکەوتن لەگەڵ شوفێری وەزیر کە دەست دەکات بەتەقەکردن لەنێو شەقامەکەدا، لەوکاتەدا وەزیر بۆ ماوەیەك سەرقاڵ دەبێ، ئەو ماوەیەش بەشی ئەوە دەکات کە دیبان نامەیەکی هاوشێوەی نامەکەی شاژن کە وەزیر ناونیشانی خۆی لەسەر نووسیوەو وەکو نامەیەکی ئاسایی لەچەکمەجەکەی خۆیدا دایناوە، بەڵام دووربان ئاگاداری ئەم پلانەی وەزیرەو ئەوەش دەزانێ کە باشترین رێگا چارە بۆ شاردنەوەی شتی گرنگ دانانیەتی لە بازنەی بینینی ئەو کەسەی کە بەدوایدا دەگەڕێ، چونکە بێگومان ئەو لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا دەگەڕێ. ئێستا نامەکەی لای دیبانە: لەخۆی دەپرسێ: چی لێ بکەم؟ بڕیاردەدا کە سەرۆکی پۆلیس بانگ بکاتو لەبەرامبەر نامەکەدا داوای برە پارەیەکی لێبکات. ئەویش ئەم داوایە جێبەجێ دەکاتو یەکسەر نامەکە وەردەگرێتو برە پارەکە دەداتە دیبان. لەبەرامبەر ئەمەشدا دیبان لە بازنەی هێماکان دەچێتە دەرەوەو، دەستی لەم بابەتە دەبێتەوە.

لاکان دەڵێ کە "نامە دزراوەکە" بەڕاستی: گوزارشت لەئاماژەکەر دەکات بەهەموو واتاکانی، هەروا پێشڕەوێتی بەسەر ئاماژە پێکراودا-چیرۆکەکە لەبارەی ئەوەوەیە کە نامەکە لای کێیە؟

نامەکە ئەم دەستەو ئەو دەست دەکات تەنانەت بێ ئەوەی بزانرێ چی تێدایە، یاخود گرنگی زانیارییەکانی نێو نامەکە چییە. نامەکە وەکو هێمایەك لە چوارچێوەی بازنەیەکی کراوەدا دەگوازرێتەوە. بەشێوەیەك هیچ کەسێك لەتوانایدا نییە دەسکاری بکاتو ئاگامەندی ئەم دەسکارییە لە ئەستۆ بگرێ. چونکە پێگەی هەر تاکێك لەم گەمەیەدا بەپێی شوێنی کەسەکە

سەبارەت بەو نامەیە دیار دەکرێ. لاکان ئەوەشی بۆ زیاد دەکا کە ئەگەر گرنگی نامەکەشمان لەبەرچاو گرت وەکو نموونەیەك بۆ ئەو ڕووداوانەی کە بەهۆی گواستنەوەیەوە کەڵەکە دەبن: ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە وەکو نەست وایە بۆ هەرکەسێك لە ئێمە. ئەمەش سەیر نییە.

ئەگەر بەووردی سەیری هەر مەرگەساتێکی مرۆیی بکەین دەبینین کە لەسەر شانۆی ئەو مەرگەساتەدا گرێکان گرێدەدرێن‌و، بەپێی بەستەی پێشوەخت پەیوەندییەکان سازدەدەن‌و ڕۆڵی مرۆڤ سەبارەت بەوانیتر دیاری دەکەن، تەنانەت شوێن‌و سەرچاوەکەشی بەهەمان شێوە. ئەمەش ئەوەیە کە لاکان لەنامەکەی نێو دەستی شاژندا چڕی دەکاتەوە: هەر چ جۆرێك بێ: ڕەنگە نامەیەکی دڵداری بێ لە کەسێکەوە ناردرابێ: یان هەواڵی پلانێکی تێدابێ دژ بە پاشا، یاخود هەواڵی ڕووداوی زۆر مەترسیداری تێدابێ. گرنگ لەمەسەلەکەدا ئەوەیە کە واتای نامەکە کاتێك لەنێو دەستی شاژندابوو تەواو جیاوازە لەوەی کە لەدەستی وەزیردایە، بۆ وەزیر بەڵگەیەکی هاندەرەو کاریگەری تەواوی هەیە، ئەو لەنێو چەکمەجەکەی دادەنێ‌و لەکاتی پێویستدا پەنای بۆدەبات‌و هەڕەشەی پێ لە شاژن دەکات بۆ ئەوەی تەماحەکانی بهێنێتەدی. بەڵام وەزیر ئەم نامەیە بەکارناهێنێ، بەڵکو دەیخاتە چەکمەجەکەیەوە، چونکە دەزانێ شاژن هەر ئەوەندەی بزانێ کە نامەکەی لای وییە ئەوا لێی دەترسێ. لاکان دەڵێ ئەم پەیوەندییە دوو قۆڵییەی نێوان شاژن‌و وەزیر: نموونەیەکە بۆ ئەو شتەی کە لەشیکاری دەروونیدا بەپەیوەندی نەرجسیانە ناوی دەبەن. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەشدارۆڵی وەزیر سەبارەت بەم نامەیە دەردەکەوێت: کە ڕۆڵێکی مێینەی هاوشێوەی ڕۆڵی شاژنە. ئەویش وەکو شاژن ناتوانێ باسی نامەکە بکات. چونکە دەکەوێتە هەڵوێستێکەوە کەلەتوانایدا نابێ خۆی لێبدزێتەوە: ئەویش تەڵەکەبازییە بۆ





وەدەست هێنانی نامەکە، ئەمەش بۆ زیرەکی دیبان ناگەڕێتەوە ئەوەندەی بۆ ئەو بونیادە دەگەڕێتەوە کە گەمەکە کۆنترۆڵ دەکات.

پۆلیس نامەکە نابینێتەوە: بەدوایدا دەگەڕێن بەڵام نایبیننەوە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە بەنێو دەستیشیاندا تێپەڕیبێ. چونکە پۆلیس ئەو دەسەڵاتەیە کە پشت بەهێز دەبەستێت بۆ گەڕان بەدوای نامەیەکدا کە نازانن ناوەڕۆکەکەی چییە. بەمەش هەڵوێستی پۆلیس هاوشێوەی هەڵوێستی پادشایە-دەبینێ‌و تێناگا، چونکە بەدوای واقیعی نامەکەدا دەگەڕێن نەك بەدوای ئەو ڕاستییەی لەناو خودی نامەکەدا حەشاردراوە. هاتنی دیبان بۆ ناو گۆڕەپانەکە، بارودۆخەکەی سەراوبن کرد، چونکە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خاوەنی نامەکەدا، لەو هەڵوێستە بێلایەنەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەوڵی تێگەیشتنی بونیادی ئەم گەمەیەی دەدا-واتا ئاشکراکردنی ڕۆڵی هەریەکێك لەوانەی کە خاوەنی گەمەکەن، ئەویش بەپێی ئەو پیشەیە کە نامەکە بۆی دەستەبەر دەکات، لەحاڵەتێکدا ئەگەر لای بێ یاخود لای نەبێ، بوون‌و نەبوونی نامەکە لای هەریەکێکیان یەکتر تەواو دەکەن-چونکە ئەم بونە لەنووقسانییەوەیە، ئەم نوقسانییەش بۆشاییەك نییە وەك هەر بۆشاییەکی تر، بەڵکو دەبێتە گوزارشتێك بۆ بوونێکی لەبنەڕەتدا پەیوەندیدار بەئامانجی ون بووەوە، دیبان بەسەرچاوەگرتن لەم زانیارییەوە: چووە نێو گەمەکەوەو: گرەوەکەی قەبووڵ کرد: بۆ گەڕاندنەوەی نامەکە-بەڵام نەیتوانی بگاتە نامەکە تا ئەو کاتەی کە ڕۆڵی هەرسێکیانی لەگەمەکەدا ئاشکرا نەکرد بەتایبەتی وەزیر، دیبان کاتێك نامەکەی دەست کەوت، وەکو ئەوانی تر خۆی لەجێگایەکدا دۆزییەوە لەناو گەمەکەدا کە بەدڵی نەبوو، بوونی نامەکە لای وی واتای ئەوە بوو کە ڕەنگە وەکو ئەو دوای تاکەکان ئەویش تووش ببێ-بۆیە تاکە ڕێگەیەك بۆ دەرچوون لەم گەمەیە، گەڕاندنەوەی نامەکەیە بۆ ئەو

کەسەی لەبنەڕەتدا بۆی هاتبوو، بەڵام لەبەرامبەردا دەبێ کرێی ماندوو بوونەکەی ئەویش بدرێت. بەم شێوەیەش دیبان لەنامەکە رزگاری دەبێو لەلایەکی دیکەشەوە لەخاوەنەکانی نامەکەش قورتاری دەبێ-چونکە قەرز تابمێنێ بەشێوەیەك یان بەشێوەیەکی تر هەر دەبێ بدرێتەوە- نامەکەش لەئاکامدا هەردەبێ بگاتەوە دەستی ئەو کەسەی کە بۆی نێردراوە.

دیبان بەواتای وشە ئەو شیکردنەوە دەروونییەی بەرجەستەکرد، بۆیە دەچێتە نێو گەمەیەکەوە تاوەکو لەولاوە لێی دەرچێ، ئەمەش دوای ئەوەی کە پەردە لەسەر ئەو راستییە لادەدات کە شاردراوەیە، هەروەکو نامەکە. واتا شیکەرەوە دەروونییەکە خۆی لەقەرزی نەخۆشەکەی رزگار دەکا بەرامبەر بەو کرێیە کە لێی وەردەگرێ، ئەمەش تاوەکو نامەکە بگەیەنێتە ئەو کەسەی کە بۆی رەوانەکراوە.

لەم روانگەیەوە لاکان گرنگیی هێما لەپێکهێنانی خود-دا دیار دەکات، خود هێما دروست ناکات، بەڵکو لەراستیدا خود بۆخۆی لەدایك بووی هێمایە. کۆنترۆڵی دەکاو چارەنووسی دیاریدەکا، هەروەك لەچیرۆکی نامە دزراوەکەدا بینیمانو، لەگواستنەوەی بۆ دیاریکردنی کەسەکانو ئەو رۆڵەی کە دەیبینن، ئەو خودی نەستە، بەو پێیەی کە بۆخۆی ئەو ئاماژەکەرە چنراوانەن کە لەبەردەم دەروونشیکاریدا ئاشکرا دەبن. بیرۆکەکان هەرچەندیش جیا بن لەرێگای قسەوە، لەچوارچێوەی سیستمێك کە پێشتر رێکخراوە دێنە دەرێ، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ سەربەخۆیی هێما دەگەڕێتەوە.

مرۆڤ ئەگەرچی بەسیستەمی هێما قسە دەکا تەنیا لەبەر ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا سەرسوڕماوە بە بوونی ئەو. ئەم وەهمەش کە دەگاتە ئاستی هۆشیاری، بەتەنیا ئاکامی ئەم پەیوەندییە دوو قۆڵیەیە لەگەڵ ئەویتر کە وێکچوویەتیو لە بۆشاییەوە سەرچاوەی گرتووە، تاوەکو لەرێگای قسەوە





ببێتە هۆی لەدایك بوونی "من" لەشوێنی ئەوی دیکەی گەورە: بەو پێیەی کە نامەی نێردراو بە گەڕاوەیی لەوی دیکەوە دێتەوەو دانی پێدادەنێیو دەشیناسێنێ.

بۆیەشە کە بەدوای یەکدا هاتنێکی لۆژیکیانەمان لای لاکان بەرچاو دەکەوێ، سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ (من)و پێکهاتنی: تەواو جیاواز بوو لەو چەمکە سایکۆلۆژیانەی لەو کاتەدا باو بوون. ئەم هەنگاوەی لاکان کاریگەریی قووڵی هەبوو لەسەر راستکردنەوەی ئەو لادانەی دەروونشیکاریی تێیکەوتبوو، خەریك بوو دەبووە تیۆرێکی سایکۆلۆژیی دابڕاو لەو دینامیکیەتەی کە فرۆید دەستی پێکردبوو. شیکەرەوە دەروونییەکان پشتیان بەهەرسێ دەسەڵاتەکە، من، ئەو، منی باڵا، نەست، وەکو بنەمایەك لێیەوە سەرچاوە بگرن، چ تیۆرییەکانیانو چ لەکاری پزیشککاریاندا. تا ئەو کاتەی ئەم وشانە بوون بە چەند وشەیەکی ئاسایی، لەکاتی بەکارهێنانیاندا لەهەموو پەیوەندییەکی پزیشکی دابڕا بوون. ئەم چەمکانە سروشتی زانستی دەروونیان لەخۆ گرت. وەکو چەند کلێشەیەك کە بەپێی پێویست بەرهەم دەهێنرێنو بەکاردەبرێن...لاکان داوای لەگوێگرانی دەکرد بگەڕێنەوە بۆ فرۆید، بۆ دوبارە خوێندنەوەییو، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لێی لەبەر رۆشنایی زانستە نوێیەکان: زانستی زمانزانیو فیزیكو ماتماتیك.

بانگهێشتیشی کردن تاوەکو پرسیارەکانیان بخەنەڕوو بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو ڕووەو وەڵامەکان بەرەو پێشەوەبچێ-گرنگ لەم بابەتەداو بەر لەهەر شتێك: ئابڵووقەدانی دواکەوتوویيە، چونکە ناکرێ مەعریفەیەك دیاری بکەین، تەنیا ئەو کاتەی نەبێ کە قەبارەی نەزانینی دەوروبەری درك پێ بکرێ. ناسینی نەزانییە کە رێگە لەبەردەم مەعریفە والاّ دەکا. بۆیە دەبینین لاکان زۆرترین پرسیار دەخاتە بەردەم قوتابییەکانیو هەوڵی وروژاندنی

خۆرسکێتییان دەدا کە نەزانینیان تێدا جێگیرببوو. داوای پێشخستنی وەڵامەکانیش ناکات، چونکە وەڵامی دروست پێش وەخت لە لۆچەکانی پرسیاری دروست دایە. بۆیە هزری لاکان سیمایەکی بابەتیانەو دیالیکتیکی لۆژیکیانەی هەیە، هۆشدارەو هیچ هەنگاوێك نانێ، تا ئەو کاتەی دروستی لەسەر هەردوو ئاستی هزرو پزیشکی نەسەلمێنێ. چونکە کاری پزیشکی ڕوویەکی دیکەی تیۆریستی هزرەو ناکرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە، کایەی مرۆڤ وەکو بابەتێك بۆ شیکردنەوەی دەروونیی تەنیا یەك لا ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوی چالاکی هزری دەگرێتەوە، بەرهەمەکەی بۆ هەموو بوارەکانە، چ هزرییو چ زانستی. لێرەدا لاکان پرسیارێك دەخاتەڕوو: ئەگەر "من"و بابەتی هۆشیاری: هەموو سەرقاڵیەکی زاناکانی دەروونناسیو فەیلەسوفەکان، دروستر وایە کە بپرسین، چۆن هاتووەو سەرچاوەکەی کوێیە؟ چۆن دروست بوو؟ ئەمەش بەر لەوەڵامدانەوەی چییەتی پیشەو ڕۆڵی دەروونیی لە پەیوەندی مرۆڤ بەمرۆڤەوە. ئەگەر شیکردنەوەی دەروونی پشکداری کردبێ لە تێگەیشتنی مرۆڤ، ئەوا بۆ ئەو کارە پزیشککارییە دەگەڕێتەوە کە دەرگای بۆ فرۆیدو شیکەرەوەکانی دوای ئەو والاکرد بۆ ئەوەی پەردە لەسەر ئەو پرۆسە دەروونیانە لادەن کە مرۆڤ بەڕێوەدەبەنو هەڵسوکەوتی دیاری دەکەن، هەڵێنجانی هزریی پرۆسەیەکە شان بەشانی تێڕوانینی پزیشککارییە.

بەرلەوەی مرۆڤ بچێتە جیهانی هێماوە، بەر لە دیاری کردنی ڕۆڵی ئەو پێگەیەی کە لێیەوە دەستی پێکردووە، چۆتە ئەو دونیایەوە. هێماکان پەیوەندکاری نێوان خودو شتن. ناشتوانێ بەکاری بهێنێ، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە خودی خۆی وەکو بوونێکی نێگەتیف هێماکردبێ(١_)، بازنەی ون لە زنجیرەی هێماکاندا، کە کەمو کورتییەکەی ئاماژە بەبوونی دەکات.





مرۆڤ بەرلەوەی بچێتە کایەی هێماکانەوەو لەفەزاو چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا مەلە بکات کە بەڕێوەی دەبات، ئەویش سیستەمو بنەماکانی زمانە، دەبێ بە پەیوەندییەکی دوولایەنیدا تێپەڕێت کە دەبێتە زیندانیو بارمتەکراوی ئەو پەیوەندییە. لاکان ئەو قۆناغەی نماکردنی بەقۆناغی ئاوێنە ناوبردووە، ئەویش قۆناغێکی وێناکردنی ڕووتە، بەواتای ئەوەی کە خەیاڵو وەهم کۆنترۆڵی دەکەن، بەرلەوەی ببێتە خاڵی دەسپێك بۆ پێکهێنانی خونچە (من) کە ئەوی دیکەی پێ دەدوێنێ.

منداڵ لەوی تر یان لەوێنەی ناو ئاوێنەکە یان لە دایکیدا، تەنیا هاوشێوەی خۆی دەبینێو لە خودی خۆی جیای ناکاتەوە. ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی کە چاودێری منداڵ دەکەن لەتەمەنی نێوان هەشت مانگیو هەژدە مانگیدا، جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەگەر لە تەنیشتییەوە لە منداڵێکی تر بدەی، وا دەگریێ هەروەك لەخۆی درابێ-ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر یەکێك، ئەو منداڵە وا دەگرییێ وەك ئەوەی دەستدرێژییەکە کرابێتە سەرخۆی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە منداڵ هێشتا جیاوازی لەنێوان وێنەی ئەویدیکە ناکا کە هەڵیگرتۆتەوەو پێیەوە لکاوە.

لاکان دەپرسێ چی وای لەو منداڵە کردووە کە ئاوا بەو وێنەیەوە بلکێ کە لە ئاوێنەدا دیویەتیو بەدرێژایی تەمەنیشی لەبیری ناکا؟ وەڵامیش دەداتەوە: کاتێك منداڵ وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ، یەکەم سات هەست بەسەرسوڕمان دەکا-هەوڵی ئەوە دەدا دەستی لێبداتو سیمای دیاری بکات، وەك ئەوەی یەکێکی تر بێت-هەر زوو دەست بەگەمەکردن بەو وێنەیە دەکات: دەبزوێو وێنەکەش لەبەردەمیدا دەبزوێ-دەیشارێتەوەو هەر وەك خۆی دەریدەخا، گەمەی لەگەڵدا دەکا، پاشان لێیدەدا. تا ئەو کاتەی دەتوانێ کۆنترۆڵی بکات، بەتایبەتیش ئەو کاتەی کەسێکی نزیکی خۆی (دایکی یان

خزمێکی) دان بەوە دادەنێ کە ئەمە خۆیەتی. بەرامبەر بەم یەکتربینینەو دۆزینەوەی وێنەکەی: خۆشیو شادیەکی زۆر دایدەگرێ: هەر ئەوەندەی وێنەکە لەبەردەمیدا دەرکەوت بۆی دەگەشێتەوە. خۆشی دەوێو وەکو لایەنێکی سێیەم کە بەناوی خۆیەوە پێی ناسێندراوە، ئاماژەی بۆ دەکات. ئەم وێنەیە دەبێتەئەو نموونە کامڵەی کە ئەو دەیەوێ، ئەمە ئەگەر ئەو واقیعە دراماتیکیە لەبەرچاو بگرین کەمنداڵەکە لەو تەمەندا تێیدایە، ئەویش بەهۆی کامڵ نەبوونیەوە: ئەو لەحاڵەتی بەش بوونێکی جەستەییدا دەژی، چونکە ناتوانێ لەڕووی دەمارەوە جەستەو ئەندامەکانی لەشی کۆنترۆڵ بکا- هەر بەشێکی جەستەی هەست بە یەکانەیی بوونی خۆی ناکات: بەتایبەت کە ناتوانێ لەسەر پێ بڕواو بزاوتەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات. ئەم وێنەیە بەکامڵیی خۆیەوە ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە کە لەواقیعدا نەبوون، پێگەیشتنی بینینی منداڵەکە ئەم وێنەیە دەکاتە پێشینەیەك بۆ نموونەیەکی تەواو کامڵ کە دەکەوێتە پێش یەکگرتنی کرداری جەستەیەوەو پێگەیشتنی جەستەییو دەمارییەوە، جیاوازیش لەنێوان واقیعی بەشبوونی جەستەیی بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵیدا دەمێنێو وەکو نموونەیەك هەوڵی پێگەیشتنی دەدا بەو پێیەی کە کرۆکی پێکهێنەری (منی) نموونەییە. لەم جیاوازییەوە لەنێوان (وێنەی کامڵی یەکگرتوو، واقیعی جەستەی بەشبوو) دوو پرۆسەی گرنگ بەرهەم دێن: یەکەم، منداڵ لەم وێنەیەدا بوونی خۆی دەناسێتەوە، وەکو بوونەوەرێك سەبارەت بەئەوی تر دیاری دەکرێ، بەم پێیەش دەبێتە نوێنەری یەکەمی (من) کە لەگەڵ (تۆ)دا قسەی پێدەکات-بەو پێیەی کە دانانی بە ئەویدیکە وەکو شتێك لەخۆی جیاوازە، لەهەمان کاتیشدا دانپیانانیشە پێی وەکو یەکەیەك لەوی دیکە جیاوازە، بەڵام وێی دەچێ.





پرۆسەی دووەم: دەرگای لێکچواندن (لاساییکردنەوە)ی لەبەردەمدا دەکاتەوە: واتە لاسایی ئەوانی دیکە دەکاتەوە، لێرەشەوەیە کە دواجار لە کۆمەڵێ ئەم لاساییکردنەوە تەسەورییانە (من) دروست دەبێ. منداڵ لەم دەرگایەوە لەرێگای گوزارشتی زمانەوانییەوە دەچێتە جیهانی هێماوە. لەیەك کاتیشدا دەبێتە دیلی ئەم دەسەڵاتە، بەو پێیەی کە لەبنەڕەتدا وەهمێکە بەردەوام بەئەویدیکەوە بەندە. بەسەرچاوەگرتن لەم دەرهاوێشتانەوە، لاکان ئەو بیرۆکەیە بەتوندی رەت دەکاتەوە کە دەڵێ (من) سەربەخۆیەو گوزارشت لە خود دەکات. (من) ئامرازی پەیوەندییە بۆ دوان لەگەڵ ئەویدیکەو بەهیچ کلۆجێك ناکرێ تەنیا لەخود دا کۆبکرێتەوە- ئەمەش وای لە لاکان کرد کە لەگەڵ کۆجیتۆ کارتازین-دا بکەوێتە گفتوگۆ سەبارەت بەهزرو بوون، بەو پێیەی کە (من)ی دیکارت-ی تەنیا رێخۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی نەست. گرنگی ئەم قۆناغە لەوەدایە کە منداڵ تێیدا دەتوانێ جەستە وەکو ناوکی (من) بەهێما بکا: سیمای وەکو قەوارەیەکی بۆش لە شوێنو کاتدا دیاری دەکا، ئەم وێنەیەش دەبێتە نەرجیسی یەکەم کە رەنگدانەوەی خودە لە دووفاقیەکی دراماتیکی لەڕووی هاوشێوەبوونی هۆشیاریو وێنە، وێنەی هۆشیاری، لەخۆشیەکی نەرجسیدا، کە هەوڵی دەربازبوون لەزەمەن دەدات، هەوڵی یەکگرتن دەدات، بەڵام لەکاتێکدا مەرگ پێشی کەوتووە، هەروەك ئەوەی کەبەسەر نارسیسدا هات. هێما دەبێتە ڕوونەدانی ئەم پێکگەیشتنە کوشندەیە. چونکە هەر ئەو وا لەمنداڵ دەکا کە بەواقیع رازی ببێ، بەرگەی بێ بەشی بگرێ. ئامادەنەبوونی شت، بەندە بەبوونی هێماکەیەوە کە ئەگەر چووە نێو بازنەی قسەکردنێکی گوزارشتکارەوە، ئەوا لە کۆنترۆڵی رێکەوت دەربازی دەبێت، تاوەکو ببێتە مولکدارییەك کە کۆنترۆڵی دەکاو بەباشی بەکاری دەهێنێ. بەڵام بەر لەچوونە نێو ئەم قۆناغەوە کە ئارەزوو

لەتوانایدایە لە ڕێگای هێماوە دانپیانان بۆخۆی دەستەبەر بکات، لاکان دەپرسێ کە ئەم ئارەزووە لە چ دۆخێکدا بووە؟ پشت بە چ بنەمایەك دەبەستێ؟ لاکان دەڵێ: پرسیارەکە لەگۆشەنیگایەکی لۆژیکی نەك زەمەنی دەخرێتەڕوو. ئەم ئارەزووە کۆڵەگەیەکی ترە، چونکە لەبنەڕەتدا بەر لە بەکاربردنی زمانەوانی تەنیا لەشێوەی ئەو پەیوەندییە تەسەورییەدا هەیە کە قۆناغێکی نوێ سەپاندوویەتی، منداڵ تێیدا خۆی دەبینێ کە چۆن بەئەویدیکەوە بەندە. لاکان وای بۆ دەچێ ئەم پەیوەندییە دوو قۆڵییە قەیرانێکی دراماتیکی بێ چارەسەری وا دەخوڵقێنێ کە خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی شەرانگێزیەتی مرۆڤە لە هەڵسوکوتی لەگەڵ ئەویتردا، ئەگەر چارەسەرێکیش هەبێ ئەوا تەنیا لەڕێگای وێرانکردنی ئەویدیکەوەیە. واتا چوونەنێو ململانێیەکی کوشندە لەگەڵیدا بۆ وەدەست هێنانی بابەتی ئارەزووەکە، بەلاّم خۆشبەختانە مرۆڤ لە جیهانی هێماکاندا مەلەدەکات کەتێیدا ئەوانی دیکە دەئاخڤن، بۆیەشە لەتوانای ئارەزووکەیدا دەبێ کە پەنا بباتە بەر ئامرازی دانپیانان، بەپێچەوانەشەوە دەستەمۆی ئەو پەیوەندییە دوو قۆڵییە تەسەورییە دەمێنێتەوەو هەموو هیوایەکی لە ژیاندا دەبێتە وێرانکردنی ئەوی تر تاوەکو لێی رزگارببێ.

ئارەزوو ناچێتە قاوغە مرۆییەکەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کەلە زماندا ئەفراندن دەکات-واتا لەکایەی تەسەورو خەیاڵەوە دەچێتە کایەی هێماوە، کە لەوێدا پەیوەندی دووقۆڵی تێدەپەڕێنێ بۆ پەیوەندییەکی سێ قۆڵیو تەنانەت چوار قۆڵیش. قسە، وەکو لەنموونەی نەوەکەی فرۆید-دا باسمان کرد، هەوڵێکە بۆ ئەوەی لەمیانەی دوو گێرەدەنگەوە لە واقیعێکی تەسەوری پابەندبووەوە دەرپەڕێ بەرەو جیهانێکی هێمایی کە کۆنترۆڵی دەکات. گۆکردنی هەر زاراوەیەك، وەکو ئامادەنەبوونو کوشتنی ئەو شتەیە کە





دەینوێنێ، چونکە لەبنەڕەتدا هەردەبێ شوێنی بگرێتەوە. هەمان شت سەبارەت بە For-Du ئەم جووتە گێڕدەنگە: کە خۆی لەخۆیدا واتابوونو ونبوونی دەزووەکەیە. هەڵگەڕانەوەیەکە بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی، چونکە وەك فرۆید دەڵێ: مرۆڤایەتی مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە دەستی پێکرد کە مرۆڤ بۆ لەنێوبردنی براکەی، چەقۆی بە (جوێن) واتا بەقسە گۆڕییەوە. لێرەشەوە لاکان پێیوایە کە لەتوانادا نییە ئارەزوو لەخۆبگرین، تەنیا لەشێوەی قسەکەیدا نەبێ: واتا ناولێنانی هێمایی، هەر ئەمەشە کە فرۆید ناوی لێناوە (ناوکی قسە)ی من. ئارەزوو بەهۆی ئاسیاوی قسەوە لەنێوان (من)ی مشتو ماڵکەری لەدایك بووی قۆناغی ئاوێنەو نموونەی (من) کە بەسەریا دەکەوێ بەردەوام نوێ دەبێتەوە.

بەبۆچوونی لاکان (من) نەسەربەخۆو نەئامێرئاساشە، چەمکی هۆشیاریش لەگەڵیدا یەك نییە، بەڵکو کۆمەڵە وێکچواندنێکی تەسەورییە، وەکو پێکهاتەی (پیاز) وایە (نموونەیەکی لێکچوونی فرۆید-ە) کە هەر بەرگێکی داماڵی بەرگێکی دیکە دەبینیتەوە. منداڵ کۆکە لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە خۆشی دەوێن، بەم شێوەیەش (من) لەمیانەی پەرەسەندنو پێگەیشتنی لە کۆمەڵێك لەم خۆچواندنانە دروست دەبێ. بەم پێیەش ناکرێ (من) بەباتی شیکردنەوە بژمێردرێ، چونکە ئەم (من)ە بە پەیوەندییەکەوە بەئەویدیکەوە بەندە کە لەگەڵیدا دەدوێ. پەیوەست بوون بەویدیکەوە لۆخۆی خاکی نەستو بابەتی شیکردنەوەیە. بەپێچەوانەی هەندێ لە دەروونناسان کە پێیان وایە (من) یەکەیەکی گونجاوە، ئەوە بەسەرخۆیدا دابەش بووە، ئەمەش هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ دەستی بەقسەکردن کردووە- فرۆید ناوی لەمە ناوە Ich-spaltung، چونکە هەر لەسەرەتاوە شوێ،ی ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکە کە پێچەوانەی واقیعێکی دیاری کراو یان

عورفێکی دیاریکراوە، بەڵکو دۆسێی مێژوویی هەموو جۆرە ڕەتکردنەوەو نەفی کردنێکە بەتایبەتیش ئارەزووە سەرەڕۆکان کە ڕەگێکی قووڵیان هەیە. ئەزموونی شیکاری ئەگەر تەنیا پیشەیەکی (من)ی ئاشکرابێ، ئەوا بریتییە لە پشت گوێ خستنی هەموو جۆرەکانی سەراب کە جێگای سەرسوڕمانی خود بوون. لێرەوە فرۆید چەمکی نەستی (من) دیاری دەکا، ئەمەش بەرلەوەی لەپرۆسەی نکۆڵیدا چڕی بکاتەوە: خەسڵەتی سەرەکی (من)ی قسەکەر، لەبەرئەوەی هەموو جارێك کە قسە دەکات بۆمان دەردەکەوێ کە لەنێوان (من)ی ڕوونکراوەو (من)ی ڕوونکەرەوەدا دابەش بووە.

فرۆید سەبارەت بەنکۆڵی کردن دەڵێ: ((بابەتی خەفەکراوی تەسەورێکی دیاریکراو یان بیرۆکەیەك، ئەگەر مەرجدار بەنکۆڵی نەبێ لە توانایدا نابێ بخرێتە نێو کایەی هۆشیارییەوە. نکۆڵی کردن ئەو ئامرازەیە کە هەست لەڕێگایەوە دەتوانێ درك بەخەفەکراو بکاو خەفەکردنەکە لابدات، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە بەخەفەکراوەکە ڕازییە. ئەوەی ڕوودەدات تەنیا قبووڵ کردنێکی هزریانەی خەفەکردنە، لەگەڵ هێشتنەوەی خەفەکردنی ئەوەی کە بنەڕەتییە، ئەمەش لە ڕێگای بەراوردکردنی وێکچواندن بەناوەرۆکەکەی. لێرەدا جیابوونەوەیەکی تەواومان بۆ دەردەکەوێ لەنێوان هزرو پەیوەندی بەواقیعی سۆزدارییەوە!!

هیبۆلیت کاتێ لە وتارەکەی فرۆید-ی کۆڵیەوە سەبارەت بە نکۆڵی کردن، ئاماژە بەوە دەکا، بەدوو نموونە پرۆسەی نکۆڵی بنیات دەنێن:

یەکەم: وادەزانێ دێم تاوەکو سەرکۆنەت بکەم، بەڵام ئەمە نیەتی من نییە.

بەمجۆرە وەریدەگێڕێ: بەکردەوە هاتووم تاوەکو سەرکۆنەت بکەم.

دووەم: لە خەونمدا کەسێکم بینی، بێگومان دایکم نەبوو.





بەم جۆرە وەریدەگێڕێ: ئەو بۆخۆی دایکمە.

نکۆڵی کردن ئامرازێکە بۆئەوەی "منی باڵا" (وەکو خۆی) ئاشکرابکات، ئەمەش لەژێر پەردەی ڕەتکردنەوەی ئەو دایە. وا پێ دەچێ ئەم دیاردەی نکۆڵی کردنە ئەو ئامرازە بێ کە وادەکا (من) لەتوانایدا بێ نەست کۆنترۆڵ بکا، ئەمەش هەر لەوکاتەی کە ڕەتی دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە پێناسەکردنێکی ئاماژەکەری خەفەکراوە بەبەهانەی نکۆڵی کردن، چونکە ئەم ئاماژەکەرە ئەو شتەیە کە لە "من"دا شاراوەیە، بەهۆی ئەوەی لەپشت نکۆڵیدا دەردەکەوێ. لاکان دەڵێ: خود لەمیانەی دروست بوونی بەئاماژەکەرەوە بەندە، چونکە لەواقیعدا هیچ هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی نادۆزینەوە، تەنیا لە حاڵێکدا نەبێ کە بوونەوەری قسەکەر هەبن، لەبەرئەوەی ئاماژەکەر لەپێشەوەی بوونە، بەوەی ئەمە کۆنترۆڵ دەکاتو سەردەکەوێ، ئەمەش بەرلەوەی خود هیچ شتێکی بۆ ڕوون ببێتەوە، وەك ئەوەی لە نوکتەکاندا ڕوودەدات، کاتێ خود لەبەردەم سەرهەڵدانی ئاماژەکەرێکدا دادەمێنێ کە لەحسێبیدانەبووە، هەر ئەمەشە بۆمان دووپات دەکاتەوە کە "من" بەسەرخۆیدا دابەش بووە.

وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە، ئاماژەکەر دەبێتە خود بۆ ئاماژەکەرێکی دیکە. ڕاستیەك کە لەهەموو بەرهەمەکانی نەستدا دووپات دەبێتەوە: هەر لەخەونەوە تاوەکو نوکتەکانو هەڵە زمانەوانییەکان. هەر ئەمەشە کە وتەکەی فرۆید-مان سەبارەت بە دابەشبوونی "من" بۆ ڕوون دەکاتەوە. چونکە ئاماژەکار لەشوێنی ئەوی دیکەی گەورە دروست دەبێ: ئەویش ئەو شوێنە ڕەمزیەیە کە بەقسە بەیەك دەگەنو. هێماکانی شیدەکرێنەوەو واتاکانی خۆی وەردەگرێ، بەشێوەیەکی گەڕاوە دێتە لای خاوەنی خۆی، ئەم شوێنە ڕەمزییەش گرانتیکی ڕاستگۆییە، تەنانەت ئەگەر نێردراوەکە بەدرۆش بێت. لەم بابەتەدا خود هۆکارێك بۆ واتای خۆی دەبینێـەوە، ئەمەش بێ

ئەوەی ئامانجی تەنیا لەماناکاندا ببینێتەوە، چونکە ڕووبەڕووی ئارەزووی ئەوی دیکەی گەورە دەبێتەوە، ئەمەش بەر لەوەی بواری بۆ ڕەخسابێ کە ناوی لێ بنێ یاخود تەسەوری بۆ چۆنێی مەبەستەکەی لا گەڵاڵە بێ. بەڵام ئەوەی خود بۆ ئەم شوێنە دەیگوازێتەوە تەنیا نوقسانی راستەقینەی خۆیەتی، بەشێوەیەکی وەرگەڕاوە.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چی دەبێ ئەگەر ڕوویداو ئەوی تر منی ونکرد، ئا لەم بۆشاییەوە، لەم نوقسانیەوە خود سەرهەڵدەداو پەیوەندە بەگرەوی یەکەمیەوە کە ئاماژەکەرێکە سەبارەت بەئاماژەکەرێکی تر گوزارشتی لێدەکات، ئارەزووەکانیشی ئارەزووەکانی ئەوی دیکەیە. هەروەك وشە مەرگی شت بەرهەم دێنێ، واتا لەدەست چوونی ئەم شتە پێویست دەبێ تا وێناکردنی یان بە هێماکردنی دروست ببێ، هەروا سەبارەت بەخودیش بۆ ئەوەی بتوانێ لە قسەکانیدا گوزارشت بکا یان لەقسەدا ناوی بدۆزێتەوە، پێویستە لا بدرێ یان ڕاستی خۆی جیابکرێتەوە.

ئەمەش وای لە لاکان کرد بڵێ: من بیری لێدەکەمەوەو کەواتە من هەم" : "منی بوون" لە "منی واتا" جیادەکاتەوەو دابەشیان دەکا. دەبێ وا لەم دابەش کردنە بگەین کە بنەمایەکی سەرەتاییە بۆ یەکەمین هاندەری خەفەکردنی سەرەتایی. ئەویش وەکو پێکهێنەری نەستە.

سەرچاوە:

گۆڤاری (الفکر العربی المعاصر) ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٨١.





# ڕۆشنبیریی و شوناس

یتین بلیبەر

## یەکەم: شوناسی ڕۆشنبیری و شوناسی نیشتیمانی

لەمرۆدا چۆن دەتوانین ئەو رۆڵە هەڵبسەنگێنین کەزاراوەی ناسنامەی رۆشنبیری دەیگێرێ؟لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەوە بڵێم کە ئەو رۆڵە لەنێو خودی رۆشنبیری دایە . بۆ وڵام دانەوەی پرسیاری پێشوو ، لەبەکارهێنانەکانی زاراوەی ناسنامەی رۆشنبیری دەکۆڵمەوە لەنێو بەڵگە نارەسمیەکانی ڕێکخراوە رۆشنبیریە نێو دەوڵەتیەکاندا، چونکە ئەو ڕێکخراوانە بە دەزگای نمونەی گوتاری گشتگیری دەژمێردرێن، بەوەش دەناسرێنەوە کە شوێنی بەرهەمهێنانو وەرگرتنی گوتارە گشتیەکانن، وێرای ئەمانەش ئەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیە رۆشنبیریانە شوێنی گشتین بۆ وەرگرتنو دەرکردنی تێبینیو توانجو ، سەپاندنیان بەشێوەیەکی زۆرە ملێیانە . ئاکام ئەم گوتارە رۆشنبیریانە بوونە هۆی دەرهاوێشتنی چەند کێشە، لەوانە بۆ نمونە ئاماژە بە ((مافە رۆشنبیریەکان))و تاكو کۆمەڵەکان، "دیموکراسی رۆشنبیری))، گەشەسەندنی رۆشنبیریو پەیوەندییەکانی نێوان رۆشنبیریو "گەشەسەندن" پتەوکردنی زمانە نیشتیمانیەکان، پەیوەندی نێوان " پاراستنی کلتوری رۆشنبیریو نێوان" ئافراندن" یاخود(داهێنان) ، راگەیاندنو پەیوەندی بەئازادی بیروڕا یا خود جەختکردن لەسەر ئاشتیوچەندین کێشەی دیکە دەکەین چ بەشێوەیەکی تیۆری و تەنانەت لەشێوەی هەندێ کردەی

سیاسیشدا، لەتواناشدایە کە ئەم کێشانە بەشێوەی زاراوە لەچوارچێوەی چوار جۆری سەرەکی دیاری بکەین:

## ١- بابەتیو کەسی

ناسنامەی رۆشنبیری وەکو ژمارەیەك خەسڵەتو ژێرخانی بابەتی دەردەکەوێ ، هەروەکو بیکردنەوەی هەرەمەکی لەچوار چێوەی گشتو، لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیو مێژووییدا . هەروەك ئەم ناسنامەیە لەشێوەی پرنسیب یاخود پرۆسەیەکی دانراو بۆ شتەکان دەردەکەوێ (بۆ نمونە لەحاڵەتی بیرکردنەوەی خۆرسك لەچوارچێوەی) "ئەزموونە ژیارییەکان،""هەستو نەستی تاك". لەنێوان ئەم دووجەمسەرە دژ بەیەکدا هەندێ گونجانو ئاڵووێر کاری دەردەکەون ، بەڵام لەهەندێ حاڵەتی دیاری کراودا جۆرێك ململانێش لەنێوانیان دا دەردەکەوێ ، ئەو بیرۆکەیە کە دەکرێ لێرەدا جەختی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە ئەم دژ بەیکبوونەرەنگە ببێتە کارەسات( تەنانەت حاڵەتی ناخۆشیش)، لەبەرامبەریشدا دەکرێ ئەم دژوارییە یاخود نەگونجانە بەبنەما دابنێن، ئەو گونجانە کە رێگە بەجیاکردنەوەیەکی دروست تری بابەتیانەی تاك لە ناسنامەی رۆشنبیری یاخود رێگە بەدەرك کردنێکی باشتری پێوەرەکانی رۆشنبیری گشتی ناسنامەی بابەتەکان دەدات ، وەکو دیاریکەرێك دێتە ئاراوە گەر لەتوانا ماندا بێ، یاخود لەسەریان پێویست دەبێ کە بیهێنینە دی.

## ٢-جیهانیو تاکگەرایی

بەشێوەیەکی باو ناسنامەی رۆشنبیری بەوە پێناسە دەکرێ کەئەو شتێکە گوزارشت لەتاکبونەوەی ((کۆمەڵەکان)) چ لەشێوەی تاك یا کۆمەڵگادا دەکاتو، رێگەیان لێ دەگرێ ، ململانێی فیکری یاخود زانستی بکەنو، سنورەکانی نێوانیان بەساکاریو بێ گەردی دەهێڵێتەوەو، هەموو رەنگدانەوەیەك





پەیوەندیی دوو سەرەیە لەنێوان راستیە زمانەوانیو، راستیە ئایینیو، راستیە ستاتیکیەکان بەواتا بەرفراوانەکەی (ئەگەر بڕوامان بەبوونی سیستەمی ژیان هێنا ئەوا سیستمی مۆسیقیو ئەدەبیش هەیە )و، راستیە سیاسیەکانیش هەن. بەڵام لەبەرامبەردا ناسنامەی رۆشنبیریو پرسیاری جیهانی یاخود گشتگیری دخاتەروو ، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، یەکەمیان ئەوەیە کەناکرێ لەچوارچێوەی هەمە جۆری کۆمەڵایەتیو مرۆییدا بەبێ بەراوردێکی سەرتاسەری چ بابەتیانە یاخود زانستیانە بێت ناتوانین بیر لەرۆشنبیرییەکان بکەینەوە . دووەم. ئەم هەمەجۆرییە پەیوەندی نێوان رۆشنبیرییەکان، یاخود ئەو سنورانەی نێوان رۆشنبیرییە تاکەکانیش لەخۆدەگرێ کەهەوڵی بەزاندنی سنورەکانیان دەدەن، سەرەڕای ئەم هۆکارانەی رابردوو، ناسنامەی تایبەت بەهەر رۆشنبیرییەك مەبەستیەتی وەکو کۆمەلە بەهایەك حسێب بکرێ کەخەسڵەتی جیهانی هەیە، ئەو هۆکارە راستەوخۆ پەیوەندی بە هۆکارەکانی پێشووترەوە هەیەو دەیانهێنێتەوە یاد، ئەم چوارچێوەی بەهایە رێگەمان پێ دەدات کە جیاوازی لەنێوان زاراوەکانی "خێر"و "شەڕ"دا لەگشتگیری رۆشنبیریدا، جیاوازی بکەین لەنێوان مۆراڵیو بۆچوونە سیاسیەکان ، هەروەك رێگەمان پێ دەدا کە لەپەیوەندیدا جیاوازی لەنێوان داڕشتنەکانی "خێر"و "شەڕ" دا بکەین"ئەوەی کە بەتێبینی کردنی تاکگەرایی هەوڵی دامەزراندنی جیهانی دەدات یاخود لەیەکخستنیان بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەکۆڵێتەوە ، ئەمەش لەبەرامبەر ئەو داڕشتنانەدا کە بەپاساوی رێکخستن تاکگەرایی لەناو دەبەن ( لەئێستادا ترس لەکاریگەری شۆرشی ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو زاڵبوونی یەکێك لەو نمونانە لەسەر ئاستی جیهاندا لەئارادایە) یاخود لەبەرامبەرێکی تەواو توند رەودا بەرادەیەك هەوڵی دووپاتکردنەوەی تاکگەرایی دەدا کە دەگاتە سنوری

لاتەریك بوون (گۆشەگیر) ، لەنێوان ئەم دوو شێوازە دژ بەیەکەشدا، هەندێك ئامرازەکانی راگەیاندن دەخەنە خزمەتی بەرهەمهێنانی جوداوازییەکانەوە ، ئەو جیاوازییانە کە بەهۆی جیهانیەوە تاکگەرایی دوپاتدەکەنەوە ، یا بەشێوەیەکی پێچەوانەوە راستی جیهانی بوونی بەهۆی تاکگەراییەوە دووپاتدەکەنەوە.

## ٣- نوخبەو عەوام( هەڵبژاردەو میللی )

ئەم دەستە کێشەیە لەهەموو جێگایەکدا هەن، بەڵام لە شێوازی جیاجیایداو بەپێی جیاوازی ئاستی پەیوەندییەکانی هاوچوونی پیشەیی نێوان مەودا زەمەنیە جیاجیاکاندا. رەنگە گرنگترین ئەم دارشتنانەش لەباسکردنی نوخبەو عەوام دا شێوازی کلاسیکی بێت-لانی کەم لەوەتەی سەدەی نۆزدەهەمەوە ، بۆ جیاکردنەوەی رۆشنبیرییە زانستی، تەکنیکی، ئەدەبیەکانو، رۆشنبیریە گوزارشتکەرەکانی دەستە کۆمەڵایەتیەکاندا، (یاخود بەشێوەیەکی باشتر ئینتیمای تاکەکان بۆ کۆمەڵەکان) ، لەم رووەوە ئەم دارشتنە گفتوگۆی پێشتر بەلاوەدەنێ سەبارەت بەجیهانیو تاکگەرایی لەکایەی زانستیو مێژوویيو کۆمەڵایەتیدا.هەروەك ئەم دارشتنە دەلالەتی نوێ دێنێتە ئاراوە ، کەگرنگترینیان بەخشینی دەسەڵاتە بە پەیمانگاوچالاکییە پەروەردەییەکان( لەبواری پراکتیك ، قوتابخانەکان ) تاوەکو ببنە لایەنی گرنگ تر لەچارەسەرکردنی نیگەرانیە مێژووییەکانی نێوان رۆشنبیری وزانستی، تەکنیکیو رۆشنبیری ستاتیکیداو لەنێوان پراکتیزە زمانەوانیەکان لەسەر ئاستی راگەیاندنی نێو دەوڵەتیو پێویستی ئەو شێوازانەی کە کورت ناکرێنەوە ، نێوان پاراستنی دابو نەریتو نوێ کردنەوەی رۆشنبیری، دواجاریش لەنێوان ئەدەبی سوەزکانو پەرەپێدانی هەموو ئەو خاڵانەش راستەوخۆ بەرەو دەستەی چوارەم دەمانبەن.





## ٤- جێگیریو گۆڕان

زاراوەی ناسنامەی رۆشنبیری لێرەدا بەشێوەیەکی دیاریکراو لەپێوەری زەمەنیدا رەنگ دەداتەوە ، ئەمەش بەچاو پۆشی لەدیاریکردنی مەرجەعیەتی پێشکەوتن یاخود رەخنە گرتن لەپەیوەندیی زاراوەی ناسنامەی رۆشنبیری بەدەسەڵاتی زەمەنی مێژووەوە کە پێش وەخت لەهەر لێکۆڵینەوەیەك سەبارت بەمێژووی رۆشنبیری گریمانە کراوە. پێدەچێ لەتواناماندا بێ ئەو داواکارییە کە شێوەی دژ بەیەکە یەکگرتوەکان لەخۆ دەگرێ بخەینە روو . ناسنامەی رۆشنبیری بەرگری لەزەمەن وەك هێمایەك بۆ گۆڕان دەکا ، ناسنامە خۆی بەبنەمایەك دادەنێ بۆ هەر وەرچەرخانێك ( بەواتای بەخشینی دەسەڵاتی جیاکاریو، ناونانی "گونجاو" لەبابەتە کۆپیەکان) هەروەکو ناسنامەی رۆشنبیری بۆ خۆی وەکو نمونەیەك بۆ گۆڕان خۆ دەردەخات (ناوی لێ دەنرێت ئەفراندنی ژیان، پەرەسەندن، کەدواجار وەکو داواکاری زۆربەی زاراوەکانی رۆشنبیری دەردەکەوێ). هەندێك بەڵگە نەویستی لاواز لێرەدا ئامادەگیان هەیەو بەشێوەیەکی رێکخراو هەوڵی جێگیرکردن یاخود بەراوردکردنی ئاسەوارە مێژووییەکانو ، گۆڕینی تاکگەرایی کۆمەڵەکان دەدەن، لەبەرامبەریشدا چەندین بەڵگە نەویستی بەهێز هەن کەپاڵیان بەیەکێتی کۆمەڵەکانەوە ناوە بۆ پشتی ئەو خاڵەی کە دەکرێ- لەچەمکە هیگڵیەکاندا – بەناسنامەی ناسنامەو جیاوازی ناوببرێ. دوور لەئارەزووی گفتوگۆ لەبارەی بەکارهێنانی دروست یاخود نادروست ، ئاڵۆز یاخود ساکاری ئەم شێوازە سەرەکیانەی پێشەوە کە بە بەکارهێنانو زاراوەی کلاسیکی لەفەلسەفەدا دەژمێردرێن ، لێرەدا دوو پرسیاری سەرەکی دەخەمەروو بەو پێیەی کەوردەکاری گوتاری دەزگاکان لەناسنامەی رۆشنبیری لەخۆ دەگرن هەروەك

هەردوو پرسیار پێشوەخت چوارچێوە چاوەڕوان کراوەکانی جیاوازی دەخەنە روو.

## یەکەم پرسیاری سەرەکی :

ئاخۆ رۆشنبیری کردارێکی بەدەست هێنراوە ، یاخود کارێکی دامەزراوەییە؟ تەنها لەرێگای بەدوا داچوونی تێبینیە پێشڤەبەرەکانی جۆرەکانەوە دەتوانن گومان لەمەودا بکەین . لەتوانادا نییە زاراوەکانی " رۆشنبیری"و "ناسنامەی رۆشنبیری" بەدەست بهێنین ئەگەر رەهەندی خودیو بابەتی، جیهانیو تاکگەرایی ، دوور لە پێویستی قوربانیدان بەرۆشنبیری جەماوەری لەپێناو رۆشنبیری نوخبەدا یان بەپێچەوانەوە روون نەکەینەوە. رەنگە پێداچوونەوە بەزاراوەکانی رۆشنبیریو تەنانەت ناسنامەی رۆشنبیریش لەرووی پیشەییەوە ، وەکو زاراوەگەلێك کە لەئەمرۆدا ئاماژە لەئاسایشی ناوەڕۆك یان بابەتێك دەکەن بەکەڵك بێت .

باشتر وایە کە: ئەم زاراوانە ئاماژە بەو بۆشاییانە بکەن کە ژمارەیەك ناوەڕۆكو بابەت لەخۆ دەگرنو، سور بێ لەسەر دژبەیەك بوونی هەموو ئەو گوتارانەی کە بەپێی ئەو جۆرانە دارێژراون کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن. لەمەدا دەردەکەوێت کە دەتوانین بڵێین بەگەڕانەوە بۆ جۆرە جەمسەر گیرییەکانی پێشوو لەتواناماندایە بیر لەهەر شتێك بکەینەوە ، لەسەرووی ئەمانەشەوە لەتوانادایە کەبەیەکەوە کۆیان بکەینەوە لەهەر بوارێکدا کە پەیوەندی بەرۆشنبیرییەوە هەبێت. پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین کەهەر یەك لەو جەمسەرانەی پێشوو، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سنورێك لەنێوان کایە جیاوازەکان دادەنێت کەلەمیانەیەوە بیر لە" مرۆڤایەتی دەکرێتەوە:





لایەنی دەروونی (یاخود دەروونی – کۆمەڵایەتی) لایەنی زانستی( یاخود زانستی-میتۆدی) ، لایەنی سیاسیو لایەنی مێژوویی. پرسیاری ناسنامە لایەنی کەم لەدوو دەیەی دوایدا بەردەوام داوای کردووە کە هەوڵی پێناسەکردنی ناسنامە بدات چ لەرووی دەروونی یاخو زانستی یان سیاسیو مێژوووییەوە . بەڵام ئەگەر کەسێك دەیەوێ ئەم لایەنە جوودا- هاوکات پەیوەند بەیەکەوە – یانە کۆبکاتەوەو لەیەکیان بدات، هەندێکیش هەن کەنایانەوێ دەست بەرداری هیچ لایەنێکیان بن، ئەوا لەمرۆدا ئەوە بەکۆتا نەگەیشتووە کە (ناسنامە) بەشێوەیەکی ورد وەك ئەوەی رۆشنبیری بێ دیاری بکرێ؟ یان بەپێچەوانەوە رۆشنبیری بەجۆرێك دیاری بکات کە لەهەموو توخمەکان گشگیرترە لەدیاریکردنی ناسنامەدا؟

## دووەم –پرسیاری مێژوویی

ئەوەی کەبەناسنامەی رۆشنبیری ناو دەبرێ چ بەردەوام بەناسنامەی نیشتیمانی بەراوردو بەڵکو تا ئاستێکیش تێکەڵ دەکرێت سەرەڕای ئەمەش هەندێ جار ناسنامەی رۆشنبیری لەبوونی کردەیی نەتەوەکانو سنورو ، مێژوو ، سیاسی –سەربازیان جیادەکرێتەوە . کەواتە ئێمە بەردەوام قسە لەسەر رۆشنبیری فەرەنسیو ئیتاڵیو ئەمریکیو چینیو هیدیکە دەکەین . بەڵکو هەندێك جار دەگەینە سنوری بەکارهێنانی ئەم راڤەکردنەی ناسنامە لەو زاراوانەدا کە تایبەتن بەنیشتیمان پەروەری ئەمەش لە پێناوی واقیعیەتو هێزی بوونیادی دەزگا نیشتیمانیەکان.ئاخۆ رۆشنبیری ئیسرائیلی یاخود سۆڤیەتی یاخود فەلەستینی بوونیان هەیە؟ لەهەمان کاتیشدا دەبێ هەمیشە ئاگادار بین کە ناسنامەی رۆشنبیری لە "نیشتیمان پەروەریدا یاخود لەچارەسەر کردنی پێوەریانەی دەزگاکانی دەوڵەتدا کورت نەکەینەوە . ئەم

کورت کردنەوەیە لەژمارەیەکی زۆری ئەو گفتوگۆیانەدا جێبەجێ کراوە کە قسەلەسەر پەیوەندی نێوان" ناسنامەی رۆشنبیریو ناسنامەی ئەتنی"دا دەکات، ئەمەش بەرادەیەکی زۆرتر یان کەمتر بەپێی ئاستی وێك چوون لەباری مێژوویی نێوان ئەتنیو نیشتیمان پەروەری. گومان لەوەدا نییە کە ئەم جۆرە نزیك بوونەوە دژ بەیەکەی نێوان گوتاری ناسنامەی رۆشنبیریو ناسنامەی نیشتیمان پەروەری کاتێك بەدیاری کراوی روون دەبێتەوە کە چوارچێوەی ئەم گوتارانە لەلایەن دەزگا رۆشنبیرییەکانی دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرێن ، ئەوانەی کە لێکۆڵینەوە لەناسنامەیان پێ سپێردراوە (بەدوای ناسنامەی تایبەتی خۆشیاندا دەگەڕێن ) لەنێوان" نەتەوە "و "رۆشنبیری"دا . ئەم رۆڵەی کەئەم دەزگایانە دەیگێڕن زۆرترین شتێکە کەدەتوانین لەبارەی ئەو دەزگایانەوە تێیانبگەین کە بۆ رووبەرووبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان دامەزراونو بەکارهێنراون، وەکو نەهێشتنی داگیرکاری ، پەرەپێدانی یاخود پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێو بەرەی نەتەوەکان لەبواری رۆشنبیریدا .بەلاّم ئەم بۆچوونە تێگەیشتنێکی گشتی پێشکەش دەکات واشی بۆ دەچم کە سێ جۆر کێشە هەیە :

ا-کێشەی پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەت: رۆشنبیری بەتوخمێکی گرنگ دەژمێردرێ کە بەهۆیەوە لەتوانادا دەبێ نەتەوە تێکەڵ بەدەوڵەت نەکرێ ، تەنانەت بەشێوەیەکی کردەکیش لەرێگای دەوڵەتەکە دەستەو دەزگای دیاریکراو(نوێنەرایەتی دەکەن ) رووبەرووی تاکەکانی نەتەوە دەبنەوە . رۆشنبیری ئەو "ناو"ە دەمێنێتەوە کە" سەرەکی بوون" بەنەتەوە دەبەخشێت هەر ئەویش جیاوازی سەرەکی لەنێوان نەتەوە وەکو دەوڵەتێکی نیشتیمانیو "نەتەوەکانی" دیکە دیاری دەکا، تەواو وەك ئەوەی کۆمەڵی ناوخۆیی یان





ناواخن لەکۆمەڵەی دەستکرد جیادەکاتەوە. رۆشنبیری بەم پانتاییە لەتوانایدا دەبێ کە بکەوێتە پێش دەوڵەتەوە، یاخود رەتی بکاتەوە یاخود ئامانجی کۆتای دەستوری دەوڵەت دیاری بکات، بەلاّم لەبەرئەوەی کە ناسنامەی نیشتیمانی قەرزاری رۆشنبیرییە بەوەی کە قەرزی پێ بەخشیوە، ئەرکی سەرەکی هی دەوڵەت، بەر لەهەر شتێك ئەوە دەبێ کە ناسنامەی رۆشنبیری بداتە نەتەوەو کاریش بۆ رێکخستنو جوانکردنی بکا.

ب- کێشەی نێوان نەتەوەی مێژووی، پەیوەست بە شێوەیەکی کەمتر یا زۆرتر بەدامەزراندنی یەکێتی سیاسیو، کۆمەڵەی ولاّتانی بزوێنەری مێژوویی (کە زۆربەی جار نەتەوە مەزنەکانن) کە ناوی شارستانیەکانیان لێ نراوە، چارەسەری هەمیشەییان بۆ رۆشنبیریەکانیان بەندە بەنەتەوە، چ "گەورە بێو چ بچووك" شارستانی کە دەکرێ ببێتە نموونەیەکی بەرجەستەو هەمەجۆر. لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم دیاری کردنە سەرەکییە لەتوانادا نییە بەشێوەیەکی سەربەخۆو تەواو هەڵبژاردەی کەسێك "کەتیۆریەکی دیاری کراو بۆ شارستانییەت دەست نیشان دەکات ملکەچ بکات. تەنانەت ئەگەر پشت گوێ خستن هەڵبژاردەی نموونەیش بێت بۆ ئەم جۆرە تێوەگلاّنە سیاسیە- شارستانیەت وەکو رۆحی ماتریال یاخود پێکهاتەی ئاڵۆزی بنەماکەی، شارستانییەت وەکو کلتووری رەسەنێکی دێرین یاخود وەکو بەرهەم هێنەری تێروتەسەل یەکتر برەکان، هزری شارستانی لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە چوارچێوەی بەهاکانو، ئایینو جوگرافیایە، زێدە لەسەر ئەمەش، ئەم مەرجەعیەتە بۆ بیرۆکەی شارستانییەت شوێنی دڵ دەگرێتەوە لە بیرکردنەوە لە زاراوەکانی-لەگۆڕەپانی نیشتیمان پەروەری- نێوان "دوو

رۆشنبیریدا، یاخود لەنێوان دوو چەمکی رۆشنبیریدا، یەکەمیان بۆ ناسنامەی باوی کۆمەڵەو گوزارشتەکان دەگەڕێتەوە لە تایبەتمەندی خۆیو، دووەمیان بۆ بونیادو گەشەسەندنی چوارچێوە هزریەکانی هەر دوو لایەنی رۆشنبیری لەگەڕان بەدوای خودداو بەدیهێنانی جیهانی بوون، لەیەکتر نزیك بکرێتەوە.

ج- دواجار- کێشەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵە نەتەوەییەکانو کۆمەڵە نانەتەوەییەکان، ئەم پەیوەندیە لەوانەیە پەیوەندی نێوان ململانێ بێو لەوانەشە وانەبێ، ڕەنگە بەواتای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەتەوەشدا بێ، واتە ئەو بەشێوەیەکی کردەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ دەوڵەتدا- کە وەکو دەوڵەتێك نەتەوەی خۆی دەخاتە ڕوو- جا چ ئەو کۆمەڵانە بن کە سنوور دەبەزێنن (بۆ نموونە کۆمەڵە ئایینییەکان) یاخود ئەو کۆمەڵانە کە لایەنگیری نەتەوەن یاخود رەتی دەکەنەوە (بۆ نموونە ئەوانەی گفتوگۆ لەسەر سنووری دەوڵەت دەکەن، یاخود ئەوانەی کە بەپێی بنەمایەکی ئەنتی لەڕووبەڕووبوونەوەدان لەگەڵ زۆرداری سیاسیو ئابووریداو، داوای چاو خشاندنەوە دەکەن بەمافەکانو، ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆیی).

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەو گشتگیرکردن (تعمیم)یە کە ئەمڕۆ لە جیهاندا کراوە بە گوتاری رۆشنبیری لەپێناو دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ناسنامەیەو ئەوەی کە ناسنامە نییەو، هەروادەست نیشانکردنی پرەنسیبەکانی دەسڵاتی نیشتیمانی سەربەخۆیی کۆمەڵە نانەتەوەییەکان، کاتێکیش ئەم پەیوەندییە دەچێتە چوارچێوەی ململانێوە لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی نەتەوەیە نانەتەوەییدا، وێڕای جیاوازیان لە خەسڵەتە کەسیو پێشینەیی مێژووی دەکرێ داواکارییەکانیان لەدووپات کردنەوەی مافەکانی





تاکەکاندا کورت بکەینەوە: بڕیاری "هەڵبژاردن" یاخود لانی کەم دسکراوەی لەبەردەم ژمارەیەك ئینتیمای رکابەر، بۆ ناکرێ کە ئەم پرسیارە نەسەپێنن: چییە ئەگەر زاراوەی ناسنامەی رۆشنبیری لەمرۆدا زۆر تر لە میانی خواستنەوەی ناسنامە نیشتیمانیەوە تێپەڕ ببێ؟ بە خواستنەوە دەبێ وەرگیرانو، گوزارشت خستنە ڕوو تێبگەین، ئەمەش سەرەڕای گوزارشتەکانی لاوازی کە ئاراستەی دەزگا نیشتینانییەکان دەکرێن، ئەو دەزگایانە کەناسنامەی تاکانە یاخود گشتی کە بەشێوەیەکی رەها یەکگرتوون، بەخۆیانو کۆمەڵگایانە دەبەخشن کە تێیدان، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە تاکەکان ئارەزووی ئەم جۆرە ناسنامەیە ناکەن، یاخود داوای ئەم جۆرە ناسنامەیە ناکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە نەتەوەکە بە "نەتەوەی خۆیان" دەزانن بەڵام وێڕای ئەمەش ئەم ناسنامەیە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ دژەکانی خۆیو، لكو پۆپە ناوخۆیی دەرەکییەکانی دادەکات، کە تەنیا لەحاڵێکدا بەسەریاندا سەر دەکەوێ کە وا مەزەندەی خۆی بکات کەلەچوارچێوەی توخمەکانی یەکێتی رۆشنبیری دایە. ئەم یەکێتییە رۆشنبیرییە زیاتر لە لەدوانەی ئەونەتەوە مێژووییە نابێ کەلەتەنیشتێتی. یاخود لەپێی دایە ( وەك ئەو شارستانیەتە کە ڕێگە بە رابردووو داهاتوو دەدات کە ئێستا کۆنترۆڵ بکەن) یاخود لەژێری دایە (وەك ناسنامەی ئەو کۆمەڵانە کە هەوڵ دانو یاخود رەتکردنەوەی یەکگرتنیان لەچوارچێوەی کۆمەڵە نیشتیمانییەکاندا بەدەردەکەون لەپێناو بەشداری کردن لەجیاوازییەکانیان. کەواتە زۆر بەساکاری لەتوانامانداا دەبێت کە لەوە تێبگەین کەرۆشنبیریی، لەکاتێکدا لەتوانادا نییە لەڕووی تیۆرییەوە وەکو بابەتێك کە وەسف بکرێت،

یاخود پێناسەیەکی زانستی دیاری بکرێت دەسگیری بکەین، هەروا لەتواناشدا نییە لەڕووی کردەوەییەوە بەسەریدا برۆین وەکو ئەوەی هێڵێکی ئاسۆیی پێوانەیی بێ بۆ ئەو هەموو گوتارانەی کەهەوڵی دیاری کردنی ناسنامە دەدەن لە جیهانی نەتەوەدا (دەسەڵاتدارو ژێر دەستە دان پێدانراوەو ڕەتکراوە، لەگەڕانیاندا بەدوای یەکگرتنیان یاخود دەرخستنی یەکگرتن، یاخود چوونە پاڵی کۆمەڵەی گەورەتر) هەروەك لەتوانادایە  تێبگەین کە هەموو شێویەکی رۆشنبیری، دوای ماوەیەکی دووری پێش مێژوو، ماوەی سەرهەڵدانی خاڵی وەرچەرخان لەهەر دوو سەدەی هەژدەو نۆزدەدا، پێشەکی ستراتیژی وەدەست هێنا کە ئەمڕۆ خاوەنێتی. لەساتێکی دیاریکراودا شێوازی دەوڵەت لەئەوروپادا بەسەر شێوەکانی تردا زاڵ بوو، زاراوەکەش لەو کاتەوە بەسەر ئاستی جیهاندا گشتگیر (تعميم) کرا. هەر لەو کاتەوە هەر خاوەندارێتیەکی بەکۆمەڵی مەعریفە، چ ماف بێتو چ نەریت، دەبێ بەپێی ئەو بنەمایە بیری لێ بکرێتەوە کە رۆشنبیرییە: چ لەسەر ئاستی سیستەمی دەزگای رۆشنبیری، یاخود ناکۆکی سەبارەت بەو سیستەمەی کە رۆشنبیری دایمەزراندووە، لێرەوە پێویستە کەناسنامەکان لەناو رەگو ریشەیەکی رۆشنبیری دابن کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆی بوونی هەیە، یاخود لە ئایندەیەکی رۆشنبیریدا بنیاد دەنرێ، ئەم ناسنامەش بەردەوام لەلێپێچینەوەدا دەبن سەبارەت بەو رەسەنەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، ئەمە ئەو پێگەیەیە کە بە ئاشکرا بۆ پیشەی کۆن/نوێ پێشنیارکراوە، لەئاینیشدا، یاخود ئەوەی کە بەئاینە مەزنەکان ناودەبرێ، وردتر، ئاینە جیهانیەکان، بەڵام لەئەمڕۆدا چۆن دەتوانین هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم وێکچوونە جوزئیە بکەین لەنێوان رۆڵی ئایندا؟





دەکرێ ئەمە لەدوو رێگەوە ڕوون بکەینەوە-بۆنموونە، یەکەم بەگفتوگۆکردن لەبارەی هەوڵەکانی بەدەستەوەدانی داڕشتنە ئایینیەکان بۆ دەسەڵاتی رۆشنبیری، وەکو ئەوەی کردە ئایینییەکانو هێما هزریەکان ببێتە سەلماندنێك بۆ ناسنامەی رۆشنبیری، یاخود لەشێوەی چڕبوونەوەی رێژەیەکی بەرچاوی خاڵەکانی ناسنامەیەکی رۆشنبیری دیاریکراودا لە رۆشنبیرییەکی دیکەدا، دووەم لەپاڵ گفتوگۆکردن لەمەڕ جیهانی بوونی رۆشنبیریو رۆشنبیرییەکاندا پێویستە گفتوگۆ لەسەر رەنگدانەوەی نموونە ئایینیەکەش بکەین، لێرەدا پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی کەمتر دەبێ لە گەڕانەوەی ئایین زۆرتر لەگەڕانەوەی رۆشنبیری، وەك ئەوەی ئایینی هونەر، ئایینی زانست، ئایینی مێژوو، ئاینی پەیوەندیمان هەبی. بەشێوەیەکی گشتی، گومان لەوەدا نییە نەگونجانو وێکچوون لەنێوان هەردوو نموونەکە ئەو خاڵە دەمێنێتەوە کە زۆرتر تێبینیمان دەوەروژێنێ. با لەسەر ئەوە رێککەوین کە ئەو دەزگا مێژووییە خاوەن توانایانە بەدەسەڵاتدار یاخود کۆمەڵە ناو ببەین، ئەوانەی کە نرخی ململانێکانی توندو تیژی دەدەن تاکرەوی (کۆمەڵە دیارەکان-الجماعات المتميزە) بەسەر هەموو ئەو ئاینانەدا دەسەپێن کە خۆیان بەئەندام دەزانن لەکۆمەڵە جیاجیاکاندا-خێزان، زمانەوانی، پیشەیی، ناوخۆیی، بەو شێوەیەش دیارکەری مۆرماڵی گشتی بەو هەمە جۆری کردارو پرۆسە ئالوگۆڕە دەبەخشن کە لەمیانەیاندا تاکەکان بڕوا بەبابەت بوونی خۆیان دەهێنن، لە دەزگای کۆمەڵەوە مێژووی هاوچەرخ دوو نموونەی مەزنی رێگا بەردەممان کە بریتین لە: دەزگای ئایینیو دەزگای نیشتیمانی، بەڕاستی هەر یەك لەم دوو دەزگایەدا سروشتی خۆسەپاندنیان هەیە، رەنگە هەر لایەنی

ئینیتیما سەرکوت نەکەن-لەبەرامبەر دەزگای کۆمەڵە ئەگەر هەبوو-بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت یاخود درێژ سنوورێکی دیاری کراو سەردەکەون لە رابەرایەتیو تێرکردنی ئەو هەمە لایەنییە. هەردوو دەزگای کۆمەڵە کۆکن لەسەر ئەوەی هیچ دیاردەیەکی گونجاو هەبێ، چ کاتیو چ هەمیشەیی، گشتی یاخود تایبەت، هەروەك لەتوانای ئەم دەزگایانەدایە کە کەینونەی تاکەکان لەچوارچێوەی سنووری مەرگدا بنووسنەوە، دواتریش گرنگیەکی هێمایانە بەمەرگ دەبەخشن کە لەحاڵەتی ئاساییدا نیەتی ئینجا ئەم یان ئەو نەتەوانە چەندین رێگایان دۆزیوەتەوە بۆ رەوایی دان بە کوشتنی بە کۆمەڵو لادانی لەدەسەڵاتی تۆڵە سەندنەوەو تاکرەویانە، کاتێکیش کە مەرگ دێ، ئیتنو نەتەوەکانی دوای قوربانی دان دەکەن لەپێناو رزگارکردنو قوتارکردنی ئەوی دیکە. بەڵام جیاوازییەك ڕوونە، هەر نەتەوەیەك لەنەتەوەکان، لەبنەڕەتدا دەزگایەکی سیاسییە، بەردەوامو بەکردەیی لەرێ دایە، تەنانەت ئەگەر داواکارییەکی راستەقینەش لەگۆڕێ دانەبێ بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەتو کەنیسە، لەسنووری سەپاندنی شێوەی کۆمەڵە یاخود دەسەڵات گرتنە سەر گوتارو کردارو شێوازە تاکەگەراکانیشدا راناوەستێ، وێڕای ئەوەش دەوڵەت توانیویەتی کە خۆی لەشێوەی wittgensteinian (گەمەی زمان)و "شێوازەکانی ژیان"داو لەنێو زاراوەی وا کە شان لەشانی نادرێو بەشێوەیەکی کاریگەرتر کە لەهەر ئایینێکی جیهانی دیکە بۆ کەمکردنەوەی ئینتیمای بەکۆمەڵ خۆی خستۆتە ڕوو. کەواتە لەتوانادایە رۆشنبیری لەهزری نوێداو لەسەر ئاستی بەکارهێنانەکانی زاراوەکە، ناوی چی لێ بنرێ، ئاخۆ گفتوگۆکاری ئایینی کاتێك کە خۆی دەسەپێنێ لەچوارچێوەی دەزگای





نیشتیمانی دایە، ئاخۆ باشتر وانییە کە رۆشنبیری ببێتە ئەو ناوە کە لەهەموو "ئایینە نیشتیمانییەکان" بنرێ؟ یاخود جارێکی دیکە: ئاخۆ بنیادنانو پەرەپێدانی دەزگا نیشتیمانییەکان نابێتە دژێك بۆ ئایین، یاخود نابێتە کۆنترۆڵێك بۆ ئایینەکان بەڵام هەندێ هاوسەنگی دیاری کراو بۆ هێز، جارێکی تر وەکو گوزارشتێك لەناوەڕۆکی ئاینەکان، ئاخۆ پەرەپێدانی سروتە ئایینییەکان، ناچار بەبیرکردنەوەمان دەکات، بەهەر حاڵ ئەم دۆخە ئاماژە بە دژوارییەکی دژ بەردەوام دەکا. مەرجەعییەت بۆ نەتەوە یاخود بۆ بەراوردی دەزگاکانە لەگەڵ ئاییندا لانی کەم رێگەمان پێ دەدا پرسیار لە بارەی ئەو هۆکارانە بکەین لەپێناویدا مەرجەعییەتی "ناسنامەی رۆشنبیری" لەدەوروبەری (راستیو زاراوە)دا دەخولێتەوە بەو واتایە کە بەردەوام کەمتر لەبڕوا پێهێنانی -زۆرەملێیانە یاخود چاوەڕوان کراو-تەنانەت ئەگەر ناسنامەی رۆشنبیری بەشێوەیەکی پێوەرانەش خرابێتە ڕوو، بەواتایەکی دیکە ئەو وەك رێژەو وەکو بوونیش لەبڕواپێکردن زۆرترە-تەنانەت ئەگەر کێشەی بوونێکی هاوبەش یاخود بەدەست هێنراوەش بێت، بەرێگەیەکی هاوشێوە رەنگە پرسیار بکرێ: بۆچی گوتاری فەلسەفی لە خودی ناسنامەی رۆشنبیریدا لەنێوان هێزی ڕژانی (رەنگێکە رۆشنبیریەکی جیهانی هەیە لەهەر رۆشنبیرییەك دا دەخرێتە ڕوو، وا خۆی پیشان دەدا کە بانگهێشتێکەبۆ گەڕانەوە بۆ سروشتو، رەنگدانەوەی ناکات بۆ مێشك)و هێزێکیشە بۆ سروشت (کەنوێنەرایەتی رۆشنبیری دەکات لەڕووی زاراوە سازییەوە، لانی کەم پانتاییە ئاسۆییو ستونی دەزگاکان لەگەڵ رەگەزی مرۆییدا) دووەم: ناسنامەو سەلماندنی ناسنامە لەکایەی رۆشنبیریدا. ئەم کێشەیە تا ئاستێك تەواو کەری

کێشەی پێشووە، بەڵام لەحاڵەتی یەکەما توانیمان کە بێ پشت بەستن بە پرسیاری یەکەم گریمانەیەك دابڕێژین، لێرەدا تەنیا ئەو پرسیارە دەخەینەڕوو کە ئیدیعای پشگیریان ناکەین، پاشان هەوڵی پۆلین کردنیان دەدەین.

هەر یەك لەو پرسیارانە پێویستیان بەگفتوگۆی درێژ دەبێ، بۆیە ناچار دەبین کە هەڵبژێرین، بەتایبەتی ئەگەر داڕشتنی واهاتنە ئاراوە کە چاکتر بوون لەوانی دیکە لە ناسنامە لە رۆشنبیرییەوە بەرەو ناسنامە لە دەزگادا- پرسیاری یەکەم کە ئاسایی دێتە ڕوو ناکرێ لێی لادەین: ئاخۆ هیچ گرنگی یا واتایەك هەیە بۆ قسەکردن لەبارەی ناسنامە لەکایەی رۆشنبیریدا، لەکاتێکدا کە تێبینیمان کرد کە تێکەڵاوی لەهەموو واتایەکی رۆشنبیریدا هەیە بە جۆرێك کە وەکو پێناسەی بابەتێك دەلالەت لەزیاتر لەشوێن یاخود پیشەێك دەکات کە تائێستاش وەکو توخمێك لەپێناسەدا نادیارن.

زیادەکردنی ناتۆرە (نعت)ی (رۆشنبیری) بۆ زاراوەی ناسنامەی ئامادەگی یاخود رەزامەندی پێ نابەخشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم ناتۆرەیە کێشەی پێناسەکردنی زیاتر دەکات. بەڵام بڵاوبوونەوەی هاوچەرخی ئەو گوتارانەی کە باس لە قەیرانی ناسنامەی رۆشنبیری دەکەن، باشتر وایە کە هاندەربن بۆ دەرك کردنی جیاکردنەوەی نێوان هەردوو زاراوە (ناسنامەو رۆشنبیری). من کێم؟ ئێمە کێین؟ ئەوان کێن؟ ئەمانە پرسیاری سەرەکیو گرنگنو وەڵامدانەوەیان هەوڵدانێکە بۆ رەنگدانەوەی ناسینی ناسنامە، ئەو وەڵامە بەشێوەیەکی وردو تەنیا لەبەر مەرجەعییەتە رۆشنبیرییەکەی دیاری ناکرێ، چونکە حاڵەتی ئینتیمای (من)و (ئەوی دیکە)و پەیوەندیان بەکایەی رۆشنبیرییەوە نادیارە. چارەسەری ئەم گیروگازە یاخود لەڕێگای پەنا بردنە





بەر وێکچوونی پیشەیی نێوان رۆشنبیریی و واقیعەوە دەبێ، بۆچی ناسنامە لەرۆشنبیریدا بە ناسنامە لە واقیعدا بەراورد دەکرێ، کە لەتوانادایە پۆلین بکرێو تایبەتمەندێتی ناوخۆیی دیاری بکرێ. یاخود لەرێگای لەخۆگرتنی رێبازی دژ بەیەکەکان یاخود ناکۆکەکان لەنێوان واقیعو رۆشنبیریدا دەبێ، بۆچی ناسنامە لەرۆشنبیریدا وا دەچوێندرێ کە رەتکردنەوەی شتە دەرەکییەکان یاخود بوونی سروشتی شتەکان بێ لەحاڵەتی عەقڵی یا روحیدا. لەحاڵەتی یەکەم سیستەمێك هەیە لە خواستنەوە، لە دووەمیشدا سیستەمێك لەحاڵەتەکانی رەتکردنەوەو نکۆڵی کردن هەیە. بەڵام هیچ پاساوێك نییە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی شتی سروشتی بۆ دڵنیابوون لە گرنگی گەڕان بەدوای پرسیاری: من کێم؟ کە نەبەشێوەیەکی ورد تایبەتمەندێی تاك دەبەخشێو نە بابەتەکەشی بەشێوەیەکی رادیکالی رەت دەکاتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم پرسیارە دەرگا لەکێشەیەکی دیکە دەکاتەوە کە لەوانەیە بتوانین چارەسەری بکەینو لەوانەشە نەتوانین: چۆن دەتوانم (چۆن دەتوانن، چۆن دەتوانین) لەوی دیکە یاخود لەوانی دیکە ئاماژە سەبارەت بەتایبەتمەندی خۆم (خۆمان، خۆیان) وەرگرم. ئەم پرسیارە لەگەڵ ناوەڕۆکی ناسنامە لەبواری رۆشنبیری یاخود لەگەڵ ئەو شێوەیەی کە رۆشنبیری پێ دیاری دەکرێ ناگونجێ، بەتایبەت ئەگەر رۆشنبیری وەکو کایەیەك لەو ئەزموونانە پێناسە بکرێ لەتوانادایە بەکۆمەڵە ولاتێکی فەلسەفی ناوبرێ، وەکو بوونگەرا، لۆژیکی...لێرەدا خۆم بەم پێشنیارەوە پابەند دەکەم: هەر زاراوەیەك کە ناسنامەو رۆشنبیری لەخۆبگرێ پێویستی بەوەیە زیاتر لەزاراوەیەكو بەگۆڕاوە رەسەنەکانەوە گرێ بدرێ کە پێشوەخت بابەتو

دەزگا-یاخود هەر زاراوەیەکی دیکە کە هاوداشتیان بێت- گریمانە دەکات بۆ ڕوونکردنەوە لێرەدا دوو گریمانە دەخەینە ڕوو:

- ناسنامەیەك هەیە لەڕێگای بابەتەکانەوەیەو تەنیا بۆ بابەتەکانە.
- ڕۆشنبیریەکیش هەیە لەڕێگای دەزگاکانەوەیەو تەنیا بۆ دەزگاکانیشە.

بەڕوونی دیارە کە ئەم دوو گریمانەیە گرنگییەکی زۆر وەدەست دەهێنن ئەگەر (بابەت) گوزارشت یاخود وشەیەکی دیکەی ناسنامە-ناسنامەی خود-نەبێتو (دەزگا) تەنیا وشەیەکی دیکەی ڕۆشنبیری نەبێت. پێدەچێ کە لەتوانامانداﺑێ بڵێین کە بابەت مەرجەعییەتی هەیە بۆ ئەو تاکانە کە لەتوانادایە لە میانەی زمانەوە جیا جیایان بکەینەوە، وەکو گوتنی (من، ئێمە، ئەوان). بەڵام دەزگا بەپێی عادەت گرنگی بەهەر چالاکییەکی مرۆیی دەدا کە چالاکی دابەشکردنێکی دیاری کراوی چەند دۆخێکی دەستنیشان کراو، یاخود بەڵێن یا پیشەی بەرژەوەند خوازانە چالاکیو، پەیوەندی لەخۆ دەگرێ.

دەزگاش دەکرێ لەچەند گوتارێکی دیاری کراودا چ لەشێوەی هێما، چیرۆك-یاخود پرۆگرام گوزارشتی لێ بکرێو دابڕێژرێ. بەم پێیە پرسیاری ناسنامە دەبێتە پرسیاری سەرەکیو بەشێوەیەکی ڕەسمی دەخرێتە ڕوو، چونکە (من، ئێمە، ئەوان) گوزارشتی یەکسانن بۆ هەڵوێستێکی خودی، لەتواناشدایە بابەت-وەکو زاراوە-بۆهیچ یەك لەو تاکانە (من، ئێمە، ئەوان) بگەڕێنرێتەوە، بەڵام بەردەوام لەنێو ئەو سێ توێژەدا دەخولێتەوە. هەروەك پرسیاری ڕۆشنبیریش سەرەکی دەبێ، چونکە بە جیاوازی شوێنو کات، هەموو کۆمەڵگاکان-تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیش مۆرکی دەوڵەتێکی نیشتیمانیشی هەبوو-بارودۆخەکان پیشەی بەرهەمهێنانو دووبارە بەرهەمهێنانەوەو، پەیوەندی،





یادەوەریو مەعریفە بەیەك شێوەی چوون یەك بەش ناکەن- بەڵام بابەت لەزمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کردارو، دەزگا لەکردارییەوە بۆ گوتار دەگوازرێتەوە. پێویست نییە کە بەر لەدەسپێکردنی بەچوار چێوەکردنی تیۆرییانەی ناسنامەی ڕۆشنبیری، بپرسین کە ئاخۆ بابەتی روو بەڕوو بوونەوەی دەزگاکان چ واتایەکی بۆ تاکەکان دەبێو شێوەو جۆرەکانی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوانە چینو ئاخۆ مەترسی ئەو ڕوو بەڕوو بوونەوانە هەن؟ ئەم کێشەیە پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵناسی یاخود دەروونناسیو تەنانەت بەشێوەیەکی کەمتریش بەتیۆری تاکگەرایی یاخود سیستەمەکانەوە وەك پەیوەندی بە بەرژەوەندگەرایی زمانی، یاخود لایەنی سیاسی زانستی میتۆلۆژیاوە نییە.

بەڵام لەڕووی مەبدەئییەوە پێویست ناکات گریمانەی پێشوو بخەین کە وەك (گشت) دەڕوانێتە ڕۆشنبیریو ئاکام پەیوەندی تاکەکان بەڕۆشنبیرییەوە یاخود وەك پەیوەندییەکی گشتی دەبینێ یاخود وەك نەبوویەك دەبینی کەلۆژیکی ناسنامەو جیاوازیو پێکەوە لکانو دوورخستنەوە کۆنترۆڵی دەکا. چونکە پرسیاری داهاتوو بۆ دوورخستنەوەی ئەم گریمانەیە، لەتوانامانداﯾە چی لە جێگای دابنێین؟ زۆر بەساکاری ئەو بیرۆکەیە لەجێی دادەنێین کە دووپاتی دەکاتەوە لەبواری کردارە مرۆییەکاندا، هەڵوێستە خودییەکان چارەسەرە هەمەگیرو گازەکان زێدەتر دەکەن لەدابەش کردنی ناسنامەی ڕۆشنبیریدا. ئینجا ئەم گیروگازانە لەچارەسەرییەکاندا وەکو سیستەم یاخود کۆمەڵەی ئالۆویری گشتگیری دەکرێ لۆژیکانە ببێتە دیاردەی لاوەکی.

## ٢- ئەزموونی زمانێك

بەر بڵاوترین بیرۆکەی شیکردنەوەی فەلسەفی بۆ کێشەی هەمەڕەنگیو هەمەلایەنی رۆشنبیری دووپاتی دەکەنەوە کە جۆرە زمانەوانییەکانە تەنیا سیستەم بەڵکو جیهانی مرۆیشە. چونکە مۆرکی مرۆیی هەر زمانێك دابەشبوونەوەی یاخود گواستنەوەی لەنکاوی، بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ دیاری کردنی پەیوەندی تاکەکان بە جیاوازی نێوان رۆشنبیریەکانەوە. زمان-دەزگای دەزگاکان- ئینتیمای تاکەکان بۆ رۆشنبیرییەکی دیاری کراو دەست نیشان دەکا، ئەوەشی کە بەشێوەیەکی گونجاو خزمەتی دەکا توانستی جیاکردنەوەی پەیوەندی هەر تاکێکە بەزمانەکەیەوە، وەکو ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییە بێت کە یارمەتی دەدا بۆ موڵکداری رۆشنبیرییەکی دیاری کراو. زاڵ بوون بەسەر زمان واتە زاڵ بوون بەسەر رۆشنبیریدا بەڵام کەس بەسەر زماندا زاڵ نابێتو بەشێوەیەکی راستەقینە کۆنترۆڵی ناکات تەنیا ئەوانە نەبێت کە لەساتی لەدایك بوونەوە خاوەنداریێتی دەکەن. لەبەرامبەریشدا بەرگری کردنە لەو رۆشنبیرییە کە ناسنامەیە، چ لاسایی کراوە بێو چ داهێنراوو بەسەر هەموو بەرگریکردنێك لەزمان (رەسمی، سەربەخۆ، ئەدەبی، میللی)دا زاڵ دەبێ. لێرەوەیە کە وەرچەرخانێکی سروشتیو دادوەرانە هەیە بۆ ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ، بابەت وەکو زیندەوەرێکی سەربەخۆ خۆی جیادەکاتەوە (دەلالەتی رەنگدانەوەی ناسنامە) ئەمەشی بە ئاستێك کە جیاکردنەوەی زمان-بابەتەکە-ورۆشنبیری لەوی دیکە زەحمەت دەبێ (دەلالەتی لۆژیکی ناسنامە). لێرەدا وا پێ دەچێ کە بەکارهێنانی دوو نموونە گوزارشتمان لەراستی زانستی کردبێ. یەکەمیان ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ





سنووری زمان رۆشنبیری دیاری یاخود دەستنیشان دەکاو تا ئاستێکیش ئەم سنوورانە ڕێگە لەکێشەی زمان دەگرن کە بەبێ ئەوەی ون بوونی واتا لە رۆشنبیرییەوکەوە بۆیەکی دیکە بجووڵێ. بەڵام بیرۆکەی دووەم دەڵێ هەڵوێست لە زماندا بەشێوەیەکی خودی لە رۆشنبیریدا وەسف دەکرێ لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە بانگهێشتی جیاکردنەوەی (ناسنامەی رۆشنبیری) بکات وەکو کێشەیەك کە لەجیهانی زماندا جێنشینە بۆیە پێویست دەکا لەبارەی بەها یاخود گرنگی ئامادەگی زمانەوە وەکو زانست یاخود وەکو جیهان پرسیار بکەین. ئەم پرسیارە هەرگیز وەلا نەکەوتووە، ئەوەی لە فەلسەفەی هاوچەرخیشدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ خراوەتەڕوو. ئامادەیی ئەم پرسیارە لەو گفتوگۆیانەدا دەبینین کە دەربارەی ئەوەی دەشێ وەربگێڕدرێو ئەوەی ناشێ، دەکرێ: ئەگەر هەندێك لایەنی زمان هەبێ لەتوانادانییە لەچوارچێوەی پیشەی زمان وەکو ئامرازێکی پەیوەندی کورت بکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین چی لەبارەی شیعرییەتەوە بڵێین، ئاخۆ ئەمە هێزە پەیوەند یاخود سەر بەشێوەزار نییە؟ بەڵام ئاخۆ شێوەزار (ناسنامە)یەکی زمانەوانییە؟ بەشێوەیەکی هاوتەریب دەبینین کە ئەم پرسیارە ئامادەیە لەگفتو گۆکانی توخمی ئازادی یاخود باڵادەستی رەگەزیو لۆژیکیو سیاسیدا کە پەیوەندی ئامانجیەتی لە هەموو زمان یاخود شێوەزارێك دابیخاتە ڕوو. هەروەك شێوەزار یارمەتی دەرە بۆ پەیوەندی یاخود توانستەکانی پەیوەندی، ئەوا مەرج نییە کۆتایی زمانی دایك بگاتە ئاستی داخستنی جیهانەکەی، بەڵام لانی کەم دەگاتە ئاستی بەکۆتاگەیشتنی جیهانی بوونی مرۆڤ. (جاك دریدا) لەلایەن خۆیەوە دووبارە دەکاتەوە کە

تاکگەرایی بابەتو تاکگەرایی شێوەزار لەرەسەنداو بەشێوەیەکی ورد بەئاماژەی زمانەوانی ناژمێردرێن، بەم پێیەش ناتوانین بەشێوەیەکی ورد ئەوە بڵێین کە بابەتی زمان لەڕووی زمانەوانییەوە سەر بەزمانە. بۆ نموونە کاتێك (دریدا) لەسەر (ئیمزا) دەنووسی، بەردەوام ئاماژە دەکاتو دووپاتی دەکاتەوە کە زمان وەکو هێزێك بۆ بلاوکردنەوەو پەخش کردنی داتاو گواستنەوەی واتاکان بەکاردەهێنرێتو زۆرتر کەرەستەیەکی پێوەر سازییە نەك کەرەستەیەك بۆ گوزارشت کردن لەبیرۆکەکان. لەدیویێکی دیکەوە ئەو بیرۆکانەی کەلەم بوارەدا خراونەتە ڕوو لەتوانادایە تێبینی بکەین کە هیچ ئەزموونێکی سەرەکی زمان نییە-بەجۆرێك کە ئاکامی تاقیکردنەوەیەك دیاری بکات بۆ لەتوانابوون یان لەتوانانەبوونی وەرگێڕانو سنووری خواروو سەرووی ئاستەنگەکانی گونجان لەگەڵ ڕۆشنبیری دەرەکیدا دەست نیشان بکات- لەبنەڕەتدا ئەزموونێکی ساکارە بۆ جێگیری زمان، تاکگەرایی یاخود داخراویی، یاخود بەشێوەیەکی بەردەوام لەخۆگرتنو پێکەوە لکانێکی جوانو، هەمەلایەنەیە بۆ ئالۆویرێکی زۆرتر یا کەمتری بەکارهێنانە کار بەرەکانی هەمان زمانە، جا ئەو بەکارهێنانە چ مەبەستی پیشەیی بێ، یا کۆمەڵایەتی، ئەمە وێرای نوێنەرایەتی کردنی ئەو زمانەدا-سروشتی یا دژبەیەك، راشکاوو ئاشکرا یاخود نادیار-و مولکداریێتی بۆ ئەو توخمانە کە لەزمانی دیکەوە وەرگیراون. لەمەدا دەردەکەوێ کە پرسیاری ئەزموون بابەتێکی تاکانە نییە، بەڵکو کێشەیەك دەخاتەڕوو، کە بەردەوام مەودای نێوان زمان بەشێوەیەکی گشتیو زمانێکی تر لەحاڵەتێکی دیاری کراودا، فراوانتر دەبێ بۆیەشە ئەزموونی نێوخۆییو دەرەکی لە توخمی زماندا لەتوانای دانابێ بەشێوەیەکی





ورد ئینتیما بۆ جیهانێکی سەربەخۆ دووپات بکاتەوە، تەنانەت لەتوانایشیدا نییە کە ئەو جیهانە دیاری یاخود وێنا بکات. زمان بەردەوام کار بۆ بەسەردادانو چالاککردنی مۆرکی رەسەنایەتیو ماڵی بوون دەکا بۆ هەر بابەتێك کەسیفەتی نێو خۆیی یاخود (تایبەتمەندێتی لەخۆدا هەڵنەگرتبێ). بەڵام ئەو ناسنامەیە کەلێرەدا باسی دەکەین، بەخشراو نییە بەڵکو تەنها بەخەیاڵدا هاتووە، ئەویش لەمیانەی کاریگەرێتی وشەوە: ئەو-ناسنامە- دروستکراوە لەجودا وازی توندو تۆڵو وردەکارو نامەی پەیوەندی ئامێزی وا کەبەوردی بنیاد نراوە.

## ٣- شوناس یا سەلماندنی شوناس

ئاخۆ پێویست نییە کە خاوەن مەیلەکانی جیاوازی لە ململانێو قەیرانی دیاریکراودا بابەتی ناسنامەی ڕۆشنبیری بوروژێنن؟ لەتوانادانییە ناسنامەی ئاشتیانە وەدەست بێ: ناسنامە وەکو گرەنتیکێك بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی مەترسی قەلاچۆکردن یاخود سڕینەوە لەلایەن ناسنامەیەکی دیکەوە دەخرێتە ڕوو بۆیە لەسەرمان پێویستە کە پێناسەی زانا کۆمەڵناسیو دەروونناسەکان بۆ (داڕشتنی ناسنامە) لەئێستادا گشتگیر نەکەین، جا چ ئەم داڕشتنە رەگەزپەرستانە یاخود ئایینی بێت، کە دەڵێت ئەو ناسنامەیەی چ بە نهێنیو چ بەئاشکرا-داوا دەکرێ وەکو پیشەی ئەوی دیکەو، وەلامدانەوەی ئارەزووەکانیو، هێزو ئەو گوتارەی هێزی لەسەرووی ئارەزوویەوە دەخاتە ڕوو، لێیدەکۆڵرێتەوە. تا ئاستێکی دیاری کراو چەمکی (ناسنامەی باو) (یاخود میراتی ناسنامە) لەواتاکانیدا دژ بەیەك دەبێ. دەتوانین وردتر بڵێین کە ناسنامەی گوتاری (باو)ە. لەراستیدا چ ناسنامە نین، بەڵکو سەلماندنی

ناسنامەکان هەن: چلەگەڵ خودی دەزگاکانداو چ لەگەڵ ئەو بابەتانەوە کە لەمیانەیەوە تێدەپەڕێ، یاخود وەکو هەندێك پێیان وایە، ناسنامەکان تەنیا ئامانجی نموونەیی پرۆسەکانی سەلماندنی ناسنامە تەنیا ئامانجی نموونەیی پرۆسەکانی سەلماندنی ناسنامەو خەیاڵیەکانی خاوەنداریێتیو دووپات کردنەوەی هەست پێ کردنیەتیو دواتر مەرجەعییەتەکەیەتی بەلاّم ئەمە واتای ئەوە نییە کە پرۆسەکانی سەلماندنی ناسنامە تەنیا کۆمەڵە پرۆسەیەکی خەیاڵین. لەتوانادایە زۆر بەساکاری کاریگەریێتی پرۆسەکانی سەلماندنی ناسنامە لە بونیادەکانی نوێنەرایەتی یاخود ئەو ڕێگایانەوە کە لەمیانەیاندا ئەم پرۆسانە شوێنێك دابین دەکەن کەڕێگە بەتاك دەدا وەکو (خود) بڕوانێتە خۆی، واش تێیان بڕوانێ کە کاریگەری ناتەواون لەڕووی کردەییەوە، هەندێك لەجۆرەکانی سەلماندنی ناسنامەکان بەشێوەیەکی دژ بەیەك سەرکەوتوو بوونو هەندێکی دیکەشیان ڕووخانو تەنانەت پێکەوە ژیان لەگەڵیان بوو بەکارێکی زەحمەت. وێڕای مۆرکی گشتی دەبێ خاترانەی ئەم جیاوازییانە بگرین. ئەو بەئاسانیو ڕوونی لەگەڵ جیاوازی نێوان جوت بوونو جوت نەبووندا گونجانو نەگونجان لەگەڵ سروشتەکاندا، ئەو پەندو بیرو باوەڕانەی کە لەبەردەمی دەزگای دەسەڵاتداردا دانراوە، وێك ناکاتەوە. لەتوانادایە کە پێشنیار بکەین کە بونیادنانی ناسنامە پرۆسەیەکی خەیاڵ ئامێز نییە، بەڵکو کارو کردارەکانی خەیاڵن: ئاکار، مێژوو یا ستراتیژی تاکگەرایی بابەتە، لە پەیوەندی بەخەیاڵەوە (پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە). کەواتە بۆچی دەبێ ئەو ئاکار، ستراتیژ یاخود مێژووە، لەسەلماندنی ڕێبازی ناسنامەکەیدا، بگاتە لوتکە، یاخود بگاتە ئاستی بەرگری کردنێکی دوژمنکارانە لەلایەن هەندێ





تاکەکانەوە بەرامبەر بەو سەلماندنە ئەمەش وێڕای تاکانەییو زەبەلاحی (ئێمە)، یاخود لەگەڵ هێماو دروشمی وادا کە ئەو ئاکارو ستراتیژو مێژووی پێشنیار وەکو گشتێکی تەواو وێنادەکا یاخود نابێ. لەم ڕووەوە ئاخۆ لەتوانامدایە کە بیرۆکەی گشتی لەخۆ سەپاندن یاخود کۆنترۆڵ کردن یاخود بیرکردنەوە لەخەیاڵ وەکو ساتێك یاخود ئامرازێك بۆ هاوسەنگی هێز وێنا بکەین؟ هیچ شتێك نییە ئەوەمان بۆ دووپات بکاتەوە کە کاریگەری کردەییو ئەو ساتی خەیاڵکردنە، لەهەر دۆخێکدا، پشت بەلاوازی توانستی جیاکردنەوەی نێوان (منو ئێمە) ببەستێ.

## ٤- کێشەی ئینتیما

ئەگەر وامان وێناکرد کە ناسنامە تا ئاستێك گرنگە، ئاخۆ ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوە کێشەیەکی تاکانەیە؟ هەمان ئەم گوتارەیە کە هەموو ڕۆشنبیرییەکانی نێو هەموو لێکۆڵینەوەکانی والێ کردووە کە بەزەحمەت ئینتیما بۆ چەند ڕۆشنبیرییەکی دیکە بکەن: بۆیەشە کە هیچ کۆمەڵگایەکی دامەزراو بەشێوەیەکی وردتر هیچ نەتەوەیەك نییە-کە بتوانین بەخودان هەمە ڕۆشنبیری بیژمێرین.

بەلاّم ڕەخنە گرانی ئەم هەڵوێستە-لەژێر کاریگەری روحیەتی بزوتنەوە سیاسیەکان-زۆر بەساکاریو بەشێوەیەکی ڕوون دوو دڵن لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی دژ. ئەگەر بە وەرگرتنی هەڵوێستێکیش سەر کێشی بنوێنن: ئاخۆ پێویستە لەسەرمان گریمانە بکەین کە هەموو تاکێك سەر بەزیاتر لەرۆشنبیرییەکە؟ یاخود لەسەرمان پێویستە گریمانە بکەین کە ئەگەر تەماشای زاراوەی ڕۆشنبیریی بکەین بەشێوەیەکی دابڕاوو واتاکانی دژ بەیەکن

بۆیەش ئینتیما بۆ رۆشنبیریەك واتا ئینتیما بۆ یەکەیەکی تەواو کە دەلالەت لەخاڵی بەیەکگەیشتن‌و بەیەکتر بڕی چەند رۆشنبیرییەك دەکا؟ واپێ دەچێ لەتوانادا نەبێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ بەبێ پرسیارکردن لە چۆنیەتی کارکردنی (لۆژیکی ئینتیما) کەوا پێ دەچێ ناسنامەکان بە ڕۆشنبیرییەکانەوە گرێ دەدا. لێرەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان دوو جۆر چین یاخود کۆمەڵە بکەین: چینەکانی خەیاڵ‌و چینەکانی هێما، چین ملیتەر جۆری سێیەمیشی بۆ زیاد دەکا کە چینەکانی دژوارییە. سەبارەت بە چینەکانی خەیاڵ دەکرێ ببینینەوە کە زاڵە بەسەر مولکداریێتی گشتی تاکەکان، بەو پێیە کە خۆی جیا دەکاتەوەو سەربەخۆ لەو کێشەی ڕێژەییە بوونی هەیە. بەواتایەکی دیکە چینەکانی خەیاڵ ئەو تاکانە لەسەر گریمانەیەکی نیمچەبینراو کۆدەکاتەوە (رەش‌و سپی، ڕووت‌و داپۆشراو) یاخود بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو وێکچوونەی کە لتوانادایە بخرێتە ڕوو (وێکچوونی کەسایەتی یاخود مۆراڵی) لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵانەدا. بەڵام چینەکانی هێما لەناو ئەو راستیەدایە کە خستنەڕووی زەحمەتە ئەوەی کە بابەتەکان وەڵامی هەمان ئەو ناوە دەدەنەوە کە پرسیاری لێ دەکەن‌و پرسیاریان لێ دەکا. بۆیەشە دەڵێن (پیاوێکی فەرەنسایی) ٠مەسیحی) (شیوعی) لێرەوەیە کە بابەتەکان لەسەر بنەمای وێکچوونی تاکەکان دیاری یاخود جیا ناکرێنەوە. بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە کە ئەوان تاکی (متکافلون) ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی رەها لێکچوو نین (تاکانەن). ئەم دوو نموونەیەی پێشەوە بۆ سەلماندنی ناسنامەی تاکەکان لەرێگای زاراوەی پەیوەندگەراوە، لەرووی لۆژیکییەوە ناکرێ یەکیان لەناو ئەوی دیکەدا کورت بکەینەوە دەکرێ جیاوازی نێوان ئەم دوو نموونەیە





پەرە پێ بدرێ‌و بەڕوون کردنەوەی ئەوەی کە چۆن پیشەی پێکەوەلکانی سروتەکان دەچێتە چوارچێوەی لایەنی هێمایییەوە، کەڵکی لێ وەربگیرێ، لەکاتێکدا کە پیشەی پێکەوەلکاندنی ئاکارە نموونەیی دەچێتە چوارچێوەی لایەنی خەیاڵەوە. بەڵام ئەمە چەند کێشەیەك دەخاتەوە: ئاخۆ چینەکانی خەیاڵکەر یاخود هێما سەربەخۆیە لە خەیاڵی چینەکان وەکو پڕۆسەیەکی بەکۆتا گەیشتوو کە بەجیا لەیەکتر کاردەکەن؟ ئەم پرسیارە هێماگەری چینەکانی خەیاڵکەر دەنوێنێ، ئەوەی کە پاساوی چی ڕوودەدا دەداتەوە لەدەزگاکاندا: بۆ نموونە کاتێك کە جۆری (رەگەز) لەڕووی دادەوە یاخود دەزگاوە دیاری کراوە، بەواتایەکی دیکە چۆن ناسنامەکانی رەگەز بەپاساوی پێویستی دادوەری یاخود ئەفسانەیی بنەڕ`تی بۆ پیاوو ژن جیادەکرێتەوە. لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە، کە دەبێ پەلە نەکەین لەوەلامدانەوەیدا، یەکەم ڕێگە بەوە بدەین کە دەڵێ تاکبوونەوەی ناسنامە وەکو ئاکامێکی سروشتی پاڵپێوەنانی تاك دێ بۆ ناو کۆمەڵەی بنەڕ`تی کە جیهانێکی دیاری کراوو تێڕوانینێکی جیهانی دەبێ، ئاخۆ پێویست نییە گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو کۆمەڵەیە لانی کەم لەڕووی بیرۆکەوە-پشت بەئەگەری موقەدەس گەرایی هەموو ئینتیماکان دەبەستێ. ئەمەش واتای ئەوەیە: یەکەم، ئەو ئینتیمایانە لەدۆخی رکابەری یەکتردابن. ئاخۆ ئەمە بەوردی چۆنێتی کاری ئەو دەزگا کۆمەڵەییانە یاخود ئایدیۆلۆژیاکان ڕوون ناکاتەوە وەکو پێشتر گفتوگۆمان لەسەر کرد؟ بۆیەشە کە (فەرەنسایی بیت) واتای ئەوەنییە کە تەنها خەڵکی فەرەنسا بێت، بەڵکو دەبێ فەرەنسایی دانیشتووی بریتۆن (هەرێمێکە لەباکوری رۆژئاوای فەرەنسا) بیت

فەرەنساییەکی (کرێکاری) فەرەنساییەکی (سەرمایەدار)، یاخود نووسەرێکی فەرەنسایی فەرەنساییەکی (لیبرال) یاخود فەرەنساییەك کۆمەڵایەتی بیت بەوتایەکی وردتر بەپشت بەستن بە نموونەی فەرەنسا واتا بەشێوەیەکی دیاری کراو هەموو ئەمانەیتو تا رادەیەکیش واتای ئەوەیە کە (پیاوێك یا ژنێك یا منداڵێکی فەرەنسابیت).

بەهەمان شێوە ئەگەر موسوڵمان بوویت واتای ئەوە نییە کە تەنیا بە پەیڕەوکردنی قسەکانی پێغەمبەر ملکەچی خودایت، بەڵکو واتای ئەوەیە کە عەرەبیت، قولەی، یاخود تورکیت، میسری، ئێرانی، سوننە یاخود شیعەیت لەپێناو پەیڕەوکردنی ئایینەکەدا، واتا هاوکاری هەموو ئەم لایەنانە کۆمەڵەی ئایین پێك دەهێنن.

یەکێتی ناسنامەو، سیستەمی ململانێو کەهەنوتی ئینتیما، هاوشێوەی دامەزراندنی کۆمەڵە بنەڕەتی یەکگرتووە: بەڕوونی دیارە کە ئەو گریمانە بنەڕەتییە پێش وەختا لەسیستەمێك پێك دەهێنن. بەڵام چ جۆرێك لەو چینانە چینەکانی دیکە رێکدەکاتو، هەڵگری ئەو شتە دەبێ کە دەتوانین بەکۆمەڵەی کۆمەڵەکان ناوی ببەین؟ ئاخۆ چینەکانی خەیاڵ لەژێر لیستی زەرووڕەتەکانی هێمادا دادەنرێ (کەواتە ئەوکاتانەی کە خاوەنی هەموو جۆرە خاوەندارێتییەکانو دەرك بە خاوەندارێتی ئەوانی دیکەش دەکەن، هەموویان وەڵامی بانگەوازی ناوێکی تاك دەدەنەوە: خودا، کۆماری فەرەنسا، یەکێتی سۆڤێت؟).

یاخود سەرەڕای ئەمە لەخەیاڵ کردنی دوایدا، ئاخۆ پێویستە هەمەلایەنی بانگەوازەکان شێوازەکانی دوا خەیاڵکردن دیاری بکەن، ئاخۆ پێویستە هەمە





جۆری بانگەوازەکانی شێوازەکانی لایەنگیریو بیرو باوەڕەکان بە ئامرازی پەیوەندیکاری ناواخن دیاری بکرێ (ناوەڕۆکی خەیاڵکردن گونجاوە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە) یاخود جارێکی دیکە، ئاخۆ پرسیارەکە لەگشتیدا تا ئێستا دیاری نەکراوە، چوهنکە پشتی بەحاڵەت بەستووە، لێرەدا پیشە، ئایینو نەتەوە دژ بەیەك یاخود ئاڵووێرکارە لە یەکێکەوە بۆ ئەوی دیکە، بەشێوەیەك رێگەنادات کە مێژوو لەهەوڵەکانی یەکخستن یاخود پێکەوە لکاندنی ئایینە نیشتیمانییەکانو نەتەوە ئایینەکان دروست بکرێ؟ بەڵام ئەوەی کە پێی دەگوترێ چینە دژکارەکان دەکرێ لێرەدا یارمەتی دەربێ بۆ سەلماندنی دژەکەی نموونەیەك دەخاتە ڕوو بە جۆرەکانی (دەمارگیر) (لادەر)و (خۆسەپێنەر) لەشی کردنەوەی دەروونیدا کە پەیوەندییان بە پۆلینکاریی (پزیشکی ئەقڵە) شەوە هەیەو کە جۆرە سروشتییەکانی لەلایەن پزیشکە دەروونزانەکانەوە رەتدەکرێتەوە لە پێناوی گەیشتن بەشێوازەکانی کاریگەرێتی لەسەر پێشنیارەکانی چارەسەرکردن: هەر ئەوەندەی ئەو دوای نموونەکان دەخرێتە ڕوو پرسیاری دیکەمان بەبیردا دێت: ئاخۆ چینە دژکارەکان بەپشت بەستن بەرازی بوون لەسەر (ولا)ی دەزگاکاندا دادەمەزرێو ئاخۆ ئەو پێوەرە یاخود بەهانایانە چین کەلێرەداو لەم واقیعەدا ڕووبەڕووی هەرەشە دەبنەوە؟ داڕشتنێکی دیکە، ئاخۆ جۆری ئەو پێشێلیە کامەیە کە پێویستە وەکو ئیمتیازێکی لەسەروو ڕکابەرییەوە بەوپەڕی واقیعیەتەوە لەگەڵ ئینتیمادا دەرکەوێ، یاخود دانانی ئەو سنوورانەی کە لەمیانەیەوە سیستەمەکە بەشێوەیەك دەردەکەوێ کەبەرگە ناگیری بۆ هەڵچوونی ناسنامە: ئاخۆ ئەو چینانەی دژکارن رێونکەرن، یاخود هەڵبەسترا، یاخود درۆن؟ یان

ئاخۆ ئەوە جیاوازییەکی لەدەرەوەی ئاساییە، زەبەلاح یاخود لادەرێکی کە لەتوانادایە بخرێتە ڕوو یا وێنەی بگیرێو بۆچی هەموو ئەدەبیاتەکان چ ئەوانەی دژکارن رەتدەکەنەوە یا ئەوانەی کە دەیسەلمێنن بەردەوام پەنا دەبەنە بەر وەرگیرانی یەکج شێوە لەو شێوانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن.

## ٥- شوناسی رۆشنبیریو شوناسی رەگەزی

با جارێکی دیکەش بۆ هەندێ لەخاڵەکانی نادیاری بگەڕێینەوە کە هەندێ لە چینەکانی دژکاریان خستیانەڕوو، ئەو چینانەی کە لەواقیعی نا ئینتیمادا سەر هەڵدەدەن. لێرەدا لەتوانامان دەبێ پێشنیاری داڕشتنێك بکەین کە چ هەموو جۆرەکانی پێکەوە لکان یاخود یەکگرتنی گشتگیری بەیەکەوە گرێ بدات، وەکو نموونەیەك بۆئەوە، لەبارودۆخی مێژوویی دیاری کراودا، بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان لەحاڵەتی پێکەوەلکانی گشتگیریدا بەکار دەبرێن، نموونەی زنجیرەو رەگەزەکان بەڵام نمونەیی ترین نموونەی دوورخستنەوەی نێو خۆیی جیاوازی نێوان هەردوو جۆری رەگەزی مرۆییە-نێرو مێ-بەواتایەکی دیکە، ناسنامەکانی رەگەز وەك ئەوەی جیاوازییەك دابمەزرێنێ، یاخود وەکو ئەوەی لەمێژووی زانراودا هەیە، پێی دەگوترێ کۆنترۆڵ. بەڵام بەخوێندنەوەی رەنگدانەوەکانی ئەو ناسنامەی رەگەزە، بۆمان ڕوون دەبێـەوە کە شتێکی دیکەی جیا لە نموونە رەسەنەکە کە گفتو گۆکەدا دوور خراوەتەوە. ناسنامەی رۆشنبیریو ناسنامەی رەگەزی دوو زاراوەن کە جیاکردنەوەیان لەتوانادا نییە. زاراوەی دووەمیان بۆ سروشت دەگەڕێتەوەو، پێدەچێ کە بەرامبەرە دژەکەی زاراوەی یەکەم بێت. لێرەشدا زەحمەت نابێ





کە رەنگدانەوەی دیالیکتیکی جیهانیو تایبەتی بخەینەڕوو: سروشتی جیهانی بۆ جیاوازی رەگەزی، بەتایبەت ناسنامەی مێدا کورت ناکرێتەوە. بەڵام بەئاوڕدانەوە بۆ راستی ئەو نەگونجانە کە گوزارشتی (ناسنامەی رەگەزی) دادەپۆشی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر زاراوە یاخود چەمکێکی ناسنامەی رۆشنبیری بەگشتی پشت بەو مۆرکە دەبەستێ لە نەگونجان. بۆیە گرنگە کە ئاماژە بەوە بکەین کەپیشەی گوتاری رۆشنبیری هەمیشە بلاوکردنەوەی رۆشنبیرییە بنەڕەتیو لقو پۆپەکان دیاری دەکا بەو جۆرەی کەسروشتی کۆمەڵە مرۆییەکان لەکاتو شوێنێکدا هەیە، بەم جۆرەش رۆشنبیری رەگەزی، ئۆرۆستۆکراتیو، رۆشنبیری چینی کرێکارو بۆرژواو، رۆشنبیری نەوەکانو هی دیکەمان دەبێ. تا ئێستا گەواهی-هێندەی من بزانم- بەبیرۆکەی جیاکردنەوەی-رۆشنبیری پیاوانو رۆشنبیری ژنان نەدراوە ئەگەرچی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا لە ئاستی جیاجیاداو بەپشت بەستن بەباری کۆمەڵایەتیو ئایینی جیاوازی دەکا: لەنێوان کارو چالاکی پیاوانو کارو چالاکی ژنان، تاوەکو ئەم چالاکییانە دەبێتە جیاکاری سەرەکی رۆشنبیری هەردوولا. جیاکارییە تەنیا لەسنورێکی دیاریکراودا دەبێ، لە ئیسفزازکردنی کچە نووسەرێکی دیاری کراودا وەکو دەڵێ: (لەتوانامدایە لەرێگای پێناسەکردنی رۆشنبیریو ئازادی هزریمانەوە یارمەتی بدەین بۆ پێناسەکردنو دیاری کردنی رۆشنبیری ئازادی هزر) یاخود لەمەبەستە ئەفسانەییەکانی مێژووی بزوتنەوەی ئافرەتانو، زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا کە لەهۆکارەکانی ملکەچ پێکردنو بێ دەنگیەکی گشتی کە لەلایەن پیاوانەوە بەسەر ئافرەتاندا سەپاوەو، هەروا

لەبەدوا داچوونی (شەڕی ڕەگەزەکان) لەشەڕی نێوان دوو شارستانی، یاخود دوو نەتەوە یاخود دوو زنجیرەی مرۆیی دەچێ.

بەهەرحاڵ پێدەچێ کە خواستنەوەی ئەو ململانێیەی کە لەهەموو ناسنامەیەکی رۆشنبیریدا هەیە، هەر ئەویشی بێ کە نیگەرانی نێو خۆیی نێوان بێ لایەنی روکەشانەی داڕشتنی ئەو ململانێییەو واقیعی نێرانەی دەزگای ململانێی دەسەلاتخوازو هەموو چەمکەکانی ئینتیما نەهێڵێ. جارێکی دیکەش لەئاکامی ئەوەی پێشەوەدا، نموونەی (ئایدیۆلۆژیای زاڵ) بێ گومان نموونەیەکی زۆر ساکارە: بۆیەش واباشترە بیگونجێنین بۆ دیاری کردن یا دەستنیشان کردنی ئەوەی کە پێویستی بەراڤەکردنی زۆرتری بەکارهێنانەکانیەتی بۆ ئەوەی کە بتوانێ پەیوەندی نێوان جیاوازی هەردوو رەگەزو پێگەی ناسنامەی (خود) راڤە بکات لەرۆشنبیریدا.

بەتێڕوانین بۆ بیرۆکەی جیهانی بوونی دەسەلاتی نێرانەو ئامادەگی لەپێکهاتە بابەتییەکان، یاخود توانستە زیهنیە کۆمەڵەکاندا، دەبینین کە لەپڕکردنەوەوە نزیک دەبێتەوە. تەنیا ئەگەر لەکاتی شی کردنەوەی هەر بونیادێکی کۆمەڵایەتیدا وردەکاری زۆرتر هەبوو، لەسەر رۆڵی ناوبانگی مێژووی خێزان لە (گشتی) ئینتیماکانداو، وردەکاری لەو پیشانە کە بە ئینتیمایان بۆ پیاوانو ژنان دەناسرێتەوە ئەمەش لەپێناو دووپاتکردنەوەی دەسەلاتی ئەوی دوایی بەسەر ئەوی پێشیدا. لەڕاستیدا لەحاڵەتی نەبوونی (سیستەمێکی کۆمەڵایەتی)دا، کەبەشێکی ئەوەیە کەپێی دەگوترێ شارستانی، ئاخۆ ئەم بنەچە خێزانییە دەبێتە ناسنامەیەکی گشتی؟ لەتوانادا نییە مۆرکی (گشتی) وەدی بهێنرێ ئەگەر یاسا جیهانییەکانی بنەچەی خێزانی هەموو ئینتیماکان





هەڵنەوەشێنێتەوە. بۆیەشە کە سیستەمی رۆشنبیی نەتەوە بۆرژواکان توانی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەسەر ناسنامەی (رۆشنبیری چین)دا سەربکەوێ، ئەمەش کاتێك کە پێوەرەکانی پەیوەندی خێزانیو دۆستایەتی بەهەمان شێوەی پەیوەندییەکانی خاوەن زەوییەکان بەکرێکارانەوە درێژەی پێدرا. یاخود لەماوەی ئێستادا کە یەکلاکردنەوەی مێژووی نێوان دەوڵەتو مەسیحییەت ڕووبەڕووی مەترسی جیاکردنەوەی نێوان (کەنیسەو دەوڵەت) دەبێتەوە، هەروەك رۆشنبیری نیشتیمانی لەکاتی جیاوازی نێوان ئەو دەزگایانەدا سەبارەت بە پرسەکانی جیابوونەوەو دووگیانی دەستکردو هی دیکەدا، دووچاری هەمان مەترسی بۆوە وێڕای ئەمەش راستی ئەوەی کە خێزان یەکێکە لە گرنگترینی ئەو زاراوە کاریگەرانەی کە رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێ لەبەیەکەوە گرێدانی (رۆشنبیری ئاست بەرز کە بەزەروورەت ئامانجی دەزگای گشتی بونیادی گشتییەو، رۆشنبیری میللی یاخود گشتی) کە پێدەچێ بکەوێتە چوارچێوەی تایبەتەوەو رۆڵی ئافرەتان لەشێوەی ئیمتیازدا دیاری دەکرێ وەك ئەوەی کە پارێزەرانی نەریت بین. کەواتە لە بەیان کردنی ئەوەی کە بۆ رۆشنبیری دەگونجێ، خودێتی ئەو بزوتنەوەی ئافرەتان کە دامەزراوە، چۆن دەرك پێ دەکەین یاخود دەرکی پێ ناکەین؟ لانی کەم بزوتنەوەی ئافرەتان رێگەمان پێدەدات کەلانی کەم قسە لەسەر ئەوە بکەین کە رۆشنبیری مێژوویو رۆژئاواییمان بێگومان وەك ئەوەی رۆشنبیرییەکانی دیکە کردوویانە- رەتکردنەوەیەکی دووسەرەی دژ بە گوتارو ئارەزووی ئافرەتان پەیرەوکردووە: بەگرێدانی بەیەك رەگەزی مرۆیی یاخود پەیوەندییەکی قەدەری بەرەگەزو دووبارە بەرهەم هێناوەو، پێوانی بە پشت

بەستن بەتەرزی سەرەتای نموونەی بزوتنەوەی ئافرەتان بۆیەش ئافرەتان زیاتر لەدیاریکردنیو جیاکردنەوەی بە جیاوازی رەگەز ناسنامەیەکی تریان نییە، ئەمەش (وەکو شتێکی لاوەکی هەموو شێوەکانی جیاوازی تاکانە لەنێو ئافرەتاندا لەپێناو بەرژەوەندی جیاوازی بنەڕەتی لەگەلّ پیاواندا، ئاراستە دەکات، هەروەك بۆتە هۆی بێ بەش کردنی هەردوو رەگەز لەهاوبەشی لەکاتێکدا لەناسنامەی پیاواندا لە پێویستیەکی زۆردا بوون.

لێرەدا ئەم پرسیارە دەخرێتە ڕووك ئەگەر چینێك یاخود کۆمەڵەیەك بۆ ئافرەتان هەبوو، ئاخۆ هیچی دیکە دەبێ جگە لەچینێك کە زێدەڕۆیی لە دژکاریدا دەکات؟ چینێك کە هەمان ئەو ئەرکانەی هەیە کە بەکۆمەڵی پیاوان سپێردراوە: یەکخستنی کۆمەڵە لەواقیعدا بەکارو ویژدانو بلاّوکردنەوەی ناسنامەی رۆشنبیریو-تەنانەت بەخستنەڕووی بەشانازییەکی خاکەرۆییانەوە- لەیادەوەری دیاریکراویشدا دووپاتکردنەوەی ئاستی ئەو شارستانێتییە کە رۆشنبیرییەك وەدەستی هێناوە بەپێی ئەوەی کە توانستو بەهرەو تەنانەت فێربوونبشیان رێگەیان پێ دەدات لەبەرامبەریشدا رۆشنبیرییەکان کار بۆ دووپاتکردنەوەی سیفەتی دەرەکی دەکەن لەسەر هەموو ناسنامەکانی دیکەدا ئەمەش بە رەخنەگرتن لە (شوێنی) ئەوی دیکە کە رێگەی بەئافرەتاندا شوێن پێی نموونەیەك بکەون کە بەکردەیی لەنێوان ئیغریقییەکانو بەربەرییەکاندا بەکار هاتبوو لای من ئەم تەکنیکی ڕووخستنە لە جیاکردنەوەی (ئەوی دیکە) یاخود (بیانی) زۆر کاریگەرترە لەوەی کە لیڤی ستراوس باسی دەکاو داوای دووبارە خستنە ڕوو یاخود پێشکەشکردنی ئەندامانی کۆمەڵەی دیکە دەکا لەژێر ناوی یاخود سیفەتی ئاژەڵیانە بەلاّم





رەنگە لێرەدا پرسیارێکی دیکەو لەوانەشە دوا پرسیاربێ بخرێتە ڕوو: ئاخۆ ئافرەتان لەجیهانی ئەمڕۆ یاخود سبەینێدا سەرکەوتوو دەبن لەجێ بەجێ کردنی (بلاّوبوونەوە لەنێو رۆشنبیرییەکاندا) بەجۆرێك کە بۆ پیاوان نەهاتبێتەدیو پێشتریش بەکار نەهاتبێ، تەنیا ئەگەر سەرکەوتوو بوون بەسەر قەدەغەکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا بەبێ مۆڵەت؟ هەمان ئەم پرسیارە لەمێژوودا لە (چینەدژکارەکان) دیکە کرا، بەلاّم لە ئاستێکی کەم بنەڕەتی تردا. جارێکیش دوورخستنەوەی نێوخۆ لە پرسیارێکدا خرایە ڕوو: ئاخۆ ئەوانەی کە هەلگری ئینتیما لۆژیکیەکانن لەتوانایاندا نییە دەست بە گوتنەوەی رۆشنبیرییەکی نێوخۆ بکەن؟ ئەم پرسیارەش پرسیارێکی دیکە دەسەپێنێ سەبارەت بەزانینی ئەوەی کە چۆن لەسووربوونی هاوچەرخ لەسەر پەیوەندیو تەنانەت پەیوەندی جیهانیش تێدەگەین: وەکو ڕووبەڕوو بوونەوەیەك لەنێوان رۆشنبیری جیاجیا یان بەشێوەیەکی وردتر ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێوان دەزگاکان؟ یاخود وەکو ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێوان تاکەکانی سەر بە رۆشنبیری جیا جیا، بەدواییدا ئاماژەی دووبارە دێ بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی لەچوارچێوەی رۆشنبیرییە دیاریکراوەکاندا، کە لەلایەن خۆیەوە لەگەلّ ئەو ئاستەنگانەدا دەجەنگێ کە دەخرێنە ڕێی ئەو ئامرازانە.

گۆڤاری نزوا/ئەنترنێت/ ت: عبدالله الکندی.

# کاتێك زەوی بەد بەختو بێچارە دەبێت ئاسمان گەشەدەکات

دیدارێکی تایبەت بەگۆڤاری (نما) لەگەڵ مامۆستا(د.ئەحمەد بەرقاوی)(سەرۆکی بەشی فەلسەفە لەکۆلێژی ئاداب _ زانکۆی دیمەشق) و (د.یوسف سەلامە) (مامۆستای بەشی فەلسەفە لەهەمان کۆلێژدا)

چ: محەمەد باییز

محەمەد بایز : پێتان وانییە کەکۆمەڵگای ئیسلامو عەرەبی ، ململانێ کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانیان بەناوی ئایینو لەژێر چەتری دەقەکاندا بەڕێودەبەن ، ئەمەش بەگۆڕینی پەیمانی ململانێی لەبواری ململانێی کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە بۆ بواری ململانێ لەمەڕ درککردنی واتای دەقە ئاینیەکانو دروستکردنی وەهمێك لەلای پەیڕەوانیان کەسەرکردەکانیان جەنگێکی ئایینی بەرێوە دەبەن؟

د. یوسف سەلامە : سەرەتا لەوانەیە بەشێك لەململانێ کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی شێوەیەکی ئایینی یاخود نیمچە ئایینی لەخۆ بگرن ، بەڵام ئاسان نییە کە بڵێین هەموو شێوە ململانێ کۆمەڵایەتیەکان لەسۆنگەیەکی ئایینی یان نیمچە ئایینیەوە بەرێوە دەچن ، چونکە ئەو کۆمەڵگایانە لەوە دەوڵەمەندترن کەگوزارشتەکانیان لەخۆیانو





لەململانێکانیانو لەوێنەیەك لەوێنەکانی گوزارشتی ئایدیۆلۆژیا تەسك بکرێتەوە ، لێرەشەوەیە کەئایدیۆلۆژیای ئایینی سەرتاپا ئایدیۆلۆژیایەکی ساختەیە لەگوزارشتکردنی لەجیهانی عەرەبیو هۆشیاری خەڵکی لەهەموو دونیاداو، کێشە راستەقینەکانی وەکو ئەو کێشانەی کە مرۆڤ لەجیهاندا رووبەڕووی دەبێتەوە یاخود وەکو ئەو کێشانەی مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤی دیکەو لەبەرامبەر تەواوی کۆمەڵگادا رووبەڕووی دەبێتەوە ، ئالوگۆر پێ دەکا، ئەمەش بەوەی ململانێکان کەململانێی کۆمەڵایەتی راستەقینەنو لەناو مێژووو لەمیانەی مێژوودا بەرێوە دەچن بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژی لەبارەی دەقەوە دەگۆڕێ هەروەها کاتێك کەبەمەبەستی ساختەکردنی ململانێ کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیە راستەقینەکان بەهێمای ئایدیۆلۆژی دەگۆڕێ ، وەکو ململا نێ لەبارەی سروشتی دەقەکانو لێکدانەوەی ئەو دەقانە ، ئەمەش لەکاتێکدایە کەئەوەی پێویستە جیاوازیمان لەسەر هەبێ جیهانو راستی جیهانە.

لەکاتێکدا ئایدیۆلۆژیا ئایینیەکان خەریکن بەم شێوازانە ئەم پیشەیە جێ بەجێ دەکەن ئایدیۆلۆژیای دیکەش لەواقیعی عەرەبیو ئیسلامیدا هەن کە هەوڵ دەدەن نزیکترو پەیوەندارترین بەو واقیعو رووداوانەوە کە خەڵکی ململانێیان لەسەر دەکەن. بەپێی ئەم راستیانە دەکرێ رووداوەکانی ٩/١١/ ٢٠٠١رۆڵیان لەقەبەکردنی ئایدیۆلۆژیای ئایینیەکان گێرا بێو رێگەیان بەخاوەنی ئەم ئایدیۆلۆژیانە دابێ بەیارمەتی ئەوەی کەئەمریکایەکان پێی دەڵێن جەنگ لەدژی تیرۆر ، وا وێنابکەن کەشەڕی سەرەکیو تەنها لەجیهاندا ، شەڕی "کوفرو ئیمان "و شەڕی ئیسلامو نائیسلامە، بێگومان ئەمەش وێناکردنێکی ساختەیە بۆ راستیو رووداوەکان .

ئەمریکاییەکانیش بەرپرسن لەگەیشتن بەوێناکردنی مەسەلەکان وەکو ئەوەی باوەڕ (ئیمان)ە یان کوفر. بەگوزارشتێکی دیکە ئەمە ئەو شتەیە کە خاوەنی ئەو ئایدیۆلۆژیانە دەیانەوێ، بەوەی کە هەڵبژاردنەکان دیاری کراوو دەستنیشان کراوبن ، تەنیا دوو هەڵبژاردن لەبەردەم دایە .، یان دەبێ لەسەربازگەی کوفر ، واتە لە سەربازگەی ئەمریکاییەکانو ئەوروپاییەکانو سەربازگەی عەلمانییەکان بیت، یاخود لەسەربازگەی بڕواداران و سەربازگەی بن لادنو قاعیدە بیت .

ئەوەش خۆی لەخۆیدا ململانێیەکی ساختەیە بۆ مەسەلەکان، شەڕێك لەژێر ئەم دروشمانەدا بەڕێوە دەچێ تا ئاستێکی زۆر یارمەتی دەر بووە بۆ ساختەکردنی واقیعو قوڵکردنەوەی لەبەر ڕۆیشتنی ئایدیۆلۆژی ، بۆیە وای بۆ دەچم پێویستیان بەکاتێکی زۆر دەبێ تا ئەو گەردەلوولە دەنیشێتەوەو خەڵکی دێنەوە سەرخۆو بابەتیانە بیر لەجیهانو کێشەکانیان دەکەنەوە ، ئەو کات ڕووندەبێتەوە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایانە کە تەنیا گوزراشت لەیەکێك لەلێکدانەوەکانی ئیسلام دەکا ، ئایدیۆلۆژیایەکی لاوەکیو تەنیا شێوازی گوزارشت کردن نییە لەجیهان ، ئەمەش ڕاستیەکە، سەبارەت بەململانێ کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەکان .

بایز: ببورن ، مەبەست لەپرسیاری یەکەم ئەوەیە کە سەرکردەکانی عەرەب بۆ نمونە (سەدام) لەقەیرانەکاندا خۆ بەیەکێك لەخەلیفەکان دەچوێنێ ، یان ناوی یەکێك لەسەرکردەکانی ئیسلام لەخۆی دەنێ ، بەمەش ڕێڕەوی قەیرانەکە دەگۆڕێتو هەوڵیش دەدا واتای قەیرانەکە لەسیاسیەوە بۆ ئایینی بگۆڕێ ..

د. سەلامە : ئەوە ساختەکردنە..





بایز: یاخود لەکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، لەهەردوو لادا بزووتنەوەی توندڕەو و میانڕەویش هەن ، بەڵام توندڕەوەکان هەمیشە لەهەوڵی گۆڕینی بابەتو قەیرانەکەدان ، چونکە کێشەی فەلەستین بابەتێکی سیاسییە نەك قەیرانێکی ئایینی، بەواتایەکی دیکە شەڕی جولەکە ناکەیت، بەڵکو لەدژی سیاسەتی جولەکە دەجەنگی..

د. سەلامە : بێگومان بۆیەشە دەڵێم کەوێناکردنی جیهان لەمیانەی ئایدیایەکی ئایینیەوە وێناکردنێکی ساختەیە ، لەتواناش دایە نمونەی زۆر بهێنینەوە ، سەرکردە هەن دەیانەوێ دەست بەدامێنی ئایینەوە بگرن ، هەروەها بزوتنەوەی توندڕەو نیمچە توندڕەو هەن بەهەمان شێوە ، بەمەش ململانێکان لەململانێی کۆمەڵایەتیەوە بەرەو ململانێی ئایینیو لەکێشەی سیاسیەوە بەرەو شێوازی ئایینی لەگوزارشتکردن دەگۆڕێ، سەرکردەکانیش وەکو سەرکردەی ئایینی خاوەن ئیلهامو پەیوەندی بەکلتورەوە خۆیان نیشاندەدەن . هەموو ئەمانە بریتین لەساختەکارییەکی ئایدیۆلۆژی واقیعو لەتواناشدایە لەهەموو شوێنێکی جیهانی عەرەبیو ئیسلامییەوە نمونە بهێنینەوە ، ئەگەر ناوەکانیشیان بژمێرین ئەوا پێویستیمان بەلاپەڕەی زۆر دوورودرێژ دەبێ بۆ تۆمارکردنی ناوی پێشڕەو و سەرکردەو سکرتێری گشتی بزووتنەوەکان .

د. ئەحمەد بەرقاوی : پرسیارەکان بۆچوونێك لەخۆ دەگرێ کە من لەگەڵیاندا کۆك نیم ، بەڵێ بەشێك لەبەشەکانی ساختەکردنی ململانێکە و گۆڕینی بۆ ململانێی دەق لەئارادایە ، بەڵام ئەوە لایەنێکی لاوازە ، پێویست بوو پرسیارەکە بەم شێوە دابڕێژین، چ هۆکارێك وای کردووە کە یاخی بوون لەکۆمەڵگای عەرەبیدا شێوازێکی ئیسلامیانەی لەخۆ بگرێ ، ئاخۆ ئەم شێوازە

ئیسلامیە گوزارشت لەململانێیەکی ئایینی یاخود ململانێیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی دەکا ؟ ئائەمە گرنگترین پرسیارە .

هەموو گرنگیدانێکی ئایین بەململانێیەك ، ململانێیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لەپشتەوەیە، بەڵام کاتێك ئامانجەکان نارۆشنو ، کاتێك توانستی بۆ ململانێی هەمە چەشنو لەتوانادا نیین ، ئەوا ئاسانترین ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی ململانێی تاودانی ئەسپی ئایینە ، هۆکاری تاودانی ئەو ئەسپی ئاینەش لەوەوە دەبێ کەدەوڵەت لەنیشتیمانی عەرەبدا دەوڵەتێکی زۆردارە ، هەموو ئەسپەکانی کە لەتوانایدایە رەواندۆتەوە ، تەنیا ئەسپی ئایین نەبێ کە لەتوانای دا نەبوو بیسرێتەوە چونکە بەموقەدەسگەرا، بەخوداوە بەندە . بۆیەشە لەبەر ئامادەنەبوونی حزبێکی سیاسی سەندیکایی رادیکاڵدا خەڵکی هانایان بردەبەر مزگەوتەکانو ، هانایان بردە بەر خەڵوەتکێشانو بوون بەقوتابیانی شێخ ، وردە وردە زانکۆکاران دەستیان لەئازادیەکانیان هەڵگرتو بۆ بازنەکانی زیکر جێیانهێشت ، لەم گۆشەیەوە کە کۆمەڵگا جیا لەدەروازەی خودا هیچ دەروازەیێکی دیکەیان لەبەردەم خۆیاندانەبینییەوە . وەکو دەزانن کاتێك زەوی دەنگی خۆی لەدەست دەدات ئاسمان گەشە دەسێنێ ، مارکس لەسەردەمی خۆیدا گوتویەتی "مەسیح بۆیە سەرکەوت چونکە سپارتاکۆس شکستی هێنا " چونکە ئەو کۆیلانەی دۆڕانو ئەوانەی نەیانتوانی شادمانی خۆیان لەسەر زەمیندا بهێنێتەدی ، دواجار پەنایان بردە بەر مەسیح لەئاسماندا، کێشەکەش هەر ئەمەیە.

بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەهەموو رەنگەکانیەوە چ ئسوڵی، تاوەکو توندڕەوو ، چ ئەوانەی ئسوڵی توندڕەو بوون ، دوای شکست هێنانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کەخودان سروشتێکی سۆشیالیستی یاخود سەر کوتکار یاخود لیبڕال یاخود علمانی بوون ، گەشەیان کرد. ئاساییە ئایدیۆلۆژیا





ئایینیەکان لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا دەسەڵاتیان وەدەست هێنا و بەشێوەیەکی سروشتیش سێبەریان بەسەر هەموو لایەنە رۆشنبیریو سیاسیو مۆرالیەکانی ژیاندا کێشا. وردتر، ژمارەیەك لەو رۆشنبیرە سیاسیانە کە لەبزووتنەوە چەپەکاندا بوون هاتنە نێو بزوتنەوە ئیسلامیەکانەوە، حیجابی ئافرەتان بوو بەشێوازێکی ئایدیۆلۆژیایی و گوتارێکی سیاسی، بۆیە دەبێ بزانین کەبەهۆی ئامادەنەبوونی ئەلتەرناتیڤی ئیسلامیو ، نەبوونی ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەم ئایدۆلۆژیا ئاینییەو ئامادەنەبوونی پرۆسەی رەخنەلەخۆگرتن لەناو بزووتنەوە لیبڕاڵە علمانیەکانو لەچوارچێوەی ئەزموونی بێ بەزەییانەی رژێمەخاوەن مەیلە چەپەکانو ئامادەنەبوونی رەخنە لێ گرتنیان کۆمەڵگا چەقی بەست ، بەچەق بەستنی کۆمەڵگاش ئایدیۆلۆژیای ئایینیو سیاسی دۆخەکەی کۆنترۆڵکرد ؟. لەم روانگەیەوە کێشەکە خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە : ئاخۆ ئەلتەرناتیڤ ئەنجامدانی ململانێی لاوەکیە لەگەڵ بزووتنەوە توندڕەوەکاندا ؟

بەڕای من نەخێر . کێشەکە کێشەی پێشکەش کردنی گوتارێکی پێچەوانە نییە بۆ گوتاری ئسوڵیەکان ، چونکە گوتار بێ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی هیچ بەهایەکی نابێ، بەڕای من ئسوڵیەتی ئیسلامی لەشێوەی ئەو دەوڵەتەدایە کەئاراستەی دەکا ، یاخود لەشێوەی دەوڵەتی زۆردار دایە ، دەتوانین بڵێین: دەوڵەتێك کەبەدرێژایی مێژوو چەق بەستووە ئۆپۆزسیۆنێکی چوون خۆی بەرهەمهێناوە بۆیە ئەلتەرناتیڤەکە دەبێ هاوداشتی هەردوو لایەن بێ ، ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتی زۆردارو ئەو ئۆپۆزسیۆنەش بێ کەوەکو دەوڵەتەکەیە، کەواتە کاتێك ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی مرۆیی لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکی میللی دەخرێتە روو کەهەموو شێوەکانی چەق بەستوویی سیاسی ببەزێنێ ، ئەوا ئەو ئەڵتەرناتیڤە لەتوانایدا دەبێ خۆی لەم

هاوکێشەیە رزگار بکا کە یا دەبێ لەگەڵ دەوڵەتو یان لەگەڵ بزووتنەوە ئسوڵیەکان بیت ، کێشەکە لەوەدایە کە ئەوان لەبەردەم دوو هەڵبژاردە دادەنێن کەسێهەمی نییە ، بۆ نمونە وەکو لەمیسردا هەیە ، یادەبێ لەگەڵ دەوڵەتی میسر بیت بەو شێوەیەی کەهەیە، یان دەبێت لەگەڵ بزووتنەوە ئسوڵیەکاندا بیت . نەئەمەیانو نەئەوی دیکەش ، پێویستە ئەلتەرناتیڤێکی جدی بخرێتە روو ، بلاّوبوونەوەی گوتاری ئسوڵیش تەنانەت لەهەندێ ناوەند کە پێشتر ئسوڵی نەبوون شێوازێکە لەشێوازەکانی بلاّوبوونەوەی نەخۆشیو چەق بەستووی. بەلاّم دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئسوڵیەتێك کە بۆ گەڕاندنەوەی مێژوو بەرەو دوا رەهەندێکی سیاسی وەرگرتووەو لەنێوان تێکۆشانێکی مرۆییو نیشتیمانیدا، وەك ئەوەی لەلوبنانو فەلەستیندا دەیبینین ، لەسەریشمان پێویستە کەلەم جەنگە هاوپەیمان بین ،بەلاّم کاتێك مەسەلەکە پەیوەندی بەدیاری کردنی هەڵبژاردنە ئایندەییەکانی کۆمەڵگاوە دەبێت ، تۆ ئەگەر ململانێ نادیموکراسی بیت، ناتوانی لەگەڵیدا بیت، بۆچی؟ چونکە گوتاری ئایینی هەرچەندە خۆشی دیموکراسی نیشانبدات ئەوا زەحمەتە دیموکراسی بێت ، هەر بزووتنەوەیەك لەموقەدەسگەراوە سەرچاوەی گرتبێت زەحمەتە دیموکراسی بێت . ئەو لەموقەدەسو لەو زیندووەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەڵە نە لەپێشو نەلەپشتەوە دەستی دەگاتێ (الحی الذی لایأتیه الباطل لا من خلفه ولا من بین یدیه ) بێگومان بڕوای بەجیاوازی نییەو دواتریش هەر هەڵخزانێك لەم موقەدەسە کارێکی نێژراوە یا گوناهەو یا خراپەیەکە پێویستی بەسزادان هەیە .

د. سەلامە : پێموا نییە گوتاری ئیسلامی بەسەر گوتاری عەرەبیدا زاڵ بووبێت ، بەڵکو گوتاری سیاسی عەرەبی بۆ خۆی لەقەیراندایەو لەتوانایدا نییە هەڵگری پەیامێك بێتو ئەو پەیامە بۆ واقعێکی گونجاو بۆ خەڵکی





تەرجەمە بکات. ئەم قەیرانە بۆشاییەك دروست دەکاتو ، هێزێکی دیارێکراو دێتو هەوڵ دەدات ئەم بۆشاییە داگیربکاتو پڕیبکاتەوە ، بەم واتایەش واپێدەچێ ، گوتاری ئایینی باڵی بەسەر گۆڕەپانی عەرەبیدا کێشابێ، بەڕای من باڵی بەسەرا نەکێشاوە ، بەڵکو بۆشاییەك هەیە کەهەندێ لایەن نەیانتوانیوە لەیەك کاتدا بەشێوەیەکی راستەقینەو زانستیو علمانی پڕیبکەنەوە ، بۆیە واقیع وادێتە بەرچاو کەبۆتە واقعێکی تەواو ئایینی . بەلاّم لەراستیدا واقیعی عەرەبی لەژێر کۆنترۆڵی گوتاری ئایینیدا نییە ، دەتوانین بڵێین کە بێتواناییەك لەگوتاری عەرەبیدا هەیە ، چونکە ژیانێکی دیموکراسی لەئارادا نییە بەڵکو سەرکوتکردنی رێکخراوی هێزەکانو ، بەتاڵکردنەوەی وزەی مرۆکان بۆ نەهێشتنی بەبابەتی بوونو رێکخستنیان لەشێوەی حزبو هێزو تەنانەت لەشێوە کۆمەڵگای مەدەنیش لەئارادایە ، سەرکوتکاری سیاسیو نەبوونی دیموکراسی بەرپرسن لە ئامادەنەبوونی دیموکراسی ، دەسەلاّتداری عەرەب دەسەلاّتدارێکی زۆردارەو پێویستی بە بەرامبەرێکی وەکو خۆی زۆردارە ، هیچ کەسو ئایدیۆلۆژیایەکیش هێندە زۆردار نییە کە لەتوانایدابێ بەرامبەر بەو دەسەلاّتدارە بوەستێ تەنیا ئایدیایەکی تاکرەوانەی وەکو ئایدیۆلۆژیای ئایینی نەبێت کەدان بەبوونی بەرامبەرەکەی دانانێو پێیوایە بۆ خۆی لەلایەن خوداوە پەیامی بۆ هاتووەو دەسەلاّتدارێتی تەنیا بۆ ئەوە ، زۆردار بەرامبەرێکی زۆرداری پێویستەو دەڵی ئەگەر بەرامبەرەکەشم هەر زۆردارییە کەواتە چ جیاوازییەك لەنێوان منو ئەو یاخود ئۆپۆزسیۆندا هەیە ، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە لەقسەکردنو گۆڕینو رێکخراو بوون، لەوەش کە گوتارێك بخاتەروو هاوجووت بێ لەگەڵ واقیع دا ، قەدەغەکراوە .

ئەم گوتارەش زەحمەتە لەبارودۆخی سەرکوتکراوی سیاسیدا وەدەست بێ ، ئەمە وێرای ئەوەی رژێمە عەرەبیەکان زیاتر لەسی ساڵە کۆمەڵگا لەهێزە سیاسی‌یەکانی بەتاڵ دەکاتەوەو لێیان دەداتو بێ رێوشوێنیان دەکات . دابەش بوونی بێ کۆتایش هەموو حزبەکانی گرتۆتەوە هەر حزبێك دەبێتە دوو بەش‌و هەر بەشێکیان دەبێتە دوو بەش بەم شێوەیە ، تا ئەوەی ئێستا گەیشتوونەتە قۆناغێك ئۆپۆزسیۆن نەماوە ، بۆیە لەئێستاداو لەدونیای عەرەبی‌دا پێویستە جەخت لەسەر گەڕانەوەی کۆمەڵگا بکەین بۆ ژیانی سیاسی، چونکە کۆمەڵگا ئەگەر راستبێ بڵێین لە سیاسەت دەرکراوە، دەبێ کۆمەڵگا بۆ سیاسەت بگەڕێتەوە ئەم گەڕانەوەیەش ئاشکرای دەکا کە ئایدیۆلۆژیای ئایین ئەوەندە بەهێز نییە کەخۆی نیشاندەدات .

بایز : بەهۆی نەبوونی مافی جیاوازبوونەوە دەبینین کەزۆربەی گوتارەکان هەوڵ دەدەن ببنە دەسەلاَت تەنانەت ئەگەر بەیارمەتی دەسەڵاتی سیاسیشی بێت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە دەزانین دەسەڵاتە سیاسیەکانمان تەنیا دەسەڵاتێکی بەتریارکی دیکتاتۆری سەرکوتکارانەن‌و ، ئەو گوتارانەش هێندەی لەو دەسەڵاتانە نزیك دەکەونەوە هێندەش پراکتیزەکردنی سەرکوتارانەیان زیاد دەکات ، ئەوەشمان لەبەرچاو بێت هەموو گوتارێك لەناوئاخندا هەوڵی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتێك دەدات بەڵام ئەوە لەرێگا پاڵپشتی دەرەکییەوە نابێ ، بەڵکو پێویستە بەهۆی کەرەستە مەعریفیەکانی‌و میکانیزمی بڕواهێنان‌و بیرکردنەوەی عەقلاَنیەوە بێت.

د. برقاوی : سەرەتا جیاواز بوو ، لەبنەرەتدا بوونی کۆمەڵایەتی جیاوازییە نەك کۆك بوون، بۆیە لەدەرەوەی جیاوازیدا بزاوتن‌و پەرەسەندن‌و سەرهەڵدانی هزرو تازەبوونەوەو داهێنان بوونیان نابێ. مەترسی مەیلی گشتگیری لەهزردا لەوەدایە کەدەیەوێ یاخود وادەزانێ کە هەموو خەڵکی





لاپەڕیەکی سپین‌و ئەو شتەیان لەسەر دەنووسێ کە بۆخۆی دەیەوێ ئەمەش ئەستەمەو ئاکامەکانی ئەم مەیلەش جا چ ئایینی بێت یاخود ئایدیۆلۆژی وەکو مارکسی‌و نەتەوەیی ، دەست بەسەراگرتنێکی سیاسیە، یاخود ئەگەر ئایدیۆلۆژیای گشتگیری بەدەسەڵاتی سیاسیەوە هاتە نێو واقیعەوە ئەوا وێرانکردنی کۆمەڵگاکان‌و وێرانکردنی ئازادی مرۆڤایەتی سەرهەڵدەدا ، چونکە جیاوازی یەك واتای هەیە، ئەویش ئازادییە.

بۆیە کۆمەڵە مرۆیەك دروست دەبن کەلەبەرامبەر جیهاندا لەترساندا گوێ نادەنە هیچ شتێك، یاخود تەکنیك، واتا درۆ پەیڕەو دەکەن، خۆپەرستی بلاَودەبێتەوە، بەڵکو بزووتنەوەی نهێنی عورفیش بلاَودەبنەوە ، مەترسی ئەم ئایدیۆلۆژیایە هێندە ترسناکە پێشبینی ناکرێ . بۆیە ئەگەر دیموکراسی گرنگیەکی هەبێ لەوەدایە چارسەرە بۆ جیاوازی ، لێرەشەوەیە کەوەکو توێژێکی رۆشنبیر وەکو مرۆڤیش بەردەوام مەیلی داکۆکی‌کردن لە دیموکراسی دەکەین ، بەو پێیەی کەداکۆکی‌کردنە لەمافی جیاوازی بوون . ئەمەش ئێستا جیِی تێفکرینی تەواوی ناوچەکەیە هەر لەئۆقیانووسەوە تا کەنداو ، من پێم وایە کەلەهەموو مێژووی مرۆڤایەتی دا هەمیشە مەیل بەلای سەرکەوتنی جیاوازیدا بووە نەك سەرکەوتنی وێکچوون ، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە بەنەبوونی جیاوازی "من"و "منی بالاَ" دەمرن ، داهێنان دەمرێ ، بۆیە کەدەبینین ئەڵمانیای نازی نەئەدەبێکی گرنگ‌و نە شاعێرێکی ناودارو نەهزرمەندێکی بەتوانای نەکوشت ، هەمان حاڵەت لەرۆژگاری ستالینیشدا ، ئەگەر بڕوانینە مێژووی گشتگیری دەبینین کە پاشەکشەیەك لەداهێنانی مرۆیی داهەیە ، بەتایبەت کەداهێنەران لەم رژێمە هەڵدێن‌و بۆ وەدەست هێنانی ئازادی روو لەشوێنی دیکە دەکەن ، بەمەش کۆمەڵگا هەڵبژاردە

هزرمەندەکەی لەدەست دەدات ، بەرپرسێك دەڵێ: "لەدەست دانی نوخبەی بەریتانیا زۆر لەدۆڕاندنی جەنگی جیهانی دووەم مەترسیدارترە " .

د. سەلامە: بەهەر حاڵ ... هەموو گوتارێك دەسەلاَتێکە و گوتاریش بەزەروورەت دەسەلاَتە ، تێکەڵیەکە لەدەسەلاَتی مەعریفیو دەسەلاَتی کۆمەلاَیەتیو دەسەلاَتی سیاسی. هەموو گوتارێك دەیەوێ خۆی لەپێش گوتارەکانی دیکەوە دانێ ، ئەمەش بەسەلماندنی ئەوەی لەرووی مەعریفیەوە ئەم راستترەو، لەرووی سیاسیەوە وردترەو هەر ئەو دەتوانێ کە وەلاَمی پرسیارەکانی واقیعی ژیاری بداتەوە ، بەلاَم جیاوازی لەنێوان گوتارێکدا هەیە کەبەشێك گومانی تێدایەو دەڵێ رەنگە کەوتبێتمە هەڵەوەو لەنێوان گوتارێکی تردا کە ئەو هەقیقەتی رەها دەزانێو ئامادە نیيە هیچ گفتوگۆیەك بکات، لەجیهانی عەرەبدا بەهۆی نەبوونی جیاوازیو نەبوونی مافی جیاوازبوون بەشێوەیەکی یاسایی ، واتە هیچ مافێکی یاسایی بۆ جیاوازی نییە ، یاسا مافیجیاواز بوون لەنێوان خەڵکیو حزبەکانو رێکخروەکانو دەوڵەتو کۆمەڵگا زامن ناکات . بەهۆی نەبوونی ئەم جیاوازیەشەوە هەموو گوتارێك دەیەوێ لەلایەکەوە خۆی بکاتە ئەلتەرناتیفی دەوڵەت کە جیاوازی رەتدەکاتەوە، بۆیە هەموو گوتارێك ئارەزوو دەکا هەموو لایەك دوور بخاتەوە کەجیاوازی رەتدەکاتەوە، کاتێکیش هەموو لایەك لەو لایەنانە رەتدەکاتەوە کە جیاوازی رەتدەکاتەوە ، کاتێکیش هەموو ئەوانە رەتدەکەیتەوە کە ئەوانیش رەتتدەکەنەوە، ئەوا تۆش دەچیتە جێ ئەوەی کە رەتی دەکەیتەوەو دووری دەخەیتەوە ، لێرەشەوەیە کە گوتارە سیاسیەکان بەگشتی گوتاری دوورخەرەوەن بەرامبەر دادەبڕێننو پاوانێك یاساو بیرو هێمای وای لەچواردەورە دادەنێن کە بەشێوەیەك یاخود بەشێوەیەکی دیکە چالاَکییەکانی یاساغو تومەتبار دەکەن ، هۆکاریش ئەوەیە کەگوتارێکی نادیموکارسیە،





گوتاری نادیموکراسیش، واتە گوتارێك کە لەبارودۆخێکی نادیموکراسیدا لەدایك بووە پەروەردە بووە ، زیندان دوو جۆرە مرۆڤێك لەناو زیندانێك دایە ، ئەو بەواتایەك زیندانییە ، بەلاَم ئەگەر هەموو کۆمەڵگا لەحاڵەتی زیندانی بوو ، ئەویش لەکاتێکدایە کە مافی نییە گوزارشت لەخۆی بکات، گوزارشتێکی هەمەجۆرو هەمیشە نوێ. لەم حاڵەتەدا تۆ کۆمەڵگات لەگوتارێکدا زیندانی کردووە . زیندانی گوتاریش لەو زیندانە قورسترە کە دیوار بەندن، چونکە دیوار بەندی زمان، دیوار بەندی ئەو هزرەیە کەلەچوار دەوری کۆمەڵگادایە . ناچارکردنی کۆمەڵگا کە لەگەڵ ئەم گوتارەدا یەکبگرنو وەکو راستیەکی رەها لێیبڕوانن، زیندانێکی زۆر گەورە ترە لەو زیندانەی کە شورای بەرزی هەیە . زۆر لەزیندانیەکان توانییان لەبەندیخانە ترسناکەکانیان هەڵبێن ، بەلاَم زیندانی کۆمەلاَیەتیو سیاسیی کە دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگا عەرەبیەکاندا دەیسەپێنێ زەحمەتە کەس بتوانێ لێی قوتار بێ ، چونکە دەسەلاَتی راگەیاندنو دەسەلاَتی سیاسیو دەسەلاَتی پەروەردە هەنو دەوڵەت لەرێگای ئەم دەزگایانەوە کە لەرژێمی هەرەسخواردووی سۆڤێتیەوە ماوەتەوە، لەساڵی یەکەمەوە سەروەری عەقڵ سەرلەنوێ دووبارە دەکاتەوەو لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو رایدەهێنێ ، بەرتیل بەو کەسانە دەدرێ کە لەم ئایدیۆلۆژیایانەوە نزیك دەکەونەوە ، بۆیە پێشدەخرێ لەناردنە زانکۆکانو لەناردنە دەرەوە بۆ خوێندنو هەموو دەزگاکانیشدا . لەم حاڵەتەدا ئەم زیندانیە لەو زیندانیە توندترە کە دیواری بەرزی هەیە . لێرەوە ئەم گوتارە کە گوتارێکی دوورخەرەوەیە تەنیا ئاکامە ، چونکە یەکەم ، ئەو گوتارانەی خراونەتەروو هێشتا لەپەراوێزدانو هێزی ئۆپۆزسیۆن لەواقیعی عەرەبیدا لاوازن ، دوای ئەوەی دەوڵەت کۆمەڵگای لەهێزە سیاسیەکان بەتاڵکردۆتەوەو دووری خستوونەتەوە جا چ بەکوشتن بێت یان بەدوورخستنەوە یا بەندکرد

... تد، سێیەمیش ئەم گوتارانە لەکەشێکی دیموکراسی پەروەردە نەبوون بۆیە پێیوایە کە دەبێ هەرچی بەپێوەیە وێران بکرێ تاوەکو کاروانی نوێی دیموکراسی بکەوێتە رێ ، ئەمە خەونە . وێران کردنی ئەوەی هەیە لەتوانادا نییە ، بۆیە گوتاری راستەقینە ئەو گوتارەیە کە لەواقیعی هەبوودا بەدوای دژکارییەکاندا دەگەڕێ بۆ ئەوەی رێڕەوێکی راستەقینە لەدڵی واقیعەوە هەڵبچێنێ.

گوتاری سیاسیی عەرەبی هەنووکە کە پێویستی بەماوەیەکی درێژتر هەیە تاکو بتوانێ هۆشیاری زۆرتری لەبارەی خودەوە هەبێ ، تاوەکو زۆرتر عەقلانیو بابەتیانە بێت، کە دواجار خۆی لەوەدا دەبینێتەوە دان بەوەدا بنێ چارەسەری دیموکراسیانە چارەسەری دروستە ، تەنانەت بەرامبەر بەوانەش کەدان بەدیموکراسیەتدا نانێن .

باییز : کاتێك کە دەڵێی واقیعی عەرەبی ئاشتەوایییەکیان بۆ جیاوازی نەدۆزیوەتەوە، پێتوانییە کە هۆکاری ئەم تێنەگەیشتنە لەمەرجەعیەتێکی ئایینیەوە سەرچاوەی گرتووە کە بڕوای بە تاکڕەوێتی دەسەڵات هەیەو ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، هەر لەخێزانەوە تادەگاتە دەسەڵاتی سیاسی، بەم واتایەش دەبینین کە لەبونیادی واقیعی عەرەبیدا تێڕوانینێکی تاکرەوانە بۆ ژیان هەیە؟

د. سەلامە: پێموایە کەئایدیۆلۆژیای ئاینی رۆڵێکی هەیە ، بەڵام ئەو تەنیا ئایدیۆلۆژیایەك نییە کەدان بەجیاوازی دانانێت ، ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییو ، مارکسی لەواقیعی عەرەبیدا دان بەجیاوازی نانێن ئایدیۆلۆژیایەك نەهاتۆتە ناو واقیعی عەرەبەوە کە بیرۆکەی دیموکراسی لەخۆیدا هەڵگرتبێ ، تەنانەت لەو ساتەشەوە کە سوپا عەرەبیەکان دەستیان خستە نێو سیاسەتەوە ، هەموو ئەوئایدیۆلۆژیایانەی خرانەروو چ دەسەڵات بووبێ چ بەرهەڵستکار جیاوازییان





رەتکردۆتەوە . ئەگەر بۆ یەکێتی میسرو سوریاو، ململانێی ناسریو بەعسیەکانو ، ململانێی دەسەڵات لەناوخۆی عیراقو هی دیکەش بگەڕێینەوە دەبینین کە دواجار هەموویان تاکڕەوانە بیریان کردۆتەوەو کەس دانی بەوی دیکە دا نەناوە . بۆیە ئەگەر بڵێی ئەمە سروشتی ئایدیۆلۆژیای ئاینیە راست دەکەی بەڵام ئەم سروشتە بۆتە بەشێك لەئایدیۆلۆژیای نەتەوەییو ئایدیۆلۆژیای مارکسیش لەواقیعی عەرەبیدا . بەم واتایە زەحمەتە تەنیا رەوتێك تۆمەتبار بکەین بەڵکو بەرژەوەندی راستەقینە دەڵێ کە تا ئێستاش هەموویان پێویستیان بەمەشق کردن هەیە لەسەر شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەو شیکردنەوە .

برقاوی: وای دابنێ کە گوتارە جددییەکان لەنیشتیمانی عەرەبدا بەڕووی گشتگیریدا چوونەوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ناوچەکە بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێ ئەم کێشانەش لەیەکتر ئاڵقاون، کێشەی بەرەو پێشچوونی مێژوویيو کێشەی دەوڵەتی دایكو کێشەی پەرەسەندنو کێشەی فەلەستینو تەنانەت کێشەی پاشکۆیەتیش هەیە ، ئەمانە کێشەی زۆر زەحمەتن بۆ عەقڵ بەواتا هیگڵییەکەی ، واتا بەردەوام دەبێ لەخستنەڕووی یەکێك لەو کێشانەو بەباوکی کێشەکانی دادەنێو ناروانێتە پەیوەندی بەکێشەکانی دیکەوە . بۆ نمونە کێشەی فەلەستین وەردەگرین . کێشەی فەلەستین وەکو پێناسە کێشەی داگیرکردنێکی مۆنۆپۆلانەی رەگەزپەرستی نیشتە جێ بوونە. لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا بەگشتی نەك بەشێکی ، تۆ لەتواناتدا نییە کەرووبەڕووی کێشەی فەلەستین ببیتەوەو بەسەر دوژمنێکی داگیرکاری رەگەزپەرستدا سەرکەوی تەنیا بەوەی کە گەل بهێنینە سەر شێوازێك کەهەموو داهێنانەکانی لەکەسایەتێکی سیاسیدا کورت بکرێتەوە ، ئەمەش واتای گەڕانە بەدوای دیموکراسیدا، ناتوانی لەجەنگەکەتدا لەگەڵ زایۆنیزم بەرەو پێشەوە بچی

تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە لەواقیعی خۆتدا لەسەر ئاستی ئابووری رۆشنبیریو سیاسیدا پێشکەوتن بەدەست بهێنی ناتوانی رووبەڕووی دوژمنێك بیتەوە کە هێزێکی جیهانی پاڵپشتی بکات ئەگەر کێشەی دابەش بوونی سیاسی چارەسەر نەکرێ، ناشتوانی رووبەڕووی کێشەی دابەش بوون ببیتەو ئەگەر رووبەڕووی کێشەی دەسەڵاتی سیاسیی نەبیتەوە ، بۆیە ئەگەر راست بێ بڵێین کە تێڕوانینێکی دیالیکتیکی ئاماژە بەوە دەکات تۆ لەواقعێك دای کە کۆمەڵێك کێشەی پێکەوەگرێدراوت هەیە ، بۆ نمونە ئێمە ئەو رژێمە سیاسیە مەحکوم دەکەین کەرووبەڕووی ئیسرائیل نابێتەوە ئەمەش واتای ئەوەیە بۆئەوەی رووبەرووی ئیسرائیل ببینەوە، دەبێ رژێمێکی سیاسی رووبەڕوو ببێتەوە ،بۆ ئەوەی کەرژێمێکی سیاسی هەبێ رووبەڕوو ببێتەوە دەبێ هەڵبژاردەی ئازاد لەئارادا هەبێ من ئێستا لەواقیعی عەرەبیدا وای دەبینم کە گوتاری سیاسیو گوتاری ئایدیۆلۆژی مەیلی ئەوە دەکا هەموو ئەم کێشانە بەیەکجاری بخاتەروو ، ئیدی کێشەی بەش بەشکراوو وەهمی ئایدیۆلۆژی لەئارادا نەماون، ئەمەش واتای ئەوە نییە کەگوتارەکانی دیکە بوونیان نەماوە ، مەترسی لە" رۆشنبیری شەمشەمە کوێرە"وە سەرچاوە دەگرێ، بۆ ئەوەی خەونو ئامانجەکانمان لەناو بەرێ بەو پاساوەی گوایە کۆنن . ئەو کاتە وادەڕوانێتە واقیع کە باشترین شتێکە کە لەتوانادا بێ، نەخێر هەر گوتارێك دژی واقیع نەبێت هیچ بەهایەکی نابێت ، لەبنەڕەتدا پەیوەندی نێوان هوشیاریو جیهان هەمیشە واقیعی تێپەڕاندووە .

بایز/ بەواتایەکی دیکە رەخنەیە لەواقیعو جیهان ؟

برقاوی : بێگومان، ئەوەم دەوێ کەدەبێ نەك ئەوەی کەهەیە، من ئەوە رەتدەکەمەوە کە هەیە ، من رووبەڕووی دەبمەوە چونکە خواستو ئایندەی من ناهێنێتە دی ، نە لەبواری ئازادی نە لەبواری یەکسانی نە لەبواری





هاوڵاتی بووندا، کەواتە هەڵە لەوێوە دێ کە کەسێك لەو رۆشنبیرە شەمشەمە کوێرانە بێتو پێمان بڵێت هەموو ئەو خەونانەتان ساختەیە، هەموو ئامانجەکانتان ساختەیە دەبێ دان بەواقیع دابنێین ئەو کاتیش گوتارەکەی دەبێتە بەرگرییەك لەدواکەوتوویيو زۆرداریو پاشکۆیەتی، بەناوی جیهانگیریەوە بەرگری لە پاشکۆیەتیو، بەناوی یەکێتیەوە بەرگری لەدیکتاتۆریو بەناوی وەهمی یەکگرتنەوە بەرگری لەپارچە پارچە بوون دەکات ، ئەمەش ترسناکە دەبێ بەرهەمهێنانی گوتاری ئاراستەکراو بۆ جیهان بەجۆرێك بگۆڕین کەلەگەڵ هەموو پەرەسەندنەکان بگونجێو چاومان لە ئاست ئەوەی کە لەجیهاندا روودەدات نەنوقێنین ، کێشە هەر کێشەیە ، کەسێك دێو پێت دەڵێ جیهانگیری دژی دەوڵەتی دایکە ، کەواتە ئێوە کە باسی دەوڵەتی دایك دەکەن راتان چییە کە جیهانگیری جیهان یەکدەخات باشتر نییە کەهەرێمەکان یەکبخات، ، جیهانگەراییەکان بەئاراستەی سەرمایەی جیهانیو ، بەشگەراییەکان بەئاراستەی دەوڵەتی دایك لێدەخورن، بۆیە کەدەبینین زۆرترین داکۆکی کاران لەجیهانگیری بەم خەسڵەتە قێزەوەنەیەوە کوێتیەکانن رۆشنبیر لەدەسەڵاتی کوێتداو رۆشنبیر لەدەسەڵاتی کەنداودایە لەبەر چی؟ چونکە دەیانەوێ سامانەکانیان وەکوخۆی بپارێزنو ئەو پەڕی خراپەکاری بەهەموو جۆرەکانیەوە پەیڕەوبکەن، خراپەکاری رۆشنبیریو خراپەکاری سێکسیو خراپەکاری کۆمەڵایەتی.

د. سەلامە: ئایندە ، مەرجەکانی گەیشتن پێی ، بەموڵکایەتی کردنی ئێستایە ، ئەگەر ئێستا هی تۆ نەبوو ، لەناو دەستدا نەبوو چۆن بیر لەئایندە دەکەیتەوە ، لەگوتاری هەنووکەدا لەتوانایاندا نەبووە لەجومگەکانی ئێستاو وردەکارییەکانی بگەن ، لەزۆر لەخاڵەکانی ئەوگوتارەدا رابردووگەرایەو بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە دەست لەملی دەئاڵێنێ وا بیردەکاتەوە کە رابردوو

خاڵێکی رۆشنی مێژووەو، دەستی پێ کردووە ، مێژوو بریتیـیە لەرووخانو هەرەسهێنانو هەرچەندە لەساتێکی رۆشنی ئەو رابردووە دوورکەوێتەوە هێندە لەراستی دووردەکەوێتەوە .

یان گوتارێکی هەڵاتنگەرایە بەرەو ئایندە ، دیسان لەتوانایدا نییە دەست بەسەر ئێستادا بگرێ، بۆیە ئێستا هەڵواسراو دەمێنێتەوە ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی تا ئەو پەڕی رابردووگەرایانەی ئسولی دەسەڵاتدارانە بیربکاتەوە ، هەروا ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی ئایندەگەرایانە بیری کردەوە بەجۆرێك کە ئەو بیرکردنەوەیە لەسەر بنەمای واقیعی راستەقینە نەبێ، ئەوەش کە ئێستای نەبێ ،ئەگەر بەشێوەیەکی تیۆریش بێت ، لەتوانایدا نییە کە رابردوو وەدەست بهێنێ هەروەك لەتواناشیدا نییە کە (وەکو ئەوەی دەیەوێ) پلان بۆ ئایندە دابڕێژێ ، نەك وەکو ئەوەی کەهەیە ، بەڵکو وەك ئەوەی کەدەبێ ببێ ، هەڵاتن بەرەو رابردوو، هەڵاتن بەرەو ئایندە خۆ لادانن لەو واقیعەی کەهەیە ، جۆرێك لەخولانەوەیە بەدەوری ئەوەدا ، بێ ئەوەی ئەم خولانەوەیە بەرز ببێتەوە بەرەو لوتکە، لەبازنەیەکدا دەخولێتەوە کە بێ ئەوەی لەخولی دووەمدا توانای هیچ جۆرە بەرزبوونەوەیەکی هەبێ ، بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە هیچ شتێك پێشکەش ناکات ، بۆیە من رام وایە کە گوتاری هەنووکە لەزۆر وردەکارییەکانیدا ، گوتارێکە توانای رۆشنکردنەوەی ئێستاو وەدەستهێنانی نییە ، لێرەشەوەیە کە کێشەکە وەکو خۆی دەمێنیتەوە ، لەسەریشمان پێویستە کە شیبکەینەوە بۆچی؟

بۆچی گوتاری ئێستا یاخود گوتارێکی زۆر ئایندە خوازە ، یاخود زۆر رابردوو خوازەو، هۆی چییە کە خۆی لەئێستا لادەدا ؟

چونکە ئەو هێزانەی ژیانی سیاسیو ئابوری کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵ دەکەن ، نایانەوێ ئەو ئێستایە رۆشن بێ‌و کەس لێی تێبگا، بۆیە ئەم ئێستایە





بەکۆمەڵێك رێوشوێن کوێر دەکات ، یەکەمیان راگەیاندنەو دوایشیان قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی زانیاریو راستیەکانە، واتا هیچ تاکێك ناتوانێ ئاماری ورد لەبارەی واقعی عەرەبیو کشتوکاڵو پیشەسازیو بازرگانیو پەروەردەو فێرکردنەوە بزانێ. هەموو ئەمانەش توخمی سەرەکین لەتێگەیشتنی واقیعدا ، ئەگەر هەموو ئەمانەش یاساغ بن ، کەساکارترین توخمێکن بۆ تێگەیشتنی واقیع ، ئەی لێکۆڵەرەوەی سۆسیۆلۆژی یان ئابوری ناس یان رامیاری زانێك چۆن لەتوانایدا دەبێ کە نمونەی واقیعی بەرجەستەو رۆشن بخاتە روو؟ کێشەکە لێرەدایە بۆیە من وای بۆ دەچم کێشەی کرانەوە بەسەر ئایندەدا سەرەتا کێشەی کرانەوەیە بەسەر ئێستادا . ئەگەر عەرەبو هزرمەندی عەرەب ، ناڵێم عەقڵی عەرەبی ، چونکە عەقڵی عەرەبیو غەییرە عەرەبی لەئارادا نییە ، ئەگەر ئەمانە نەیانتوانی لانی کەم لەرووی تیۆرییەوە ئێستا رۆشن بکەنو بەدەستی بهێنن ئەوا هیچ رێگایەك لەبەردەمدا نییە بۆ رۆیشتن بەرەو ئایندەو رێگریەکانیش سەختن ، رژێمێکی سیاسی سەرکوتکار دەیەوێ رێگر بێت لەگەیشتن بەو ئێستایەو، زانیاریەکانت لێ دەشارێتەوە هەموو سەکۆکانت لێ یاساغ دەکات جا چ رۆژنامەو چ تەلەفزیۆنو یان رادیۆ بێتو بەربەست لەنێوان تۆو وەرگردا دادەمەزرێنێ ، تا ئەو رادەیەی ئەوەی گوتارێکی هەبێ کە بەشێك راستی تێدا بێت دەبێتە کەسێکی گۆشەگیرکراو کە تەنیا بۆخۆی راستی دەزانێ ، ئەمەش گوتار ئیفلیج دەکات ئەگەر ئەو گوتارە راستەقینەش بێت کاریگەریو توانستی خۆی بۆ کارکردن لەواقیع لەدەست دەدات .

باییز: زۆر شێوازی دەسەڵات هەن ، کە بەرچاوترینیان دەسەڵاتی سیاسیو پەیڕەوکارییە سەرکوتکاریەکانیەتیو، هەروەها دەسەڵاتی عەقڵی بە کۆو ، دەسەڵاتی ئامۆژگار وەك لەمزگەوتەکاندا دەیبینیت ، بەڵام کاتێك گوتارێك کە

تواناى دەبێ ئەو دوو جۆرەى دوایى دەسەڵات پەیڕەو بکات ، پێتان وانییە کەهێزى ئەوەى دەبێ دژەکەى بخاتە پەراوێزەوە لەتواناشیدا دەبێ کە رووبەڕووى دەسەڵاتى سیاسى ببێتەوە وەکو ئەوەى لەزۆربەى وڵاتانى عەرەبدا بینیمان بۆنمونە میسرو جەزائیرو سودان ..؟

برقاوى: ئسوڵیەت ئاکامى کێشەکەیە ، دەبێ ئاوها بیربکەینەوە. بۆیە چارەسەر ئەو کاتەیە کەبەر لەوەى گوتارى ئسوڵى بچێتە ناو قاوغەوە کە گوتارێکە پشت بەخودا دەبەستێ . گوتارى ئسوڵى گوتارێکە پشت بە رێو رەسمى ئایینى دەبەستێ، واى بۆ دەچێ کەلەخودایەکەوە سەرچاوەى گرتووە ، مرۆڤى کەمو کورت لەتوانایاندا نییە هاوشێوەى بهێنن چونکە ئەو گوتارە لە (کەماله)وە هاتووە و خوداوەندە، خوداى کامڵ بیرۆکەى ئەو پەڕى کامڵ دادەبەزێنێ .

بەڵام ئەم گوتارە بۆ بەرهەم هاتو لەبەرچى ئسوڵیەت گەشەى سەند؟

تێکدانى زەوى دەبێتە هۆى گەشەسەندنى ئاسمان ، هەرچەندە زەوى بەدبەخت بوو خودا هێندە گەشە دەکات ، هەرچەندە زەویش شاد بوو خوداش کەمتر دەستى تێوەردەدا . کاتێك مرۆڤە واقیعیەکان لەنێو دەبەین ، مرۆڤ پەنا دەبنەبەر خەونە ئیلاهیەکانیان، مارکس وتەیەکى بەناوبانگى هەیە دەڵێ ( مەسیح سەرکەوت چونکە سپارتاکۆس دۆڕا ) واتە دۆڕاندنى کۆیلەکان لەشۆڕشدا بووە هۆى سەرکەوتنى رزگارىخودایى ، ئەوان کە رێگاى رزگاربوون لەبەردەمیان داخرا ، بۆ بیرۆکەى رزگاربوونى خودایى گەڕانەوە ، شێخى زانکۆکار هاتە جێگاى سیاسەتمەدار لەمزگەوتدا ئەم مرۆڤە گوێ بۆ گوتارى رزگارى ئیلاهى رادەدێرێ بۆ خۆشى لەرووى رۆشنبیرییەوە بەم شێوەیە دروست کراوە ، لەبەر ئەوەش کە هیوا بڕاو بووە لەوەى کەجیهان بەهێزى مرۆیى بگۆڕێ ، جارێکى تر دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستن بەشتە





خوداییەکان ، بۆیەشە ئەم رەگە ئاینییە واتاى بەو ریشە داوە، ئەو ئێستا بەرگرى لەنمونەیەکى باڵاى خودایى دەکا. کاتێك کەواتاى راستەقینەى ژیان دەدۆڕێنێ ، ئازادىو کەرامەت... هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدا نامێنێ تەنیا گەڕانەوە نەبێت بۆ واتا خوداییەکان ، تەنیا گوتارێکى ساکاریش بەشى ئەوە دەکات کە ئەم ناهۆشیارییە ئاینییە ببێتە هۆشیارییەك کە رووبەڕووى هەموو جیهان ببێتەوە ، ئەمە هۆکارەکەیە ئەمەش ئاکامى کێشەکەیە ، ئەگەر بتەوێ رووبەڕووى کێشەکە ببیتەوە دەبێ رووبەڕووى هۆکارەکانى ببیتەوە ، هەر دەوڵەتێك لە توانایدایە بەهێزى چەك بەسەر هەر بزووتنەوەیەکى ئسوڵیدا سەرکەوێ ، چونکە دەوڵەت لەبزووتنەوە ئسوڵیەکان بەهێز ترە ، ئەمەش سەلماندى کە ئسوڵیەکان لەوە لاوازترن کە مەزەندەمان دەکرد ، بەڵام لەتواناتدا نییە بەسەر هۆشیارى ئسوڵیدا سەرکەوى ئەگەر مەرجەکانى بەرهەمهێنانى نەگۆڕێ ، ئەمەش رێك ئەو کێشەیە کە دەسەڵاتى عەرەبى نایەوێ رووبەڕووى ببێتەوە ، چونکە باشترین کەش بۆ بڵاوبوونەوەى ئسوڵیەت نەبوونى دیموکراسییە، تۆ دەتوانى رۆژنامەیەك هەڵوەشێنیتەوە، یان رۆشنبیرێك زیندانى بکەیتو نەهێڵى لەتەلەفزیۆندا قسە بکات ، بەڵام لەتواناتدا نییە گوتارى هەینى هەڵبوەشێنیتەوە یان دەرگاى مزگەوت بەرووى هەزاران کەسدا دابخەیت ، بەپێچەوانەوە دەسەڵات بەشێوەیەکى پێچەوانەوە رووبەڕووى کێشەکە دەبێتەوە ، وادەزانێ کە بەخواستنەوەى گوتارى ئاینى، یان دووبارەکردنەوەى ئەم گوتارە ئاکام لەتوانایدا دەبێ رووبەڕووى ئسوڵیەکان ببێتەوە ، واتە لەئسوڵیەکان نزیك ببێتەوە تا رووبەڕووى ئسوڵیەکان ببێتەوە .

کێشەکە لەلاوازى گوتارى کراوە یا گوتارى چەپدا نییە ، بەڵکو دۆرانێك هەیە لەناو ئەو گوتارانەدا، چونکە دەسەڵاتەکانى ئێمە بەرهەمى ئاکامى ئەو

گوتارەیە ، ئەو بەکردەوە دۆڕاوە بۆیە ئەم گوتارەش هیچ بەهایەکی نەماوە. بۆیە کێشەکە کێشەیەك نییە بەرووی گوتارێکی دیکەدا ،بەڵکو کێشەی واقیعە بەڕووی واقیعدا، لێرەوەیە باشترین شێوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئسوڵیەت بەرگری کردنە لەواقیع .

د. سەلامە: بێ گومان، ئەگەر تاکێك لەتوانیدا بێ کار بکاتە سەر عەقڵی کۆو چاککاری تێدا بکاتو سەرلەنوێ بونیادی بنێتەوە ، بێ گومان کاریگەری گەورەی دەبێ ، پێم وایە ئامۆژگاری مزگەوت کاریگەری خۆی بەسەر جەماوەری ئاینپەروەردا لەدەست داوە چونکە ئەویش کوڕی دەسەڵاتی سیاسیە ، دەسەڵاتی سیاسی تەیاری دەکاتو لۆژیكو گوتەکانی دیاری دەکات . ئەگەر لەزۆربەی ئەوانە پرسیار بکەی کە دەچنە نوێژی هەینی ، ئاخۆ گوتار خوێن چی گوت لەوەڵامدا دەڵێن هیچ ، ئێمە ناچارین بچینە مزگەوت بۆ ئەوەی پاداشتی زۆر گەورە وەرگرینەوە . بۆیە پێم وایە ژمارەیەکی زۆر کەمی گوتاربێژەکان دەسەڵاتێکی راستەقینەی بەسەر ئەو ئاینپەروەرانەدا هەیە کەدەچنە مزگەوت . بەڵام جۆرێکی دیکە کاریگەری ئایینی لەئاردایە ئەویش بازنە ئایینیو رێکخراوەکانە کەهەندێ کەسو زانای ئاینیو ژمارەیەکیش مامۆستای بەناوبانگی گۆڕەپانی شەریعەتو یاسا بەرێوەی دەبەن. ئەوانە کاریگەری بەهێزتریان هەیە ، کاریگەرییان لەسەر نوخبەیە نەك گشتی خەڵك ، بەم جۆرەش ناتوانین بەوانە بڵێن گوتار خوێن ، بەڵکو ئەوانە نوخبەیەکن هەوڵ دەدەن نوخبەیەك بونیاد بنێنو، کاری ئەم جۆرە خەڵکە جۆرێك کاریگەری بەسەر ئەقڵی کۆوە هەیە ، یان بەجۆرێك لەجۆرەکان داڕشتنەوەی ئەقڵی کۆ بەشداری دەکات ، چونکە ئەم ئەقڵی کۆیە تەنیا یەك رەنگی نییە بەڵکو کۆمەڵێکی زۆری رەنگەکانە ، هەموو رەنگەکانی تێدایە. ئەم نوخبە مامۆستایانە رۆڵێکی گەورە لەرەنگکردنی ئەقڵی کۆ





بەرەنگێك لەرەنگەکان دەگێڕن ، هەمان ئەو رەنگەش بۆ خۆی پلە پلەی تێدایەو تەنیا یەك رەنگ نییە ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنانەت لەیەك بازنەشدا هەمەرەنگی هەیە ، ئەم هەمە رەنگیەش لەلایەکەوە عەقڵی کۆ دەوڵەمەند دەکاتو لەلایەکی دیکەشەوە ئەزموونی ئیسلامی دەوڵەمەند دەکات، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری سیاسی واقیعی ئەم نوخبەیە لاواز دەکات، ئەویش بەهۆی ئەم هەمەرەنگیە جیاوازو دژ بەیەکەوە کە دەبێتە هۆی دروست نەبوونی یەك پارچە، بەڵکو کاریگەرییەکە بەسەر مەودای فراواندا بڵاودەبێتەوەو کاریگەریشی کەمتر دەبێتەوە ، بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێن کە لەبارودۆخی سەرکوتکاری سیاسی ئێستادا تەنیا لایەنێك دەمێننەوە کە لەتوانایاندایە گەورەترین ئازادی بەدەست بهێنن ، یاخود کەمترین سەرکوتکارییان لەدژ ئەنجام بدرێ.

محمەد بایز: ( شێوازی وەهمی) یاخود دەقی دابەزیو یەکەم داڕشتن بوو کە قورئان وەك هەر شێوازێکی دیکەی خودایی لەسەری دابەزی ، بەڵام داڕشتنی دووەم کەبە (ئأویل) ناودەبرێ ئەو داڕشتنەیەکەگرنگی بەتێگەیشتن دەدات ، سەرەتا دەق خوداییەو لەرێگای وەحیەوە دابەزیوە پاشتر بۆتە وشەیەکی مرۆییو لەرێگای پێغەمبەرەوە شیکراوتەوە کە بەهەمان چەمکدا دارێژراوەتەوەو هەمان ئەو رەهاییەی تێدایە لەدەقە خوداییەکەدا هەبووە . لەداوی ئەویشەوە تا ئەمرۆ شیکردنەوەو (اجتهادات)ی رەها بۆ دەقەکان دەکرێ، پێتان وایە ئەم دەقە توانای کرانەوەی هەبێ ، یاخود ئەو شیکارییانە لەتوانایدایە کە ببێتە پرۆژەیەك یاخود گوتارێکی سیاسی یا مەدەنی لەجیهانی نوێ دا؟

بەرقاوی: ئەوەی ئێستا دەیخەیتەروو کێشەیەکی ساختەیە، بۆچی ئەم کێشەیە ساختەیە؟ بەداخێکی زۆرەوە هەندێك رۆشنبیری عەرەب وای بۆ

چوون كه دواندنی ئەوەی كه پێ دەڵێن چەپ یاخود ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی لەبەر ئەوە بوو كه كلتوری عەرەبیان پشت گوێ خستبوو ، بۆیه ماركسیەكان دووباره دەستیان بەشیكردنەوەی كلتور كردەوە، جا ئیبن روشد بوو بەماركسیو، ئیبن خەلدون بوو بەلینینی ، ئەوان وای بۆچون كه بەشۆڕشگێڕكردنی كلتور دەبێته هۆی بەشۆڕشگێڕشكردنی واقیع، واته سەرلەنوێ شیكردنەوەی كلتور بەجۆرێك كەلەگەڵ واقیع دا بگونجێ . بیرۆكەیەك لەمێشكیاندا هەبوو ئیدی لەكتێبەكانی كلتوردا بەدوایدا گەڕان ، كێشەی دۆڕاندن لەبەر ئەوەنییه كه ئێمه بۆ كتێبەكانی كلتور نەگەڕاوینەتەوە ، ئەگەر ئەمه هۆكار بوایه كه دەگەڕاینەوە سەر ئەو كتێبانه سەركەوتنمان بەدەست دەهێنا ، ئەمه وەهمه ئێستاش هەندێ رۆشنبیر بەدوایدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی پەیوەندیەك به رەوتی ئاینییەوە بدۆزنەوە ، راستتر ئەوەیه كه رەوتی ئایینی ناچاری كردوون جارێكی دیكه دەست لەشی كردنەوە هەڵگرن .

باشه ئێمه دان بەوەدا دێنین كه دەقی قورئان كراوەیه بۆ جۆرەها خوێندنەوە دەشێ ، ئەو كات جیاوازی نێوان تۆو ئایین پەروەرەكان جیاوازی شی كردنەوەی دەق دەبێ ، كەواته هەموو لەكایەی لاهووتدا دەمێنینەوە ، واتا هزرمەندی چەپی پێشكەوتن خوازو، فەیلەسوف واز لەكایەی خۆی دەهێنێو دەچێته ناو كایەی لاهوتەوە ، ئەو كات جیاوازی نێوان شێخو فەیەلەسوف تەنیا جیاوازی دەبێ ، تۆ شیدەكەیتەوە من شیدەكەمەوەو هەردووكمان بووین بەلاهوتی . ئەمەش ئەوهەڵه گەورەیەیه كه بەشێك لەهزرمەندانی عەرەب تێیكەوتن ، ئەو هزرمەندانه وای بۆ چوون كه شیكردنەوەكانیان جێ دەگرێ لەو بوارەدا جێگایەك بۆ خۆیان پەیدا دەكەن : مەسەلەكه ناكرێ بەم شێوەیه بێ ، لاهوت هەیەو، هزری علمانی دیموكراتیش هەیه ، هەرئەوەندە





دانت بەلاهوتو سەرچاوەو هێڵەكانی هێنا تۆش رێك وەكو ئەوت لێهات ، ئەو تۆی راكێشایه كایەكەی خۆیەوەو فووتی دای ، تۆ لەزۆر شتت بووری ، بەڵام ئەو دەستی لەهیچ شتێك هەڵنەگرت ، ئەو پێت دەڵێ بەڵێ شیكردنەوە هەیەو جیاوازی لەنێوان ئەوەدەكا كەدەبێ شی بكرێتەوەو ئەوەش كەناكرێ دەستی لێ بدرێ ، جیاوازی لەنێوان ئایەته پتەوەكانو لێكچووەكان دەكات، پێی دەڵێ هۆكارەكانی دابەزین ، دەڵێ بەڵێ هۆكارەكانی دابەزینی بەهیچ جۆرێك ئەو هۆكاری دابەزینه واتای ئەوە نییه كه ئەم ئایەته تەنیا بەسەر ئەو رووداوەدا جێ بەجێ دەكرێ كه بۆی دابەزی گرنگی لەواتادایه نەك وته ..، كەواته تۆ دۆڕاوی بەتایبەت كەوەرگر (المتلقی)ی موسڵمان بۆ شێخ دەگەڕێتەوە نەك فەیلەسوف ، بۆیه بەهەموو جۆرێك تۆدۆڕاوی ، مەترسیەكەش لێرەدایه .

بەڵام تۆ لەكایه فەلسەفیەكەی خۆتدا بووی دەبێ لەوێش بمێنیتەوە، ئەگەر لەكایەی لاهوتیشدا مایتەوە هیچ گوتارێك بەرهەم ناهێنرێ كه واتایەكی هەبێ . هەندێك دەڵێن ئەمه شیكردنەوەی فەلسەفییه ، یان شیكردنەوەی نوێی علمانیەكانه بۆ دەق، واتا رەنگه دەق لەدەستی ئسولێیەكان رزگاربكات ، ئەمه وەهمه. تازەگەری ئایین دەبێ لەنێو كایەی ئایینیەوە بێ نەك لەدەرەوەی لێرەشەوەیه كه (محەمەد عەبدو) گرنگی هەیه چونكه موفتی میسره، هەر ئەوەندەی كه محەمەد عەبدو گوتی لەهەموو روویەكەوە مەدەنیيه كاریگەری هەبوو، بۆچی؟

چونكه محەمەد عەبدو لەناو دڵی دەزگای ئاینیەوەیه، ئەمەش واتای ئەوەیه كه ئەو رێفۆرمسازێكی ئاینیه، چونكه رێفۆرمخوازی ئایینی لەدەرەوەی دەزگای ئایینی نابێ .

د.سەلامە: رای من کە لەکتێبی "الاسلام والتفكير الطوباوي" روونم کردۆتەوە ئەوەیە دەق کە لەو ساتەوەی کە لەدەمی پێغەمبەرە دەردەچێ دەبێتە دەقێکی مرۆیی ،دەق ئەوکات پیرۆزە کە لەسنوری پەیوەندی نێوان خوداو پێغەمبەردایە ، هەر ئەوەندە دەقە لەزاری پێغەمبەرەوە هاتە دەر بوو بەگوتراوو بیستراو نووسراو دەبێتە دەقێکی مرۆیی لەدەقێکی بەرزەوە دەگۆڕێتە سەر دەقێکی پیرۆز ، چونکە ئەگەر دەق پیرۆز بوو کەس بۆی نییە جیاوازی لەبارەوە هەبێ، چۆن پیرۆزو خودایی دەبێتو ئێمەش لەبارەی شیکردنەوەی جیاوازیمان دەبێ، بەڵام کاتێك نەخوداو نەپێغەمبەر شیکردنەوەیەکیان لەبارەیەوە بەئێمە نەداوە ، بۆیە دەقە مێژووییو مرۆییەو مافی هەموو کەسێکە کاری تێدا بکەن، مەبەستیشمان لەهەموو کەسێك ئەوانەن کە لەرووی مەعریفیو زانستیو ئەکادیمیو رۆشنبیرییەوە توانای کارکردنیان تێدا هەیە لەم حاڵەتەشدا دەق دەقێکی مێژووییو مرۆییەو هەموو مرۆڤێك ئەگەر لەتوانای خۆی راببینێ کە رەهەندێکی مەدەنی یا سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا ئابوری یا رۆشنبیری لەو دەقەدا هەڵێنجێ مافی خۆیەتی کاری لەسەر بکات ، ئەمە ئەگەر ئەو کەسە ئەو رەهەندانەی بەدی کرد بەڵام ئەگەر کەسەکە وای بینی کە ئەم دەقە تەنیا ئەزموونێکی رووحیەو دەقێکی سیاسی یا ئابوری یا فەلسەفی نییە ، ئەوا ئەم رایەش مافی خۆیەتی کە بەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لەخۆی بکاتو، مافی ئەوانەش نییە کەیەکەمجار شیکردنەوەیان بۆ دەقەکە کردووەو بەپیرۆزی دەزانن‌و وای بۆدەچێ کە ئەو دەقە رەهەندی مەدەنیو رۆشنبیریو ئابوری تێدایە، مافی ئەوەیان نییە رێگە لەلایەنی دووەم بگرن کە رای خۆی بڵێو بەئازادیو بێ سنور گوزارشتی لێبکات ، ئەم جیاوازیەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم دەقە بۆتە دەقێکی مرۆیی، ئەگەر ئەم دەقە شتێك بوایە لەسەرووی مرۆڤایەتیەوە هیچ





جیاوازییەك لەبارەیەوە نەدەبوو، ئەوەش کە مرۆیی بوونی ئەم دەقە دەسەلمێنێ ئەوەیە کەخاوەنی بۆچوونی جیاجیا هەریەکەیان ئایەتو حەدیسی تایبەت بۆ رای خۆی دەهێنێتەوە . ئەم کرانەوەیە بەسەر ئەوەی کە مرۆییە دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکاتو هەڵدانەوەی ئەم دەقە لەمێژوودا ژیانو زیندوویی بۆ دەستەبەر دەکات ، ئەی لەبەرچی دەگەڕێینەوە بۆ دەقێکی پیرۆز کە تەمەنی (١٥٠٠) ساڵە ؟

چونکە ئێستاو هەندێ لەو عەقڵانەی بیر لەئێستا دەکەنەوە لەتواناياندایە خاڵێکی تێدا دەدۆزنەوە کە پشتی پێ ببەستن و لەرابردووەوە بەرەو ئێستا پەلکێشی بکەن ، ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەقێکی مێژووییە، واتا لەزەمەندا دەژیو ئەو هێزەی لەبەردایە کە وای لێدەکات بەنێو زەمەن جیاجیاکاندا راگوزەر بکات لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی تێپەڕێ لەیەك زەمەندا نەمرێ، بەرای من ئەمە خاڵێکە بۆ مرۆیی بوونی دەقەکە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆیە جیاوازی لەبارەی دەقەکەوە شتێکی ئاساییە و پێشم وانییە کەمافی هیچ توێژێك بێت وا بڕوانێتە خۆی کەتیمێکی رزگارکەرە ، یاخود وابڕوانێتە تیمەکانی دیکە دەچنە ئاگرەوە ، ئەم بۆچوونەیە کە بەدرێژایی مێژوویەکی دوورودرێژی ململانێ موسڵمانانی لەناوبردوە. بیرکردنەوە بەو جۆرەی کەتەنیا یەك دەستە لەسەر هەقنو ئەو دوای خەڵکی لەنێو تاریکایینو لەناو ئاگر دەسوتێن ، یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی زۆرداری کە تائێستاش بەدەست بەرهەمەکەیەوە دەناڵێنن.

محەمەد بایز: زمانی دەقی قورئانی (مجازی) شیکردنەوەی جیا جیا هەڵدەگرێ ، لەلایەکی دیکەشەوە شیکردنەوەکان بۆ ئەم دەقە کراوەن لەهەر زەمەنێكوشوێنێکدا بەرهەمەکەی بەستەڵەك کردنی راو ناڵێبوردەیی لەگەڵ ئەوی دیکەدا بووە ، وای نابینێت کە دەبوایە پێچەوانە بێت ، چونکە دەڵێن

زمانەکەی شیکردنەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ ، بۆ دەبوایە بەرهەمی شیکردنەوەکان زۆر کراوە بن ، پێتان وانییە کێشەکە زمانی دەقەکە نییە بەڵکو کێشەکە لەئاستی هۆشیاری ئەو کەسەیە کە لێکی دەداتەوەو ئەو کەسەش وەریدەگرێو گەیاندویەتیە ئەم زۆرداریە ، پێشتان وانییە کە ئەمە هەموو دەقە ئاینیو نا ئاینییەکانیش دەگرێتەوە؟ یان ئاخۆ کرانەوەی کۆمەڵگا پشت بەکرانەوەی زمانی دەقە پیرۆزەکانی یان داخراوەکانی ئەم زمانە دەبەستێ ؟

د.یوسف: دەقە بەهێزەکان ئەو دەقانەن کە لەزەمەنە جیاجیاکاندا دەژی ، دەق زمانە ، ئەگەر ئەم زمانە بەسەر ئایندەدا کراوە بێ لە توانایدا بێ لەئایندەدا هاوبەش بێ کەسێك هەیە کە پێی وابێ ئەم هاوبەشیە ئاساییە با بیڵێ ، بەڵام لەسەری پێویستە کە ئەم رایە بەسەر ئەوی دیکەدا نەسەپێنێو پێویستە رێز لەرای بەرامبەرەکەشی بگرێ هەروەك لەسەر ئەوانی دیکەشەوە کە رێز لەرای ئەو بگرن. سروشتی مەجازییانەی دەقی ئایینی بونیادی سەرەکیەتی ، دەقی پیرۆز دەقێك نییە لەکیمیا ، هەروەك هەندێ لەزانا ئاینیەکان هەوڵ دەدەن شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ دەقی پیرۆز بخەنە روو ، ئەو کتێبێك نییە لەبارەی ماتماتیك یان فیزیا یا گەردون ناسیەوە ، دەقی پیرۆز بەمەجاز دەدوێ بۆخۆشی ئەزمونێکی رۆحییە و لەزانستێکی وردەوە ناکۆڵێتەوە ، زانا ئاینیەکان بەهەڵەدا دەچن کە هەوڵ دەدەن دەقو زانست یەکخەن ، ئەو کاتە دەق هەژارتر دەبێت چونکە لەهەموو ساتێکدا دەکەوێتە دواوە ، لەکاتێکدا کە هێزی دەق ، ئەگەر هێزی هەبێ هێزی مانەوەیەتی لەزەمەندا ، ئەویش بەهۆی ئەو سروشتە مەجازییەوەیە کەهەیەتی و بەهۆی بونیادنانی زمانەکەیەوەیە، لێرەدا بەڕای من واباشترە زانا ئاییەکان وا بڕواننە دەقەکە کە ئەزمونێکی رۆحییە ، واباشترە وا وێنای دەق بکەن کە





کتێبێکە لەبارەی زانستو ماتماتیکەوە ئەو موعجیزانەی لێ هەڵێنجن کە ئەگەر دۆزینەوە زانستیەکان نەبوایە ئاشکرا نەدەبوو .

د.برقاوی: لەهەناوی هەر ئایدیۆلۆژیایەکی شمولیدا گەرایەکی توندڕەو خۆی حەشارداوە ، جا ئەو ئایدیۆلۆژیایەش پشتی بە دەقێکی خودایی ببەستێ یان بەپێچەوانەوە ، شمولیەت واتای چیە؟

واتای ئەوەیە کە ئەو راستی رەهای بەدەست هێناوە ئەوانی دیکە هیچ راستیەکیان لەلا نییە ، ئەمە لەسەر شیوعییەتیشدا جێبەجێ دەبێ ، راست ئەوەیە کە مارکسو ئەنگڵس گوتوویانە، هەموو لێکدانەوەیەك بۆ هەر دەقێك تا دەگاتە دەقی ئاینیش تۆوی ئیستبدادو توندڕەوی تێدایە چ وەك گوتاری بێ یاخود کردار، بەڵام جیاوازی لەوەدایە کە دەقی دونیایی پیرۆز دەکرێ بەتاڵ بکرێتەوە ، رەخنەی لێبگیرێو لەهەندێ مەرجی تایبەتیشدا دەکرێ بەسەریدا تێپەڕیو تووشی دابڕان بکرێ، تەنانەت دەکرێ لای ئەوانەش کە بڕوایان پێیەتی گۆڕانی بەسەردابێ ، بەڵام دەقی پیرۆز کەسەرچاوەیەکی خودایی هەبێ، قابیلی پوچەڵ کردنەوە نییە ، هیچ رەخنەیەکی دەرەکی وەرناگرێ، لێرەشەوەیە کەتوندڕەویەکەی زۆرترەو ئیستبدادەکەشی زیاترە، کێشەکە لەدەقەکەدا نییە ،' ئەوکاتە دەبێتە دەقێکی زۆردار کەتوێژێکی زۆردار هەبن ئەو دەقە بکەنە دەقێکی زۆردار، دەق لەمیانەی خۆیدا نابێتە زۆردار، هەروا ئایدیۆلۆژیای سیاسیش ، بۆیە ئایدیۆلۆژیای سیاسی کاتێك زۆردار دەبێ کە گوزارشت لەدەسەڵاتێکی سیاسی دەکا ، رەنگە دەق دەسەڵاتێکی گشتی هەبێ بەڵام کەدەبێتە دەسەڵاتێکی مرۆیی دەسەڵاتێکی زۆرتر وەردەگرێ ، گواستنەوەی مارکسیەکان لەبیرۆکەو ئایدیۆلۆژی میللی رووتو رۆشنبیرەوە بۆ ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات ، دەسەڵاتێکی زۆر زۆرتری پێ بەخشی وەك لە دەسەڵاتی دەقێك بەتەنها ، دەق دەسەڵاتە ، بەڵام ئەگەر ئەو

دەسەڵاتە نەبووە دەسەڵاتێکی سیاسی رووبەڕووبوونەوەو کاریگەری کەمتری دەبێت، لێرەوەیە کەدەبینین سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئسولی بەواتایەك لەواتاکانی بۆ ئەوەیە کە دەق بکاتە دەقێکی زۆرداری رەها کەنابێ رەخنەی لێبگیرێ ئەگەر نا تۆ وەرگەراوی یا کوژراوی .

هەمیشە بەدوای بەرژەوەندی مرۆڤدا بگەڕێ ، لەئایدیۆلۆژیا بەدوای بۆنەکەیدا بگەڕێ، پرسیار لەئایین مەکە، ئایین رووناکاییەکەی مرۆیی گشتیە لەنێو مرۆڤەکاندا ، بەلام پرسیار بکە کە ئایین چۆن دەبێتە کەرەستەی سەرکوتکردنو گوزارشت کردن لەبەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، هیچ ئایینێك هەیە لەمەسیحیەت رۆحانییەتی زیاتری تێدا بێ ، یاخود هەیە خۆشەویستیو لێبوردەیی زۆرتری لەمەسیحیەت تێدا بێ ؟ مەسیح چیە؟ بەمرۆڤ کردنی خودایە ، واتە خودا بووتە مرۆڤ . ئەم مەسیحیەتە لەسەدەکانی ناوەراستدا بوو بە بیرۆکەیەکی ئیستبدادی چەندین مرۆڤ بەناوی مەسیحیەتەوە سوتێنران، مرۆڤ هەبوون دەقیان کردە بەرژەوەندی ، بیرۆکەی حوکمڕانێتی خودا ، ئەگەر لێیوردببینەوە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ بەناوی خوداوە حوکمڕانێتی بکەین. هەمیشە دەبێ لەساختەکاری لاهوتیدا بەدوای شتێکی زەمینیدا بگەڕێین .

محمەد بایز: لە کتێبی "الاسلام والتفکیر الطوباوی" دەڵێی کە " وەحی دەبێتە میراتێکی ئیسلامیو تێدا هاوشێوەیی لەنێوان ئیسلامو نمونە باڵاکاندا دێتەدی، ئەم هاوشێوەییە کارێکی براوەیەو گەڕانەوەی تێدا نییەو تەنها کافرەکان روودانی بەکردەیی لەمیانی زەمەندا رەتدەکەنەوە .. . ئاخۆ ئەم رەهاییە لەوێناکردنی دەقێکدا گوتارێکی توندڕەوی تیرۆریستی لەبەرامبەر تێڕوانینو ئایینو بیرۆکەکانی دیکەدا بەرهەمناهێنێ ئەمە ئەگەر قسەمان





لەسەر وشەی مرۆیی یا دەقی مرۆییو لەواقعێك نەکرد کەنزیکەی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن؟

یوسف سەلامە: من لێرەدا بونیادی ئیسلام شیدەکەمەوە ، ئەمەش دوای ئەوەی دەق لەوێنەیەکی مرۆییدا دیاری دەکەین، ئەم وێنەیە کە پێدەگوترێ ئیسلام ، ئیسلام چییە ؟ ئەم وەحیە مرۆییە چییە؟ نمونەی باڵایە کەواتای ئەو بەهاو بیرۆکانەن کەوەحی ئیسلامی هەوڵی داوە لەگەڵیدا یەکانگیر بێتو بیانکاتە ناوەڕۆکی خۆی ، لێرەدا ئیسلام تەنیا وەك ئایینو پەرستن نامێنێ، بەڵکو بەڕای من کۆمەڵێك نمونەی باڵا کە بەپلەی یەکەم مۆراڵین ، ئەم بەها مۆراڵیانەش بۆخۆیان ئیسلامو ناوەڕۆکەکەین ، یەکسانی، برایەتیو خۆشەویستی ئەوی دیکە ملکەچی بۆ خوداو چاکەکاریو راستگۆیی، ئەمانە کۆمەڵێك بزوێنەرن کە پاڵ بەرەوشی موسڵمانانەوە دەنێت تا لەواقیعدا هاوجووت بن لەگەڵ نمونە باڵاکاندا، هەموو ئاینێك ئەگەر نەیتوانی کۆمەڵێك نمونەی باڵا بۆ خۆی دابڕێژێ ، ئەوا کاریگەرێتی خۆی لەدەست دەدات . ئیسلام لەرێگای زاناو حەکیمەکانی زمانەوە خۆی داڕشتووە، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان رۆڵیان لەداڕشتنی ئەم نمونە باڵایانە گێڕاوە، تا ئەو کاتەی مرۆڤ پێیان رازی بێت کارایو گاریگەرییان بەسەر مرۆڤەوە دەمینێ ، کاتێکیش گومان دەچێتە دەروونی ئەو مرۆڤەوە کە بڕوای بەم نمونە باڵایانە هەیەو ، دەگاتە باوەڕ کە ئەم نمونانە نمونەی کۆتایی نینو مێژوو لەتوانایدا هەیە کە بەسەریاندا تێپەڕێ ئەو کات ئەم مرۆڤە ناچار دەبێ کە بەهەموو شتێك دا بچێتەوە ، کاتێك دەڵێم ئیسلام بۆتە کۆمەڵێك بەها ، مەبەستم نەئەوەیە کەبۆ وەرگێڕانی ئیسلام بۆ کۆمەڵێك بەهای مۆراڵی سروشتی سەرەکیو هەڵوێستی سەرەکی ئیسلام دیاری دەکات مەبەستیشم ئەوە نییە کە شێوەی کۆتاییەو لەتوانایدا نییە بگۆڕێ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کەلەسنوری ئەو

ژینگە ئیسلامییەدا ئەم شتە روویداوەو ئەم رووداوانەش تا بڕواداران بڕوایان بەراستگۆیی ئەم نمونە باڵایانە هەبێ بەردەوام دەبێ، ئەوانەش کەدەکەونە گومانەوە دەچنە ژێر باری دووبارە پێداچوونەوەوە ، بێگومان مافی هەموو کەسێکیشە بەهەموو شتێکدا بچێتەوە ، لەبەر ئەوەی دواجار هەموو شتێك مرۆییە .

بابیز: ( دکتۆر یوسف دەڵێ) ئەقڵی مرۆڤ لەتوانایدایە کەبەئەقڵ وەحی بناسێ ، بەڵام ئێمە دەزانین کە لێکدانەوەی ئاینی داوای راستگۆیی ئیمامەتی دەق دەکاتو ، ئەقڵو بیرکردنەوەی مرۆیی هەڵدەوەشێنێتەوە ، ئەوەش دەزانین کە ئەقڵ بووە هۆی ئەوەی لەئیسلامدا ئیسلامی سیاسی بکەوێتەوە ، پێتان وانییە کە گیروگازی ئەقڵی مرۆیی لەرێگای دەقە ئاینیەکانەوە بووەو ، عەقڵیمرۆڤ وەکو باوکێك لەئاسماندا دەژی ئەمەش لەکاتێکدایە کە گیروگازەکان پێشترو ئێستاش لەسەر زەوی دان ؟

ئەحمەد برقاوی: ئایین چییەو، لاهوت چییە ؟ ئایین رێو رەسمی بڕواداریو کۆمەڵە سروشتێکی پەیوەست بەم رێورەسمەوەیە، هەندێ ئایین هەن کەوای بۆ دەچن خودا ئەم پەیامەی بۆ جیهان ناردووەو ، هەندێ ئاینی گەورەی دیکە هەن کەوەکو بوزیەکان بڕوایان بەیەکتایی خودا نییە.

لاهوت بەرهەمی دەقەکانە لەگەڵ پشت بەستن بەئەقڵی مرۆیی پەیوەست بەئاینەوە ، واتا گۆڕینی ئایین بۆ ئایدیۆلۆژیاو بۆ سیاسەتو، گۆڕینی ئایین بۆ جیهانبینی . لەچرکەیەك لاهوت دەبێتە کۆنترۆڵکار نەك ئایین، لەنێوان ئایینو ئایدیۆلۆژیای ئایینیدا مەودایەکی گەورە هەیە ، چونکە ئایین لەبنەڕەتدا تاکانەیەو بریتی‌یە لەپەیوەندی مرۆڤ بەخوداوە ، بەڵام کە ئایین دەبێتە ئایدیۆلۆژیا کە چۆتە نێو کایەی لاهوتەوەو بۆتە گوزراشت لەبەرەژوەندی خەڵك لەدەسەڵاتو سامان ، بۆیە پێویستە بزانین کەسەرقاڵ





بوونی ئێستا بەلاهوتەوە گوزراشتە لەگەڕانەوە نەك پێشکەوتن، واتا لەبڕی ئەوەی دەوڵەتێکی علمانیو دیموکراسی بخاتە روو ، ئەوە دەخاتە روو کە ئاخۆ لەتوانای دەوڵەتی ئایین دایە خواستەکانی مرۆڤ بهێنیتە دی ، لەبڕی ئەوەی ئازادی مرۆڤ ، بەواتا رەهاکەی وشەکە بخاتە روو ، ئەوە دەخاتە روو کە پەیوەندی مرۆڤ بەدەقو وەحیەوە دەخاتە روو ، ئەمە وەرگەڕانەوەو شکستهێنانە ، ئەم قۆناغی شکستەیە کە ئەم شێوازە لاهوتیو ئایدیۆلۆژییە ئیسلامیو مەسیحیو جولەکەو تەنانەت بوزیەش بەرهەمدەهێنێ ، ئازارە ئابورییەکانو هەژارییەو کە لەهیندستان توندڕەوی بەکاردەهێنێ ، لەبنەڕەتدا بوزیەت توندڕەوی تێدا نییە، بەڵام ئەو ئەشکەنجە دراوانەی سەر زەوی شمشێری خوداو شمشێری بوزایان هەڵگرتووە ، بۆیە ئێمە لەقۆناغی شکستداین.

یوسف سەلامە: دەڵێم عەقڵی مرۆڤ لەتوانایدایە درك بەوەحی بکات، ئەمەش یەك واتای هەیە ، ئەوەیە کە وەحی پیرۆز ببێتە مرۆییو لەباڵاوە ببێتە مێژوویی، مەبەستم ئەمەیە لەدرك کردنی عەقڵ ، واتای ئەوەش نییە کەکتێبێکی سیاسی یاخود گوتارێکی توندڕەو بەرهەم بهێنێ، بەڵکو واتای ئەوەیە دەق لەپیرۆزیەکەیەوە بەرەو مرۆییەکەی بگوزاێتەوە ، دەق لەگۆشەگیریەکەیەوە بەرەو ژیانێکی کۆمەڵایەتیو، لە نازەمەنیەوە بەرەو زەمەن دەربهێنێ و لە نازەمانیەوە بۆ مێژوو بگەڕێتەوە، مەبەستم ئەمانەیە لەدرککردنی عەقڵ نەك بەرهەم هێنانی گوتارێکی دیاریکراو ، ئێستا کاتێ دەق دەچێتە مێژووەوە کاتێك دەبێتە مرۆیی ئەوکات بێ شومار گوتاری لێ دەکەوێتەوە ، بەڵام ئەگەر دەق سروشتی وەحیو سروشتی خوداییو پیرۆزی پۆلێنکرا ئەو کات بەپێچەوانەوە یەك گوتاری لێ دەکەوێتەوەو، هەریەك لەگوتارەکانیش دەڵێن کە من گوتاری تاکانەی دروستم تەنانەت بۆ ئەوانەش

کەوای دادەنێن دەق سروشتە پیرۆزکەی خۆی پاراستووە ، ژمارەیەکی زۆر گوتار هەن کە لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرنو هەموو گوتاری دژ بەیەکنو، هەر گوتارێکیان ئەوانی دیکە هەڵدەوەشێنێتەوە ، بەڵام ئەو شتە لەسنوری پیرۆزی دەقدا بۆ هەر گوتارێك پاساوی هەیە، چونکە هەر گوتارێك پێیوایە بۆ خۆی لەهەمووان لەپیرۆزییەوە نزیکترو بۆ خۆی هاوشێوەی دەقەکەیە ، ئەمە لەکاتێکدا لەسەرمان پێویستە کە بەعەقڵ درك بە دەق بکەینو لەدەقێکی پیرۆزو نازەمانیەوە بیگۆڕینە سەر دەقێکی مێژوویی‌و مرۆیی، ئەو کات کراوە دەبێ بۆ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو گوتارانەی کە بانگەشەی هیچ شتێك ناکەن تەنیا ئەوەنەبێ کە گوتارنو لەدەرەوەی بونیادی خۆیان زەمانەتی هیچ شتێك ناکەن، واتا راستگۆیی‌و بەڵگەداریی خۆیان بە هیچ توخمێکی دەرەکی نابەستنەوە ، راستگۆیی ئەم لەناو خۆدایە ، لایەنە بەهێزو خاڵە لاوازەکانیشی لەناوخۆدایە نە لەئاسمانەو نە لەهیچ  شوێنێکی دیکەدا نییە، ئا ئەمەیە جیاوازییەکە .

بایز: ئایا بڕواتان بەنوێبوونەوە هەیە لە هزری ئایینی، لەکاتێکدا ئێمە بڕوامان وایە ئەم بۆچوونە خزمەت بەرۆشنبیری دەکا، بەواتای ئەوەی کە ناوەڕۆکێکی رۆشنبیری بە ململانێی‌و جیاوازییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی دەبەخشێ، هەمان کات دەبینین ئەو ململانێیانە تەنیا ململانێی سیاسینو کێشەکە کێشەی دەسەڵاتی سیاسییە ، واتە دەسەڵاتی سیاسی ئەم ململانێیانەی لەبونیادی  راستەقینەی خۆیەوە بۆ بونیادێکی رۆشنبیری گواستۆتەوە ؟

د.ئەحمەد بەرقاوی: من مافی هیچ کەسێك لەبیرکردنەوەدا ناخۆم ، من دژی بیرکردنەوەی ئایینی نیم ، بەڵام دژی ئەوەم کەوام لێبکات وەکو ئەو





بیربکەمەوە  ، من لەگەڵ ئازادی مرۆڤدام بۆ هەڵبژاردنی ئەو بیرۆکەیە کەدەیەوێ ئازادی بۆ منو بۆ تۆشە .

نوێکردنەوەی ئایین دیاردەیەکە لەم ماوەیەدا سەرێ هەڵدا، گرنگ تێپەڕاندنی وێنا ئایینیە کۆنەکانە، رەنگە ئەم کارەشی جێبەجێ کردبێ یا دەیکات ، بەڵام ئەمە هەڵبژاردەی من نییە ، کێشەکە ئەوەیە کەدەبێ مرۆڤ لەهەڵبژاردندا ئازاد بێ ، مرۆڤ بەم شێوەیە یا بەو شێوەیە بیربکاتەوە . بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە ئەکاتە دەسەڵاتێکی سەرکوتکارو ئەوە بسەپێنێ کە منیش وەك ئەو بیربکەمەوە. من لەگۆشە نیگای خۆمەوە  بۆ دونیا "من" بەواتا گشتیەکەی بەپیرۆز دەزانم لەهەڵبژاردنی ئازاددا، دەبێ دیلی دەستی رژێمی باڵا یان نا باڵا نەبی‌و، لەتواناتدا بێ  لەسەر هەموو شتە جدییەکان رێککەوی ، ئەم " من"ە ناکرێ بەم شێوەیە بێت تەنیا لەکایەی گشتی نەبێ من دەتوانم چۆنم بوێی ئاوا بیربکمەوە ، ئەمە حاڵەتێکی تاکە، بەڵام ئەگەر لەحاڵەتی گشتی‌یدا بێت ئەو کات هەموو کەسێك چۆنی بوێت ئەوا بیردەکاتەوە ، ئەمەش لەدەرەوەی هەموو شێوازەکانی سەرکوتکاری . ئەگەر گوتاری ئایینی بیەوێ سەرکوتم بکات ، ئەوا هیچ بەرژەوندییەکم لەگەڵ ئەو گوتارەدا نییە چۆن دەیەوێ ئاوا ئاینی بیردەکاتەوە ، نەتەوەیی بیردەکاتەوە، مارکسی بیردەکاتەوە ئازادە ، بەڵام نابێ گوتارێك بەسەر مندا بسەپێنێ ، ئەگەرنا من دەبم بەکۆیلە ، من کۆمەڵگایەکم دەوێ هەموو بەرێزن ، نەك کۆیلەو بەرێز ، بەرێز بەو واتایەی هەست بەئازادی خۆم بکەم .

یوسف سەلامە: نوێبونەوە یاسای ژیانە ، واتە هەرشتێك کەتازەبوونەوەو پەرەسەندنو گۆڕانو بەردەوامی بەرهەم نەهێنێت، مرۆڤێکە بەوەهمداچووەو ساکارترین راستی نازانێ ، لوتکەی گوتاری ئاینیش ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێ دەبێ و لەدەرەوەی یاسای مرۆڤدا نییە، لەگەڵ

ئەوەشدا کەلەهەندێ خاڵیدا دەیەوێ بڵێ لەسەرووی مرۆڤەوەیە ، بەڵام کراوەیە بۆ کاریگەری مرۆییو، بۆ وتارەکانی فەقیهەکانیش دەگەڕێتەوە هەر لەشافعیەوە تا محمەد عەبدولوەهاب ئەمەش تا بزانین گۆڕانە لەو گوتارەو پێشکەوتنیشە ، شیکردنەوە بۆ ئەمە ئەوەیە کەزەمەن دەگۆڕێو مێژوو دەگۆڕێ ، لەلوتکەی گوتاری ئاینی دا یەکێك لەگوتارەکانی قابیلی نوێبوونەوەو گۆڕانە ، دەکرێ توندڕەو بێو، دەکرێ دیموکراسیش بێ ، دەشکرێ عەقلانی نەبێ هەموو ئەگەرەکان لەئارادان . دەبێ هەمیشە جەخت لەسەر دیموکراسی بوونی گوتار بکەینەوە ، ئەوەندەی گوتاری دیموکراتی بێت ئەوەندە رەها نابێت ، هەموو گوتارێکی نا دیموکراسی گوتارێکە وا دەڕوانێتە خۆی کەرەهایە ، لێرەشەوەیە ئەگەر گوتاری ئایینی لەتوانایدا بوو نوێببێتەوە ماف بەوانی دیکە بداتو گومان لەدروستی خۆی بکات ، ئەو کات نوێبوونەوەی ئەم گوتارە بەرێگایەکی دروستدا دەڕوا ، بەڵام ئەو گوتارەی هەر بڕوای بەخۆی بوو لەراستی خۆی دڵنیا بوو ، دڵنیا بوو کە لەپشتی هەموو شتێکەوەیە هیچ شتێك نییە دەروەستی بێت چونکە ئەو گوتارێکە لەسەرووی هەموو گوتارەکانەوەو، ئەو گوتارێکی پیرۆزە ، ئەو کات دژی نوێبوونەوە دەبێت و لەم حاڵەتەشدا گوتارێکی مرۆیی نابێت ، کاتێك کە گوتاری ئاینی گوتارێکی مرۆیی دەبێ، دەبێتە گوتارێکی دیموکراتیو ئەو کاتیش دەبێ پێی رازیبینو لەخۆی بگرین . کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە گوتاری ئاینی بێت یان بەپێچەوانەوە ، مەسەلەکە ئەوەیە کە گوتاری دیموکراسی بێ یان نا، ئەگەر دیموکراسی بوو ئەوا قابیلی نوێبوونەوەیەو، ئەگەر نا ئەوا بەپێچەوانەوەو، ئەو کات نامرۆیش دەبێ. زۆر لەو گوتارانەی بەخۆیان دەڵێن علمانی ، گوتاری نادیموکراسین واتە دەیانەوێ لەبەرگێکی مرۆییدا توندو تیژیو زۆرداری بسەپێنن، جیاوازی چییە ئەگەر زۆرداری مرۆیی بوو یا





خودایی، ئەگەر ئاکامیش هەر زۆرداری بێ ، گوتارێکی ئایینی دیموکراتی لەگوتارێکی علمانی زۆردار باشترە ، لێرەوە پێم وایە کەدەبێ لەنێو گوتارە ئایینیەکاندا بەدوای گوتاری ئایینی مرۆییدا بگەڕێن، پێیوایە هێشتا ئەو ئامرازەمان لەدەست چووە کەهەندێ لەو گوتارانە بدۆزینەوە کە خاڵیان تێدایە رووناکی بەرەو رێرەوە دروستەکە دەنێرن.

محمەد بایز: پێتان وانییە کەلەبەکارهێنانی وشەی "نوێبوونەوە"دا مەبەستمان دزەکردنی وتاری دژە، هاوکات باشتر وانییە کە قسە لەسەر ستراتیژییەکی رەخنەگرانە بکەینو، لەجیاتی نوێبوونەوە لەهەموو بوارە سیاسییو ئایینیو رۆشنبیرییەکاندا چەمکی "رەخنە" بکەینە چەمکێکی سەرەکی؟

ئەحمەد برقاوی: هەندێ جار بیرۆکەی نوێبوونەوە ئاماژە بەوەدەکات کەتۆ دەتەوێ شتێکی کۆن نوێ بکەیتەوە ، ئەمەش لەژیاندا روودەدات، وەك ئەوەی بڵێی دەمەوێ گوتاری نەتەوەیی نوێ بکەمەوە، یاخود دەمانەوێ گوتاری مارکسی نوێ بکەینەوە.. . چ کاتێك باس لەنوێکردنەوەی گوتار دەکەی ؟ کاتێك کەکێشە هەروەکو خۆی مابێ دەکرێ باسی دابڕان بکەین بۆ گوتاری کۆن .

بایز : یاخود دەکرێ باسی دەروازەیەکی رەخنەیی بکرێ بۆ گوتاری کۆن؟

بەرقاوی: بێگومان لەتوانادایە کە باس لە دەروازەیەکی رەخنەگرانە بکەین بۆ گوتاری کۆنی جیهان، کێشەکە ئەوەیە کە گوتارێك هەیە لەواقیع بەرپرسیارە، نوێکردنەوە یان رەخنەگرتن یا دابڕان کردنی گوتارێك چ وانەیەکی هەیە ؟ مەبەست لەپەیوەندی بە گوتاری کۆنەوە نییە بەڵکو واتای پەیوەندی بەواقیعەوە ،بەجیهانەوە واتا بەشێوەیەکی نوێ لەجیهان بگەین ، تۆ لەو ساتەدا دابڕان لەگەڵ گوتارە کۆنەکەدا دروست دەکەیت ، کێشەکە

کێشەی هزری جیاجیا نییە واقعیش بەسەرتدا دەسەپێنێ کە بەشێوەیەکی نوێ بیربکەینەوە کەدابڕانو رەخنەشی تێدا بێت هەندێك کەس دەڵێن فەلسەفە رەخنەگرتنە لەگوتار، ئەمەش راست نییە وەدەستخستنی جیهان لەرووی تیۆریەوە بەوەی کە جیهان لەرووی تیۆرییەوە بەدەستبهێنی، رەنگە لادانێك بێ لەگوتاری کۆن، بەڵام سەرچاوەکەی گوتارە کۆنەکە نییە بەڵکو جیهانە، لێرەوەیە کەهەندێ کەس ناتوانن بنوسن تەنیا ئەگەر رەخنە لەدەقێك بگرن. ئەم نوسینە هیچ واتایەکی نییە، ئەگەر لەرووی تیۆرییەوە جیهانت وەدەست هێنا ئەوا تۆ رەخنەگری گوتارە کۆنەکەی، تۆ بەتێگەیشتنی نوێ لەجیهانو بە گوتارە نوێکەت ، گوتارە کۆنەکەت رووت کردۆتەوە ، لێرەوە "رەخنە"ش بێ بەها بووە ، رەنگە ببێتە دەست درێژییەك بۆ سەر تۆ ، بەتایبەت کە رۆشنبیری شەمشەمەکوێرە بینوسێ ، ئەو رۆشنبیرە کەتەنها لە تاریکیدا توانای بەپێوە وەستانی هەیە ، بەساکاری کوێرەو لەخۆر واتا لەراستی دەترسێ ، بۆیە جیهان دەبێ تاریك بێ تاوەکو ئەو بتوانێ بفڕێ ، ئەمە ترسناکترین رۆشنبیرە لەناوچەی عەرەبیدا، ئەو رۆشنبیرەی دەسەڵاتە بەهەموو شێوەکانیەوە ، تۆ بەرگری لەئازادی دەکەیتو ئەویش لەزۆرداری ، بەساکاری تۆبەرگری لە "من" دەکەیتو ئەویش لە باوکایەتی پاتریارکی. گرنگ ئەوەیە کە هۆشیاری بەجیهانی ئەویدیکە هەبێ ئەمەش کەگرامشی ناوی لێ ناوە" بیرۆکەیی سەربەخۆیی مێژوویی"، دەبێ هەموو دەسکەوتەکانی عەقڵی مرۆڤو گۆڕینی بۆ شیوازی بیرکردنەوە بەمەبەستی ناسینی جیهان تێبگەی، کێشەکە لەوەدا نییە رەخنە لەگوتارێك بگرن کێشەکە لەوەدایە کە رەخنە لەواقیع بگرێ.

باییز : واتە بەرەخنەگرتن لەچەکی واقیع ئەویش بەچەکی رەخنە واقیع بەدەست بهێنی .





بەرقاوی: بێگومان چەکی رەخنە لەرەخنەی چەکەوە دەست پێدەکات، واتە گەڕان بەدوای شێوازێکی نوێ بیرکردنەوە ، ئەم شێوازە نوێیش لەکوێوە دێ؟ لەواقیعەوە دێ نەك هەرە ئەوەندە شێوازێکی نوێت هەبێو بەسەر جیهاندا بیسەپێنی بەڵکو جیهان ئەم شێوازەی فێرکردووی ، جیهان ئەوەیە کەهەیە ، وەك لەراستیدا رووکەش هەڵمالێو ناوەڕۆك هەڵکەنی، ئەم هەڵکەندنە گرنگە.

یوسف سەلامە: گوتار شتێکەو رەخنە شتێکی دیکە ، هەندێ کەس لەتوانایدایە گوتارێك بخەنە روو کە روئیایەکی واقیعی تیادا بێ، بەڵام خەڵکێکی دیکە هەن وا بەباشتر دەزانن بەرێگایەکی دیکەدا بڕۆنو، رێگای رەخنەگرتن لەگوتارەکانی دیکەو دیارکردنی سنورێكو ئاشکراکردنی دژکارییەکانی دەگرنە بەر ئەم دوو ستراتیژیە رەنگە لەبونیاددا یەك بگرنەوە ئەو کات گوتار لەلایەك رەخنەگرانەو لەلایەکی دیکەوە بونیاد دەبێ، بەواتای ئەوەی کەتۆ ناتوانی واقیع بروخێنی تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە ئەو بێتو تەنانەت بیروخێنی کە ئەم گوتارە بەپیرۆزی چواردەوری دەدەن چ پیرۆزی مرۆیی چ پیرۆزی ئەو سەرکردەیە کە لەزۆر کات دەکا دەگاتە پلەی خوداوەند، هیچ گوتارێکی رەسەن بەبێ رەخنە نییە ، بۆیە یەکەم قۆناغ بۆ بەرچاو بوونی هەر گوتارێك رەخنەگرتنو تێکشکاندنی ئەو بتانەو رێخۆشکردنە بۆ ئەقڵ تاوەکو شتەکان وەکو خۆی ببینێ، ئەم لایەنی رەخنەییە لەگوتاردا کەئەقڵ رووبەڕوو بەرامبەر بەواقیع دادەنێ، بەڵام ئەو رووبەڕبوونە واتای ئەوە نییە کە ئەقڵ راستی رەهای دۆزیبێتەوە ، بەڵام واتای ئەوەیە کە لەگۆشەیەکەوە لەرێگایەکەوە لەساتێکی مرۆیی دیارینەکراودا بەرامبەر ئەو رووداوانە هۆشیاری بۆتەوە .

محمەد بایز : رات چیە بەرامبەر بەو رەوتە کە ئیسلام بۆ ململانێ کردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی بەکاریبهێنێ، یاخود بۆ بەرگریکردن لەعلمانیەت مەرجە عیەتێکی ئیسلامی بەکار دەهێنێ، ئاخۆ ئەمە بەرتەسکردنەوە نییە لە فەزای سیاسیو رۆشنبیری ، لەکاتێکدا ئەقڵو تەفکیری ئەقلانی بنەمای سەرەکی ئەقلانیەتە نەك دەقی ئایینی؟

یوسف سەلامە: کاتێك زەوی بەد بەختو بێچارە دەبێت ئاسمان گەشەدەکات، مارکس وا دەڵێ، بەپێچەوانەشەوە کاتێك زەوی مرۆیی دەبێ مرۆڤ لەتوانایدا دەبێ بە ئازادی گوزارشت لەخۆی بکاتو، لەدارِشتنی شێوەو ناوەڕۆکی دونیا بەژداری بکات ، ئەو کات زەوی گەشەدەکات ، واتە مرۆڤ برِوای بەخۆی دەبێت دەست لەئاسمان هەڵدەگرێ بەڵام لەجیهانێکی وەك جیهانی ئێمە ئەم پەیوەندییە پێچەوانەیە ئاسمان گەشەدەکات چونکە زەوی بەدبەختەو بەهۆی بەدبەختیەکەیەوەو گوتم مرۆڤ ئازاد نییەو بەشداری دارِشتنی شێوەو ناوەڕۆکی جیهان ناکاتو خاوەن برِیار نییە تەنانەت لەشتە کەسیەکانی خۆشیدا. کۆمەڵێکی زۆری نێوبەند لەنێوان مرۆڤو جیهانەکەیدا هەن، ئەم نێوبەندیانە ساختەن زۆربەیان ئایدیۆلۆژین، لەکاتێکدا زۆر بەساکاری مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆڤ لەبەرئەوەی مرۆڤە مافی ئەوەی هەیە سەرداری ئەم جیهانە بێت مافی ئەوەشی هەیە هاوبەش بێ لەدارِشتنی برِیاری سەرەکی لەم جیهانەدا، من گلەیم نییەو لەوانەش تێدەگەمو کە پەنا دەبەنە بەر ئاسمان، مرۆڤ شوێنێك بۆ نیشتەجێبوونو کارێكو داهاتێکی نییە. دەتەوێ چی بێ جیالەوەی هەموو بوونی خۆی بداتە ئاسمان بەڵام گۆرِینی واقیعی دونیا دەتوانێ هۆشیاری لەبارەی ئەم مەرگەساتە درۆییە وەدەست بکاتو رێگە خۆش بکات بۆ گەرِانەوەی هۆشیاری بەرەو زەوی .





## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١- راپسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەرِانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری
٢- جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر
٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی
٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەرِ،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولوتەلیب عەبدوللا.
٥- دەرونزانی، وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦- عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٨- عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە
٩- دە سەڵاتو حەقیقەت ، ئیدریس شێخ شەرەفی
١٠- لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس، قوتابخانەی فرانکفۆرت
ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە
١١- خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، ئاسۆ جەلال